مەسعوود محەمەد

# بۆ گورباشۆڤی مەزن:
# لەگەڵ سڵاو و هیواخوازیدا

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

حەکیم کاکەوەیس

مسعود محمد
إلى العظيم غورباتشوف: تحية ورجاء
بغداد – 1988
رقم الايداع في دار الكتب والوثائق 1253 لسنة 1988

مەسعوود محەمەد
بۆ گورباشۆڤی مەزن: لەگەڵ سڵاو و هیواخوازیدا
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: حەکیم کاکەوەیس
حەساری گەورە، کەرکووک، کوردستان 2013

ئادەمزاد، هەر لە کۆنی کۆنەوە خۆی بە مەحاڵەوە وابەستە کردووە و بۆ شتگەلێ باسکی هیممەتی هەڵماڵیوە کە ڕێی پێگەیشتنی نییە، هۆکاریش بۆ ئەوانە دوانن کە بەرەو بەرفرەوانی و هومێد سەر دەکێشن، یەکەمیان هۆکاری سروشتی شتەکانە کە بە بێ تەکلیف پەیدا دەبێ و تاقیکاری ڕۆژانەی سەردەمەکان ڕێنمایی دەکەن تا لە ئەنجامدا سووربوون لە سەر دەستەمۆکردنی بەربەست بەشی دەستەمۆکردنی دەکا، چونکە داهێنانەکانی، لە بەردتاشین و ئێسکتیژکردنی پێش دەیان هەزار ساڵەوە بگرە، تا دەگاتە دابەزینی لە سەر مانگ، هەموو ئاڵقەی پێکەوە گرێدراوی زنجیرەیەک دەستەمۆکردنی زەحمەتەکان و دوورەدەستەکانە.

هۆکاری دووەم لە هەوڵی بەدەستهێنانی دوورەدەستەکاندا، بەوە ئاسانکاری لەگەڵ خۆیدا دەکا، کاتێ دەزانێ بە مەرام ناگا و ناهومێد دەبێ، پەنا دەباتە بەر لێکدانەوە و خەیاڵ و زندەخەون... چەندین شاعیر و هونەرکارمان بینی تەنگەبەری سازگاریان بڕی و جێی پێیان تیایدا نەرم بووە و بەرەو ئاواتگەلێ چوونە، پێش زانستکاران و پیشەوەران کەوتوونەتەوە و بە شیعر و هونەر و خەیاڵ دونیایەک بیر و ڕەنگ و ڕووناکییان پێکهێناوە و بەهەشتی دادپەروەری و حەق و جوانییان پێکەوە ناوە کە هەموویان هەتا ئێستا تارمایی خەیاڵن و تەکنیکی زانست و هەوڵی دڵسۆزان بە زەحمەتی زۆرەوە کاریان تێدا دەکەن و بە سەر ڕایەخی باڵداری ئامانجی بەر چاویانەوە، باوەشیان بە کۆڵکەزێرینەی ئاسماندا کردووە و پێش ئەوەی زانست ڕاکێشانی ئەستێران دەستەمۆ بکا بە سەدان ساڵ، ئەوان بە نێوان ئەستێرەکاندا سووڕانەوە. من کە ئێستا لە کونجە نادیارەکەمەوە کە بە هۆی شاراوەییەوە چاو نایبینێ و بە هۆی وردییەوە ئەوانەی وردەکاران بە سەریدا تێدەپەڕن و بە هۆی بێکاریگەرییەوە پێوەری ئەلکترۆنی دەیبوێرێ، ئەم دەردەدڵەت ئاڕاستە دەکەم، «ڕایەخی باڵدار»م لە شاعیران و ئەهلی هونەر خواستۆتەوە تا بە خەیاڵ، ئەو مەودا فەلەکییەی لە یەکترمان دادەبڕێ کورت بکەمەوە کە تۆ لە لووتکەی لووتکەکانی ئەوپەڕی بەهێزیدایت و منیش دەردەدڵی خۆمم دایە کاغەزێک و چۆن زانا ئاسمانگەڕەکان زانیاری زەوی بۆ ئەگەر و نەگەر دەخەنە ناو کەپسوولێک و بەرەو بۆشایی ئاسمانی دەنێرن، ئەویش شەرمی دێ خۆی بخاتە هەڵدێری پێش چاوتانەوە.

دڵێکی وەک دڵی منیش کە زۆرینەی تەمەن بۆ شتی بچووک و پەراوێز لێیداوە، ئەمڕۆ دێت و بە دەربڕینی ئەم دەردەڵە خۆ دەنوێنێ و بە ختوورەی ترسناک و بیرۆکەی بەرزی بە قەدەر بەرانبەرەکەی، کە دەیدوێنێ، لێدەدات و پێم وا نییە خەیاڵبازان، مەگەر وەک من هەستی خۆنواندنیان هەبێ و لە خەوندا ئامێزیان بە مەلەکووتی ئەزەلدا کردبێ و چپە لەگەڵ ئەبەددا بکەن و وەک من شوێنی بێ بێقورسایی و بێکاریگەری و سەپاوی خۆیان جێهێشتبێ و بە بازنەی خەیاڵئامێزی خۆیاندا هەڵگەڕابن و لە پێستی سنوورداری خۆیان دەرچووبن و ڕوویان لە دەشتێکی بێ سەرەتا و بێ کۆتایی کردبێ و بژێویشیان بەلاغە و بەیان بێ، دەی ئەو خۆراکە ڕۆحییە لە گیانی ئەوان و منیش خۆش بێ کە هەست و ڕۆح بەرز ڕادەگرێ و دەیگەیەنێتە ئاستی ڕەزامەندی لە ئەنجامدانی ئەرک و فڕینی خەیاڵبازان یا داوای مەحاڵکردنم لە قسەکردن لەگەڵتدا شتێ نییە جگە لە داواکارییەکی خاوێنی ناخ بۆ داگیرساندنی مۆمێک و زیادکردنی تروسکاییەک کە ڕەنگبێ بۆ ڕووناککردنەوەی ڕووبەرێکی بچووکی جیهانی مرۆڤ یارمەتیدەر بێ، بەڵگەنەویستیشە ئەوەی لە خوارەوەی تەلارێکدا دادەنیشێ وردەکارییەکان لەو کەسە باشتر دەبینێ کە لە سەرەوەی تەلارەکە دادەنیشێ. ڕێ بە خۆم دەدەم بڵێم کە زەرەرێکی ترسناک یا گوناهێکی گەورە لەوەدا نییە کەسێکی وەک من بکرێتە چەندین کەرتی لێکچوو یا لێکنەچووەوە و ببن بە چپەی ویژدانی دەم هەر چوار بایەکەی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژاوا و باشوور و ڕاسترین پەیام و دڵسۆزانەترین نامەی ناخی بگەیەنێ کە ویژدانی ڕووناک کردۆتەوە و لە هۆشیەوە سەری هەڵداوە و دوورە لە هەموو گەردێک کە ڕەنگە لە مەیل و ئارەزوو بنیشێ.

هیچ کەرەسەیەک لە دنیادا نییە وەک ڕاستگۆیی لە قساندا و خاوێنی لە ناخدا و سەلامەتی لە نیەتدا مرۆی لاواز عاشقی بێ ئەگەر نەختێ هۆشی هەبێ چونکە کەسی لاواز کەمترین دەستکەوتی لە پێچوپەنای ڕەفتار و قساندا هەیە و جگە لەوەی لە خەیاڵی خۆیدا بە دووی دادپەروەری و ئینساف بکەوێ و ئەوەش خەسڵەتێکی تێکەڵ و بەربڵاوی کۆمەڵایەتییە و لە ڕاستگۆیی و بێزەرەری و خاوێنییە و کە تەرازووی هێزی سروشت و شەڕی کۆمەڵگە لەنگ دەبێ و بارودۆخ تێکدەدەن لاوازەکان یەکەم قوربانی سزاکەیان و دواهەمین دەربازبووی قورساییەکەیان دەبن.

بەرزکردنەوەی ئاواتی تاکەکەسێکی یەکێ لە گەلە لاوازەکان بەرەو سەری سەرەوەی شانی یەکێ لە دوو زەبەلاحکەکان، کە هەموو زەبەلاحەکانی سەردەمەکانیان تێپەڕاندووە، خۆی لە خۆیدا شایەدە بۆ بێزەرەری هیواکەی و چ پێویستی بە بەڵگە و سەپاندن و دەلیل نییە. ئەوپەڕی هیوای کەسێکی بێهیوای تێکشکاو بە خێروبێری خەڵەتاندن لە مەودایەکی بەرتەسکی بە قەدەر ژیانە سنووردارەکەی جێ دەگرێ وەک ئەوەی لە چەند گرامێکی کێشانە و لە ژماردنی هێلکە و شێلمدا فێڵ بکا یا لە جێبەجێکردنی فەرمانێکی سەرەوەی خۆیدا تەمبەڵی بکا و ڕەنگە درۆی سپیی بێزەرەر و بێ سزاش بکا، ئەوانەش خراپەی بچووکن و لەم ڕۆژهەڵاتەی ئێمەدا، هەر لە کۆنەوە بۆتە شێوازی ئاڵوێر و لەگەڵ درێژەدان بە دواکەوتن، ئەوانەش پەرەیان سەند تا گەیشتنە بزاوتنی ئالەتی سەر تەختەی شەترەنج، بەڵام مەترسیی نییە و لەوە بچووکترە زەرەر بە بەرژەوەندی گەورە بگەیەنێ. جگە لەوەش، ئەو فێڵە بچووکانە، تێکشکاوێک لەگەڵ تێکشکاوێکی وەکو خۆیدا ئەنجامی دەدا و زۆر بە دەگمەن بەرانبەر بە بەهێزەکان پەنای بۆ بردووە. خۆ من گوتم ئەو لاوازەی نەختێ هۆشی هەبێ عاشقی خاوێنی و نیەتپاکی دەبێ تا ئەوەندەی بکرێ سەلامەتی و ئاسایش لە سایەیاندا دەستبەر بکا و منیش گومانم نییە کە ئەو تۆزە هۆشەم هەیە و بەڵگەشم ئەوەیە کە لە نووسیندا جیاوازی لە نێوان ناو و کرداردا دەکەم و نەختێ بە ئاسانی قەڵەمەکەم بە پەناوپەسێوی خەیاڵدا هەڵدەسووڕێنم و ئەوەش بەشی ئەوە دەکا داوای ڕاستگۆیی لە بیستن و گوتندا بکەم و لە دەمەتەقێیەکی یەکلایەنەدا کە دڵم بۆ چاکەخوازی نەبێ بە لایدا نەچووە، حەز لە ڕاشکاوی بکەم و ئەو چاکەخوازییەش لە نیەتپاکی و پەیوەندی بێگەردی نێوان خەڵکەوە پەیدا بووە.

جا هاوڕێ گورباشۆڤی دوورەدەستی سەری سەرەوەی هێزێک کە لە بەرچاوی منی بێهێزدا بێسنوور و بێبەربەستە: نەفسم بە جۆرێ لێی ویستم ڕووی قسانت لێ بکەم کە نەمتوانی پێشی لێ بگرم، بۆیە خۆم لە بەندی خۆم ڕەها کرد و لە پێستی لاوازیی خۆم دەرچووم و لە دەرەوەی پێوانەی لاوازی و بەهێزیدا بە حیسابی مرۆڤێکی هاوسانی هەر مرۆڤێکی تر لە واتای مرۆڤایەتی و خێرخوازیدا لەو ڕۆژەوەی مرۆ لە سەر زەوی هەبووە. بازیشم بە سەر ئەو بەربەست مەودا زەبەلاحە ئاسۆیی و ستوونییانەدا داوە کە لە نێوان تۆ و مندا بۆ دیدار هەن جگە لە کۆت و بەندی سەفەر و بەربەستی سنوور و ترسی نزیکبوونەوە لە لانەکەت کە دەوری بە کەرەسەی ئاسایش و سەلامەتیت و ئامێرگەلێکی ڕاگرتن و بەرپەرچدانەوە و هێورکردنەوەی وا تەندراوە کە سەریان لێ دەرناکەم بۆیە خۆم پێچایەوە و بە سواری وشە هاتم و خۆم لە کونوکەلەبەری دائیرەی ڕەسمی بۆ بەدەستهێنانی پاسپۆرت و ئیزنە چوونەدەرەوە و هاتنەژوورەوە و دراوی قورس و سەرهێشەی تری سەفەر لادا، کە هەرە ئاسانیانم بە دەست نەهێناوە و چەکی سەفەریش مەگەر لە خەوندا دیبێتم. ڕازیکردنی ئەم و پاڕانەوە لەو، ئەوجا خەیاڵ دەمباتە بەر دەروازەی «کریملن» ی ساحەی سوور: چۆن لەو دیوارانە بپەڕمەوە و ڕێگا بۆ لای تۆ، یا تەنانەت بەرەو لای داروودەستەکەت و خەڵکی دەوروبەرت، لاوانەش دامێنتر بۆ لای شاگرد و ئاوهێنەر و بەریدهێن و بەڕێزان و مۆدەی تر بە کوێدایە، کە هەموویان ئاگر لە چاویاندا دیارە و تایبەتمەندی پەراوێزی دەسەڵاتی هەموو وڵاتێکن کە شۆڕش تیایدا بەرپا بووبێ و ئەوانەی ئەنجامیان داوە، لە خەڵک و لە بەرژەوەندی

خەڵکی دابڕاوون و لە پشت ڕیزی بەهێزی دەسەڵاتەوە بزر بوونە و چاودێران پەنجەیان لە سەر پەلەپیتکەیە بەرانبەر هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی کە ساکارییەکەی بەرەو عەرشی ڕاخراو و دیواری نەخشێنراوی بیبات و خەڵکی ساکار ئازاری مەرگیان لێ تام کردووە.

من وات دەبینم سروشتت ساکار بێ و ڕەفتارت ئاسان بێ و مەیلت بە لای ساکاریدا بشکێتەوە بەڵام پێداویستییەکانی دەسەڵات و ئاڵۆزییەکانی سستەمی شۆڕشگێڕی دیدارت لە ئاواتی خەڵکی سادە دەردێنن، مەگەر بە ڕێکەوت و بە ویستی خۆت دیدارت لەگەڵ هاوڕێ فلان و مستەر فیسار و میسیۆ فلانی تردا ببێ و قەت هەڵناکەوێ ئەوە لەگەڵ خاڵۆ پیرۆت و کاکە هاواری ڕەشوڕووتی کوردا ڕوو بدا بۆیە من لە بری ئەوان خۆم هەڵبژارد لە خەیاڵدا دیدارێکم لەگەڵتدا ببێ و لە سەر پانتایی کاغەز بتدوێنم و کاغەزیش خاوێنترین ناوچەیە کە گەرمایی باوەڕ و خاوێنی مەبەست لە بەرژەوەندیدا یەک بگرنەوە. لە شیعریشدا گوتوویانە: خەڵکی لە ئەویندariدا بۆچوونی جیایان هەیە... بۆچوونی منیش لە ئەوینداری لەگەڵ حەقیقەتدا ئەوەیە لە سەر ئەو وێنانەی خۆی دابەش بکرێ کە کۆتاییان نییە و هەموو حەقیقەتێکیش دەزگیرانی منە. ڕەنگە هەڵە لە لێکدانەوەی مندا ببێ بەڵام چاکەی ئەو ڕاستگۆییەم هەر بۆ دەمێنێتەوە کە لەگەڵ خۆم و لەگەڵ خەڵکی تردا هەمە و تێکەڵەی عەشقی حەقیقەت و گەڕان بە دوای ڕاستگۆییدا دەبێتە هەوێنی ئەو مەرهەمەی لە سووربوون لە سەر هەڵە دەمپارێزێ چونکە هیچ باوەڕێکم نییە، چەند پیرۆزیش بێ بگاتە ئاستی پیرۆزی حەقیقەت.

وەک دەزانن مەودای هەڵەکردن لە بوارێکی بەردەوام گۆڕاوی وەک سیاسەت و ئابووریدا زۆر لەوە فرەوانترە کە لە کاری موختەبەری یا بابەتی بەڵگەداری جێگیردا هەیە و گەورەترین و دیارترین هەڵە ئەوەیە مرۆ شتێ بکاتە بیروباوەڕی کۆتایی کە ڕێی گۆڕانکاری تێدا هەبێ و باوەڕی سیاسی و ئابووریش ئەگەر بوون بە ئایدۆلۆژیا جۆرە شێتییەکە و دوور نییە قالببەستنەکەی ببێتە تابووت. لێرەوە مەترسی پێداهەڵدانی ئەو هەڵانەی لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسەدا سەریان هەڵدا لەمەوەیە و یەکێ لەو هەڵانە دانانی ناپۆلیۆن پۆناپارت بوو بە خوا لە بری پاشا. ڕەنگە لایەنی باشەی ئەو شۆڕشە ئەوە بووبێ کە خۆی خۆی خوارد و ئەو عەقڵانەی لە هەرای ئایدۆلۆژیا دەرباز بوون و بە پێی بەرژەوەندی و واقیع مەکینەی شارستانەتی و ژیانیان ئاژاوت بەڵام شتە لاوەکییەکانی بە لای چەپەکانەوە تا ئەم سەردەمە بە پیرۆزی مانەوە و دەشمێننەوە..!

ئەگەر خراپترین ناهەقی ئەو ناهەقییە بێ کە مرۆ ئازار دەدا، باشترین حەقیقەت ئەوەیە کە دەبێتە خزمەکاری مرۆ چونکە مرۆ لە پێوانەی خێر و شەڕدا لە هەموو زندەوەرێک شایستەتری حیساب بۆکردنە چونکە چاکە خۆی داهێنانێکی ڕەهای مرۆییە و لە کاتی چاکەخوازیدا پێیەوە وابەستە دەبێ و بەزەیی لێ بەرهەم دێ و هەندێ جار زندەوەری تریش دەگرێتەوە.

ئەو حەقیقەتەش کە دایکی چاکەکانە خۆبەخۆ کەڵکی نییە ئەگەر لە زانست و ڕەفتاری مرۆ دابڕابێ چونکە لە سروشتدا ملیاران و ملیاران حەقیقەتی نەزاندراو هەن کە جێگەیان لە بەرژەوەندییە مرۆییەکاندا نییە، وەک چۆن ئەو حەقیقەتە زاندراوانەی ئەمرۆ، لە ڕابردوودا نەزاندراو بوون و کاریگەرییان لە سەر بەرژەوەندی مرۆ نەبووە.

کاریگەری حەقیقەتەکانیش لەگەڵ گەورەیی ئەو لایەنە مرۆییانەدا گەورەتر دەبێ کە ڕەفتاری پێ دەکەن چونکە زانستەکانی پێشینان و داهاتوو و دانایی سەردەمە ڕابردەکان و داهاتووەکان ئەگەر هەمووشیان لە هۆشی کەسێکی زانای نادیاردا کە کەس گوێی لێ ناگرێ کۆش ببنەوە سوودیان کەمە. دەوروبەری چوار ساڵ لەمەبەر (١٩٨٨/٧/٣٠) ئەمەم نووسی:

*«قسەکردن لە سەر بابەتی گەورە وەک هەر شتێکی پەیوەست بە بەشەرەوە، لە زاری پیاوی گەورەوە بێ کاریگەری زیاتر دەبێ».*

– لاپەڕە ٤٠ی نامیلکەی «بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو».

لەوێدا زیادەڕۆییم لە عەشقێکی حەقدا کردووە کە دەسەڵاتدار لە چاکەکاری بەربەستکردنی شەڕدا هەیبێ و ئەوەش هەر هەمان هۆکارە کە منی شەیدای هەڵوێست و بۆچوونی تۆ کردووە لە ڕاستکردنەوەی چەوتییەکانی ناو دەوڵەتەکەتدا. چاودێریم دەوامی کێشا بۆ ئاشکراکردنی ئەو شاردراوانەی خراپ بە سەر کۆمەڵگەدا شکابۆوە و ئەگەر پلەوپایەت لە سەرکردایەتی حیزب و دەوڵەتدا نەبوایە مەرج نەبوو ئەوە بڵێیت و بکەیت کە گوتت و کردت. ئەگەر وا دابنێین بە ئاشکراکردنی بۆچوونەکانت خۆت بخستایەتە مەترسییەوە بایی زەڕەیەک خێر بە دنیا نەدەگەیشت با خۆشت لەو ڕێیە ڕاستەدا بەکوشت بدابا. ئەوە دەڵێم و دەزانم ئەوەی تۆی گەیاندە سەر ئاڕاستەکاری کەشتییەکە لێهاتووی تایبەتیت بوو بۆ سەرکردایەتی بەڵام ڕاستییە زەبەلاحەکە وەک خۆی دەمێنێ کە بە پلەی یەکەم تواناکانی پلەی سەرکردایەتییە گرەویان لە سەر دەکرێ تا لێهاتوویی لە سەر ئاستی نیشتیمانی و جیهانی بەرهەمی هەبێ و هەر هەمان شتیشە کە توانای وێرانکاری دایە شەڕانییەکی وەک هیتلەر یا ستالینی بەو پێوانە زەبەلاحە وێرانکاری و گەندەڵبوونی ویژدان بڵاو بکەنەوە.

برای سەروەرم… دەتبینم بە پێی هەلومەرجی بەڕێوەبردنی دەوروبەرت هەوڵ دەدەیت بە ئەنجامی دیاریکراوی خۆت بگەیت. لە حەقیقەت لانادەم گەر بڵێم بە دەرکەوتنت وەک مرۆڤێکی پایەدار و چاکەخوازی ئاستی نیشتیمانی و جیهانی، کە نەختێ بە درەنگەوە دەرکەوتی، من لە هەموو کەس دڵخۆشترم و ڕەنگە من لە لستی یەکەمی ئەو کەسانە بم کە خۆشیان دەوێیت و ئاواتی سەرکەوتن بۆ هەوڵەکانت دەخوازن و ڕەنگە کەسێکی تر نەبێ بە قەدەر من ئاواتی جێگیربوون و سەرکەوتنت بە سەر کێشە ترسناکەکاندا بۆ بخوازێ و من لە کونجی ساکاری خۆمەوە، پەنجا ساڵە لە خەمی ئەو کارەساتانەدام کە گوڵی گەنجێتی تێکۆشەرانی لە ڕێبازە ئاڵۆزەکانی ئایدیۆلۆژیا و هەوڵی چارەسەری بنەڕەتی وەهمی کێشەکانی سەردەمدا هاڕی و ئێستاش دەیهاڕێ و بە ئاگری شەڕی لاوەکی هۆشبەر دەسووتێ و لە ململانێی ئایدۆلۆژیدا کە ئەوەندە ناهێنێ مەڕەلاتێکی بۆ بکرێتە سەدەقە، سەرقاڵی یەکلاکردنەوەی ناوخۆییە. ئەو ئایدۆلۆژیا دژ بەیەکانەی دەیان ساڵە لاوەکانمان لە پێناویاندا لە شەڕدان، هەموویان بەرەو ئەو ئەنجامە ماڵوێرانکەرە دەچن کە تۆ دوای حەفتا ساڵ لە دروستبوونی دەوڵەتی سۆڤیەت بۆ بەرەنگاربوونەوەیان هاتیت.

لە ڕاستیدا، تووشبوونی خەباتی چەپایەتی لە سەردەمە تازەکاندا بە بەڵای پیرۆزکردن و خۆبۆتەرخانکردنی شتی بۆشی توندڕەو کە دەوروبەری دوو سەدە لەمەوپێش لە شۆڕشی فەرەنساوە پەیدابوون و پەرەیان سەند و لە ئەنجامدا بوون بە مەشخەڵی چاوخەڵەتێن و ڕێنمایی خەڵکی توندڕەوی بەرەو ملشکان کرد و هەندێکیانیان لە دژی هەندێکی تریاندا هان دا و بە زلکردنی جیاوازییە چینایەتییەکانی خەڵکە ڕەشۆکییەکە هەڵدێری ملشکاندنیان لە نێوانیاندا دروست کرد، خەمی من بۆ ئەو نیو سەدەیەی پێش ئێستا دەگەڕێتەوە کە دیاریم کرد.

بەڵام ئەوەی ئەو نیو سەدەیە لە سەدەکانی پێشتر جیا دەکاتەوە ئاگرە ڕاستەوخۆکەیەتی کە بە بەرکەوتن دەسووتێنێ لە هەستمدا لە ئاگری تری شۆڕشی فەرەنسا و دوای ئەو کە بەرم نەکەوتووە و کوژاوەتەوە، جیای دەکاتەوە و ئەگەر خۆڵەمێشەکەی نەبوایە، ئەوەندەی بەس بوو مارکسییەکی بەرچاو فرەوانی وەک پلیخانۆف لە هەموو خەوشێک بە دووری دەگرێ. خۆشەویستیم بۆ ژیان و نیعمەتەکانی و فرسەتی ئاسایش و پێکەوەژیان کە

لە سروشتی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤن، بۆ چارەسەری کێشەکان و لابردنی بەربەست و بەدەستهێنانی قازانجی سیاسی، مەیلی منیان لە مەیدانی تێکۆشاندا بەرەو دیموکراتی ئاشتیانەی دوور لە خوێنڕێژی و شەڕەقۆچ و تۆمەتگۆڕینەوە و شەڕی یەکلاکەرەوە برد. ئەو مەیلەی من. توندڕەوی لە چارەسەری کێشەکاندا تۆمەتبار کرد و هەر بە سروشت بە لای ئەو کەسانەی جیهاندا دەشکامەوە کە لە سیاسەت و بەرنامەی کاردا بەرەنگاری «ناواقعی» دەبووەوە، ئاشکراشە داوای واقعی و خواستی مومکین لە کەشوهەوای توندڕەوی و حاڵڵێهاتنی سیاسی ئەم جیهانە سێیەمەی ئێمەدا، هەندێ ئازایەتی لە تێکۆشەری واقیعبین گەرەکە تا هەڵبژاردەی ئازادانەی خۆی لە ڕووی گرژبوونی منداڵانەی چەپڕۆ کە لە خۆپەسنیدا گەیشتە ئاستی دەروێشایەتی و خۆپەسەندی، بەکار بێنێ. ئەوەش ئاشکرایە کە بە قەدەر دواکەوتوویی و هەژاریتی کۆمەڵایەتی گەلێکی دیاریکراو، پەتای توندڕەوی و دوورکەوتنەوە لە لۆژیک گەشە دەکەن و ئەوەش لە نیشتیمانی من، لە کوردستاندا ڕووی دا کە لە ئیفلاسی شارستانەتی و ئابووریدا نموونەیە و ئەوەندە بەسە کە بە درێژایی مێژوو سەرافێکی تێدا هەڵنەکەوتووە ئاڵوگۆڕی دراو لەگەڵ خەڵکیدا بکا و ئابووری کورد بە پێوانەی سەردەم مردووە و نەیتوانیوە زادێک پێشکەش بکا بۆرژوا گەشەی پێ بکا.

شۆڕشگێڕی کورد لەم ئاستە نزمەشەوە هیچ دەسکەوتێکی قەبووڵ نەبوو دەستکەوتی شۆڕشگێڕی نەبوایە!! بەهۆی ئاشکرایی نەفامیی تێکۆشەری توندڕەوی بواری چینایەتی کوردەوە کە ڕۆڵی سانکۆپانزای[1] لە ململانێکردنی پەروانەی ئاشی بادا دەبینی (تێکۆشەری کورد دەیویست چینی بۆرژوای کورد ئیعدام بکا کە لە هەناوی مێژوودا مردووە) گەیشتنم بە دۆزینەوەی هەڵە لە خودی ئەو فەلسەفەیەی چەپی کورد دووی کەوتبوو، کارێکی زۆر ئاسان بوو و بە بێ دەمەتەقێ باوەڕم هێنا کە ئەو تێکۆشەرە چەپڕەوەی لە گۆڕەپانی بزووتنەوەی نیشتیمانی یا چینایەتیدا بەرەوڕووی لافاوی پڕوپووچ دەبێتەوە، مرۆڤێکە لە توندڕەوەکە دڵسۆزتر و بەرچاوڕوونترە بۆیە هەر دەبوو بەرانبەر ستالین لایەنگری لە تیتۆ بکەم و بۆ «چینی تازە» بە باڵای «دجیلاس»[2]دا هەڵبدەم و بۆ ئاشکراکردنی هەندێ ڕەفتاری ستالین لە لایەن خرۆشۆفەوە دڵم خۆش بێ.

لە ڕاستیدا، من لە تاوانبارکردنی ستالیندا، نەک داپۆشینی هەڵەکانی، چەند ساڵێک پێش خرۆشۆف کەوتمەوە و سەرانی ڕێکخراوە مارکسی و کۆمۆنستەکانی شارەکەی خۆمم ئاگادار کردەوە کە ستالین تاوانبارە و ڕۆژێ دادێ کۆمۆنیزم خۆی ڕەتی دەکاتەوە چونکە لاملی و چەقبەستوویی لە هەر ئاستێکدا بن گەشەکردن ڕاناگیرێ تا ستالین، لە دوای مردنیشی وەک خودایەکی پەرستراوی کۆمۆنیزم بمێنێتەوە، ئەو دەمە ستالین هێشتا لە لایەن چەپەکانەوە بە شێوەیەکی گێلانەی سەیر دەپەرسترا. ئا لێرەوە لایەنگریم لە هەڵوێستت دەبێتە بەڵگەنەویست و چ ئیسپاتی ناوێ و ئەگەر لە نێوان تۆ و مندا جیاوازی هەڵوێست هەبێ، هۆکارەکەی ئەوەیە من لە سەرکردایەتیدا نیم هەتا هەندێ حیسابی دەوروبەرم هەڵوێستم لە دەربڕینی هەموو ڕاستییەکان دیاری بکەن و

[1] ململانێکردنی پەروانەی ئاشی با، لە ڕۆمانی دۆن کیشۆت وەرگیراوە کە بەرهەمێکی نەمری سەرڤانتێسە، بەڵام ئەوەی شەڕی لەگەڵ پەروانەی ئاشی بادا دەکرد، دۆن کیشۆت بوو نەک سانکۆپانزای هاوڕێی دۆن کیشۆت، کە بە خزمەکاری خۆی دانابوو. وەگێڕ.

[2] میلۆفان دیجیلاس لە سەردەمی جەنگدا جێگر و هاوڕێی تیتۆ بوو. دوای جێگیربوونی وڵات، تیتۆ فەرمانی گرتنی دا و خرایە بەندیخانەوە. بەڵام لە ئاستی جیهاندا هەرایەکی وا بەرپا بوو کە تیتۆ بە ناچاری ئازادی کرد. بەرهەمی دیجیلاس کتێبی «چینی تازە» بوو و ئەو کتێبەش لە کاتی جەنگی ساردا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو. وەرگێڕ.

هەندێکیان ئاشکرا بکەم و هەندێ تاوان داپۆشم و لە هەندێ هەڵە و کەموکوڕیی باوەڕی سیاسی و ئابووری بێدەنگ بم.

تاقیکردنەوەی تاڵم لەگەڵ ئەو زەرەرانەدا هەیە کە توندڕەوی چەپ بە بەرژەوەندی گەلەکەمی گەیاندووە و ئەو هەموو قوربانییە گەورە و بێبەرهەمانەی لە پێناوی ورێنەی چارەسەری ڕیشەییدا لە ماوەی ٤٥ ساڵدا داویەتی، ئەوانەش هۆکاری تایبەتین بۆ ئەوەی ڕایبگەیەنم کە ئەو بنەمایەی بۆ پەرستنی ستالین لە ماوەی سیی ساڵدا دانرا گەندەڵە. ئەگەر بە پێی بۆچوونی سەرجەمی مرۆڤایەتی لستی ئەو تاوانە گەورانەی کە ستالین ئەنجامی داوون خۆبەخۆ بەشی ئەوە بکات سەد ستالینی پێ تاوانبار بکرێ، ئەوا موعامەلە دۆڕاوە بچووکەکەی لەگەڵ «قەوام سەڵتەنە» کە هەردوو کۆماری «مەهاباد» و «ئازربایجان» بەرانبەر بەشێکی نەوتی ناوچەکەیەکی سەر بە مەهابادی کوردی پێ کران بە قوربانی و ئەنجامیش ئیعدامکردنی قازی محەمەد و هاوڕێکانی بوو لە «چوارچرا»، سووتانەکەی زیاتر کرد و بۆنی گۆشتی برژاوی کوردی درێژتر کردەوە لە سەر پشکۆی ئاگردانەکەی ستالین کە لە هەندێ ڕۆژگاری ساردی دۆڕاندندا بەرانبەر سەڵتەنە خۆی لەبەر گەرم دەکردەوە. گەورەیی کارەساتی نەتەوەیی لە لێقەومانی مەهاباددا ئەوە تاکە دڵنەواییەکەی بوو کە ستالین لە موعامەلەکردنی لە سەر کوردستان و ئازربایجان، دۆڕاندی چونکە لەگەڵ ئەو شێوە ناشرینە تێکچووەی ڕێکەوتنە سووکەشدا تێکۆشەری کوردی چەکدار بە بیری چینایەتی و دەروێشی وەهمی ئومەمییەت، لە سەر تاڵانفرۆشی کوردستان، سوور بوون لە سەر پێداهەڵدانی ستالین بەو حیسابەی بۆ پاراستنی ئاشتی جیهانی، لە پێناوی گشتدا قوربانی بە بەشێک داوە. ئەگەر لە ئاینی ئومەمییەتدا خوایەتی ستالین دوای دۆڕاندنی ئەو موعامەلەیە لای کورد سەلما بێ و دیسان بە خوێنی شەهیدانی مەهاباد ڕەنگ کرابێ، ئەی ئەگەر موعامەلە نەوتییەکە سەرکەوتوو بوایە و ببوایەتە بەڵگەی عەبقەریێتی و زیرەکی و گەورەیی زانیاری و سوارچاکی، باوکی گەلان و برای گەورە و هەرە پیرۆزی تێکۆشەرانی پێشکەوتوو، «ستالین»ی بەخشندە و میهرەبان و زانا، لە خوایەتی و یەکایەتی و تاقانەییدا بە کوێ دەگەیشت؟ لەبەر ئەوە، دۆڕاندنەکەی بوو بە تاکە دڵخۆشیمان.

با هاوڕێ گورباشۆڤیش تەواو دڵنیا بێ کە کوردی ئومەمی هەتا ئێستاش سوورە لە سەر ئەوەی کە کارەکەی ستالین لە مەسەلەی کوردستان و ئازربایجاندا ڕاست بووە و باوەڕ ناکا هیچ سیاسەتێکی شەریفانە هەبووبێ جێی ئەو سیاسەتەی ستالین بگرێتەوە و ئەوەندە بەسە بڵێین کە نموونەی «ئەوەی کار نەکا هەڵە ناکا» دەهێنێتەوە، ئەوەش بۆ پشتگوێخستنی پرسیاری ئەوانەی کە دەپرسن ئەگەر سەلامەتی و ئاسایشی دنیا ئەوەندە بەرز و شیرین بوو کە لە ئەنجامدا ئەو ئاواتانە لەو میهرەجانەدا بکرێنە قوربانی کە بۆ دۆستایەتی و ئاشتی بەرپا دەکرا، بیانووی سەرهەڵدانی ئاواتی کورد و ئازەری بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەییان هەر لە سەرەتاوە چی بوو؟ بە هەرحاڵ کوردی ئومەمی دان بەوەدا نانێ هەڵە لە سیاسەتی سۆڤیەتدا ڕوویدابێ و سۆزی بۆ سەردەمی ستالین هەیە و ئاواتەخوازە هەر لاپەڕەیەک هەڵەی ستالین ئاشکرا دەکا داخرێت و ڕەنگە ئەوە خەسڵەتی هەموو ئومەمییەک بێ لە هەموو جیهانی سێیەمدا.

یەکێ لەو هۆکارە زۆرانەیش دواکەوتوویی بێسنووری ئەو وڵاتانەیە و دەیان هەزار کەسی ئەم وڵاتانە سەرکردەی ئومەمی و نووسەر و هونەرمەند و دەرچووی پەیمانگا سۆڤیەتییەکانن و خەڵکی جیهانی سێیەمن، لە سەر خۆشەویستی ستالین گەشەیان کردووە و پێگەیشتوون و ناوبانگیان دەرکردووە و یەکێ لەوانە توندوتیژی ستالین بووە لە دەسەڵاتدارێتیدا کە لەگەڵ سروشتی زۆربەی ئەوانەدا دەگونجێ کە بانگهێشە بۆ چارەسەری بنەڕەتی و ڕەگهەڵکێشان دەکەن و پاشەکشە لە شێوازی تێکۆشان بوو بە پاشەکشە لە ئایدۆلۆژیا کە خۆی لە سەرەتای جێبەجێکردندا گەرمە. لەگەڵ ئەوەشدا پێم خۆشە بە ڕاشکاوی ئەوە بڵێم کە بەڵگەهێنانەوەم لە واقعی خەباتی

کوردەوە هەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانمە چونکە ئەو واقیعە، خۆم تێیدا ژیاوم و لێی ورد بوومەتەوە و بۆ ئەوەم نییە لۆمەی سیاسەتمەدارانی سۆڤیەت بکەم جا لە سەردەمی ستالیندا بێ یا غەیری ئەو چونکە ئەوان وەکیلی کورد نەبوونە تا بە خیانەتی وەکیلایەتی تۆمەتباری بکەم. ئەگەر لە موعامەلەیەکی ناسەرکەوتووشدا کوردی فرۆشتبێ، فرسەتی داوەمەتێ بۆ دڵڕەقییەکەی ڕقم لێی بێ نەک گلەیی لێ بکەم. خۆ ئەو مافەشی پێ داوم منیش ئەو یا بەرژەوەندییەکانی ئەو لە دەرفەتدا بفرۆشم. گلەییکردن لەم حاڵەتەدا شانی ئەو کوردە دەگرێتەوە کە خۆی و گەلەکەی بیرچۆتەوە و ئەو کەسەی خۆش دەوێ کە خراپەی بەرانبەری کردووە.

بە زەرەری نابینیم زانیاریت زیاد بکەم کە سیاسەتی سۆڤیەت بەرانبەر بەرژەوەندی گەلی کورد، لە سیاسەتەکانی تری تەماوی ترە بۆیە کورد ناڕازییە لە سیاسەتی سۆڤیەتی و هەر لە سەرەتای دەسەڵاتیەوە ئاگادار بووین کە شۆڕشی کوردی لە بیستەکاندا تۆمەتبار کرد گوایە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئیستیعماری ئەو سەردەمە دەکا و ویژدانیش لە شۆڕشگێڕانی ئۆکتۆبەری دەویست بەرچاویان فرەوان بێ تا مافی ئەوە بە گەلی کوردی لاوازی بەر هەڕەشەی زۆرداری دەوڵەتێکی بەهێز بدەن بەو چەکەی لە بەر دەستیدا هەبوو بەرگری لە خۆی بکا و ئەگەر وا ڕێکەوت ئەو داواکارییە ڕەوایە لەگەڵ بەرژەوەندی ئیستیعمار یا شەیتان یا میکرۆبی نەخۆشیشدا یەکی گرتەوە، دەبوو بەرانبەر لایەنی بەهێز ناڕەزایی دەربڕێ کە وای لەو گەلە لاوازە کردووە بەرانبەری بوەستێتەوە.

لێرەدا ئیزنم بدە بڵێم هەڵوێستی سۆڤیەت بەرانبەر بە کورد لە بیستەکاندا، خۆی لە خۆیدا پێچوپەنایەکی سەیری تێدا هەبوو، چونکە لە لایەکەوە بەو بیانووەی کە دوژمنانی کورد لەگەڵ ئیستیعماردا لە ململانێدا بوون، لایەنگری ئەو دوژمنانەی دەکرد کە زوڵمەکانیان لەو زوڵمە زیاتر بوو کە ئیستیعمار لە گەلانی دەیکرد و بەوەش مافێکی وەهای لە کورد زەوت دەکرد کە لەو مافە بەهێزتر بوو کە سۆڤیەت بۆ هەڵبژاردنی دۆستانی خۆی هەیبوو چونکە ململانێی کورد لەگەڵ دوژمنانیدا ململانێی مردن و ژیان بوو لە کاتێکدا سۆڤیەت پارێزگاری بەرژەوەندی پەراوێزیان دەکرد بە گوێرەی مافی ژیان کە کورد دەیویست. لینین سواری قەتارێکی قەیسەری ئەڵمانیا بوو بۆ ئەوەی شۆڕشێک ئەنجام بدا کە یەکێ لە ئەنجامەکانی ئەوە بوو مەسرەفی شەڕ لە بەرەی ڕووسیاوە لە سەر شانی سوپای ئەڵمان سووک بێ، ئایە ئەو هاوبەرژەوەندییە بووە ڕێگر بۆ ئەوەی ئەوەی دەیویست ئەنجامی نەدا؟ گەلی عارەبیش ئەو زوڵمە دوورودرێژەی لە سەری بوو، ناچاری کرد توانای خۆی بخاتە سەر سەر توانای ئەو دەوڵەتانەی یەکەم جەنگ بۆ شەڕی ئەوەی زوڵمی لێ کردبوون هێنابوونی، ئەرێ کەس گلەیی لێ کردن؟ من دەزانم شۆڕشەکانی کورد بە هۆی بارودۆخی نارەحەتی دەوروبەریەوە بە خۆکوژی دەچوون بەڵام کە کورد سواری کەشتی مەرگ دەبێ نابێتە بیانوو بۆ ئەوەی دەستخۆشی لە بکوژەکەی بکرێ و پێم وایە ئەوە بەڵگەنەویستە و دەمەتەقێ هەڵناگرێ. ئەوەی لێرەدا باس دەکرێ لە بیرۆکەی گلەییەوە تەواو دوورە ئەوەیە کە مێژووی سیاسەتی سۆڤیەتی لە ناخۆشترین بارودۆخی تێکۆشاندا، هیچ پشتگیرییەکی بۆ ئاواتی کوردەکان تێدا نییە و بەوەش لاپەڕەی پەیوەندی سۆڤیەت و کورد، قەرزی سۆڤیەتی لە سەر کورد تێدا نییە و هەندێ لۆمەمان لە بارودۆخی ناخۆشدا دەمێنێ کە کورد هەندێ نیشتمانیی خۆی لە ناو دەسەڵاتی سۆڤیەتدا دەمێنێ و وامان لە هەندێ دۆستی خۆتان بیستووە کە لەگەڵتاندا ژیاون و سەرنجی بارودۆخیان داوە و هەواڵیش لە سەر ململانێی ناگۆرنۆ - قەرەباغەوە دەگا و دەبێتە مایەی سەرسوڕمان لەو زوڵمەی لە کورد دەکرێ و کەسیش لە نەتەوەکەی نادۆزێتەوە پشتگیری لێ بکا. چاوپۆشی لەو زوڵمەش دەکەین کە بە هۆی ڕەگەز و باوەڕەوە، لە کۆتایی دووەم جەنگدا بە سەر کەمە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتتاندا هات چونکە ئەوانە لە سەر لستی ئەو تاوانە نەبەخشراوانە دەژمێردرێن کە ستالین ئەنجامیدان.

هەر بۆ خۆشی دەمەوێ باسی شتێ بۆ برای بەڕێز و هاوڕێی خۆم بکەم کە کوردی ئومەمی بیانووی بێدەنگی سۆڤیەت لە ئاست کورددا وا دێنێتەوە کە لەوپەڕی نوکتەدایە و دەڵێ: کورد کێیە و مەترسییەکەی چییە و قورسایی سیاسی چەندە تا زلهێزێکی وەک یەکێتی سۆڤیەت پێوەی سەرقاڵ بێ؟ لە کاتێکیشدا ئەوە دەڵێ کە هەڵوێستی لایەنگری خۆی لە ئێوە، لە سەر ئەو بنەمایە دادەنێ بەو حیسابەی سۆڤیەت دۆستی گەلانی لاوازە. منیش لە کونجە تەریکەکەمەوە، دوای ئەوەی دەستبەرداری بەڵگەهێنانەوە دەبم بۆ دۆستایەتیتان لەگەڵ لاوازەکان و دەڵێم ئەگەر کورد بە هۆی لاوازی و سووکییەوە مافی ئەوەی نەبێ داوای لایەنگری مافەکانی خۆی لە بەهێزەکان بکا، بیانووی بەهێزتری دەبێ خۆی سەرقاڵی لایەنگیری بەهێزەکان نەکا چونکە ئەگەر بە هۆی لاوازییەوە نەتوانێ خزمەتکراو بێ، چۆن دەتوانێ ببێ بە «خزمەکار»؟ من ئەوە لە گۆشەی حەقیقەتی ڕەهاوە و لە گۆشەی بەرپەرچدانەوەی کوردی ئومەمییەوە دەڵێم کە پەنجا ساڵە بە بەردەوامی داوا لە گەلەکەی دەکا بە قسەش و بە کرداریش لایەنگری هەڵوێستی سۆڤیەت بێ. ڕەنگە ئەوە ڕوونکردنەوەیەکی هەڵوێستی سەیروسەمەرەی پیادەکردنی تیۆریانی تێدا بێ کە باوەڕ ناکەم لێتان شاردراوە بێ.

برای بەڕێز، ناکرێ کۆی ئەو کاریگەرە بابەتی و خۆییانەتان بۆ باس بکەم کە لە تاقیکردنەوەمدا لەگەڵ ڕووداوە گشتییەکان و پەیوەندی کورد بە ئومەمییەتەوە بە تایبەتی، لەگەڵ چاودێریکردنی بەردەوامم بۆ دوورکەوتنەوەی شۆڕشی بەلشەوی لە بەڵێنەکانی خۆی، کە لە زاری مارکسیزم و جێبەجێکەرانیەوە فوارەیان دەبەست و سەرجەم ئەو هۆکار و کاتانەی هەڵوێستی بەرهەڵستکارانەی منیان پێکهێنا، لە چەند ڕستەیەکی چڕدا داڕێژمەوە تا لێرەیاندا بخوێنیتەوە و ڕەنگە ئەوەی تا ئێرە باس کرا بەشی شارەزابوونی پێشینەی من و ڕووداوەکان و بیرەکان بکا بۆ ئەوەی بەرەو ناو ناخی بابەتە سەرەکییەکە هاناهێنانە و ئەگەر ناچاریش نەبێ ناکرێ تالاوی ئەو پێشینەیەم تێکەڵی شیرینی هەڵوێستی ئێوە بکەم چونکە هەر کەموکورتییەک لە ڕوونکردنەوەی بابەتێکدا کە دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، دەبێتە زەرەر بۆ ئامانجی خودی بابەتەکە. گومانیشم نییە ئەوەی دەیڵێم — لە ڕووی ناچارییەوە — لەوە کەمترە کە بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو لایەنێکی وردی بابەتەکە پێویستە، چونکە هەندێ شت ناکرێ بە ئاشکرا بگوترێ مەگەر بە ئاماژە و هەندێکیش بە هیچ جۆرێ بۆ بڵاوبوونەوە نابێ. ئەوجا درێژەپێدانی بابەت ئەوەندەی کات و وزە دەوێ ڕەنگە کاتێ تەواو بێ کە بابەتەکە بەسەرچووبێ و سوود لە بڵاوکردنەوەیدا نەمێنێ، جگە لەوەی ڕۆژنامەکان حەزیان بە بابەتی درێژ وا نییە لەگەڵ لۆژیکی ڕۆژنامەوانیدا نەگونجێ و ڕوو دەدا قسەی خۆم لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاو دەکەمەوە ئەگەر دەستیش نەکەوێ لە سەر شێوەی نامە بڵاوی دەکەمەوە.

من کە هاواری خۆم بە کەسێکی گەورەی وەک ئێوە دەگەیەنم و پێش بە سواربوونی ئەو عارەبانە شڕە دەگرم، مەترسی گردبوونەوەی جۆرەها خەڵک بە جۆرەها سەرچاوەی بیرکردنەوەوە دەهێنمە سەر خۆم، کە کەمزەرەرترینیان ئەوەیە ناحەزانم بە خۆدەرخستن لێکی بدەنەوە، من ئەوەم تەنها بۆ دەستخۆشی هەوڵەکانت نەکردووە و بۆ ئەوەشم نەبووە ڕای خۆم بخەمە بەردەستتان، بەڵکو لە پێناوی بۆچوونێکی بنەڕەتیدایە کە دەمەوێ لە سەر ئەو کارە دەریبڕم کە تەواو دەکرێ تا کارەکەت لە هەموو لایەکەوە بەردار بێ و ئەو ئەنجامە بەدی بێنێ کە لەبەر چاوت گرتووە. ئەمە دەکەم و دەزانم کە من هەڵوێستم ئەوە نییە هێزی قەناعەت پێهێنانم ئەوەندە بەهێز بێ باوەڕێکی ڕەگداکوتاو بلەرزێنێ.. ئەمە دەکەم و لەوەش بەئاگام کە زەحمەتە قسەم بگاتە بەر گوێتان و ئەگەر بشگا مەرج نییە باوەڕی پێ بێنێ. ئەمە دەکەم چونکە دڵنیام ئەرکە بە سەرمەوە و لە ویژدانمدا جێگیرە و یەکێکە لەو بەڵگەنەویستانەی لە هەڵوێست و بۆچوونتەوە وەک دەنگدانەوە دەگاتە هۆشی ئاگاییم.

جگە لەوەش، من پاڵنەرێکم بۆ دواندنت هەیە ململانێی ناکرێ و لەوە تۆقیوم تێکۆشەرە چەپەکان، کە دەیان ساڵی ئەم سەدەیە مومکینیان ڕەت کردۆتەوە و خۆیان بە مەحاڵەوە هەڵواسیوە، هەوڵیان بە فیڕۆ بچێ و دابڕانیان پەرە بسێنێ و گرنگی پێ نەدەن. ئەی هاوڕێ ئەگەر بتەوێ لە شوێنی سەرکردایەتیکردنتەوە ئەو عارەبانە چەقیوەی ناو قوڕ بجووڵێنیت من نوێنەری نەفەری سندووقی دواوەم و چارم نییە دەبێ بە چاو و برۆ و پەرۆشی و سیما و هەناسە هاوکارت بم.. گەورەم تۆ ئەرکێکی قورست لە ئەستۆ گرتووە و لە چەندین لاوە بەربەست و ناخۆشیت بۆ دروست دەبن چونکە دەتەوێ دارێک ڕاست بکەیتەوە حەفتا ساڵە بە چەوتی هاتووە و ئەو چەوتییەش لایەنگری هەن و شەڕ لە دژی ڕاستکردنەوەی دەکەن و پشت بە بەڵگەی مەیلەو یەکلاییکەرەوە دەبەستن – ئەگەرچی ناڕاستیش بن – بە پێداخشاندنی دوو پەنجە، بە ئاسانی ناسڕێتەوە چونکە حەفتا ساڵە مێژوو لە نیشتمانەکەتدا تێدەپەڕێ و هەموو چەوتییەک پیرۆز دەکا و هەموو ڕاستییەک دەشێوێنێ و تا وای لێ هات تای تەرازووی سیاسەت و ئابووری و ئایدۆلۆژیا بەلای ناهەقیدا قورس بێ و هیچ شتێکی بچووک یا گەورەی ژیانی خەڵکی لەو شێواندنە دەرباز نەبوو.

لە فیلمێکی سۆڤیەتیدا کە چەند مانگێک لەمەبەر لە قەناتێکی بەغداوە بڵاو کرایەوە، شێوەی گەندەڵی و لادانم لە پیادەکردنی سۆسیالیزمدا دیت، ئەگەر بە ڕەزامەندی و پارە و تەکنیکی سۆڤیەت نەبوایە جێی باوەڕکردن نەدەبوو. کۆی گەندەڵی کە بەشێکیمان لەو فیلمەدا دیت ئەوەندە گەورەیە عەقڵ لە سەرکەوتن بە سەر سەرجەمی گەندەڵییەکاندا سەرسام دەبێ کە لە پاشکۆ و بنەماکاندا دیار نین و هەر ئەوەندەیان لێ ئاشکرا کراوە و گەندەڵی لە ناخی سستەمی بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردن و بەرهەم و جێبەجێکردن و دابەشکردندایە.. تا وەک وەرەمێکی لێهاتووە ئەندامێکی گرتبێتەوە تا وای لێ هاتووە خۆی بووە بە ئەندامەکە.. بەربەستدانان لە بەردەم ئەو جۆرە نەخۆشیانەدا خۆی لە خۆیدا ئەوەندە بەرزە وەک موعجیزە (پەرجوو)ی لێ دێ تەنانەت ئەگەر لە گۆڕەپانەکەدا یەک کەسیش بەرهەڵست نەبێ تا ڕێ لە ڕاستکردنەوەکە بگرێ. گەورەم تۆ لە وڵاتی خۆتدا، لە هەموو بوارێکدا دەورت بە بەربەستی مەترسیدار گیراوە و ئەو بەربەستانەش پیرۆزییان لەگەڵدایە چونکە شەرعییەتی خۆیان لە «ئینجیلی شۆڕش» وەرگرتووە و حیساب بۆ قسەی ئەو کەسە ناکرێ کە دەڵێ ئینجیل لەو خراپانە بێبەرییە کە لە بواری جێبەجێکردندا ڕوویان داوە چونکە پەیوەندی سەبەبی و ڕێژەیی لە نێوانیاندا هەر لە سەرەتاوە پچڕاوە ئەمەشیان لەبەر ئەوەی سەرچاوەی شۆڕشگێڕ بۆ شیکردنەوە و جێبەجێکردن بە شێوەی یاسایی داندراون و هەر لە ئینجیلی شۆڕشگێڕییەوە ئەو سستەمانەی لە هەموو ئاستێکدا دامەزراندووە و لە هیچ سەردابێکی ئیستیعماری و کۆنەپەرستییەوە کەس دزەیان بۆ ناکا.

ڕەگی ئەم جێگیربوونە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا قووڵ بوو و ساڵ لە دوای ساڵ لەگەڵ ئاوازی نەبڕاوەدا، کە شەو و ڕۆژ وچانی نەبوو پیرۆزی پێ بەخشرا و لە ماوەی چل ساڵدا جارێ نەبوو ئێزگەی ڕادیۆیەکی ڕووسی بکەیتەوە و بە شان و باڵی دەستکەوتەکاندا هەڵنەڵێ کە دوایی خراپەیان دەرکەوت.

گەورەم تۆ ڕووبەڕووی کارێکی زەبەلاح بوویتەوە و ئەوەی تەماشات دەکا بەشێکی کەمی دەبینێ ئەوەش لە ڕاستیدا واقعی سەقەتی و کەموکورتی و هەڵەیە کە پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە، لە بەرهەمهێنانی پەتاتەوە تا دەگاتە پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا و هیچ شتێکی ژیانی سۆڤیەتی نەماوە جێبەجێ کرابێ، ئەگەر بە شێوەیەکی ناسروشتی و دوور لە خەسڵەتی شتەکان نەبووبێ، هەر دەڵێی ڕێوڕەسمی خواپەرستی و ئەرکی ئایینیی باوەڕێکی سەرسوڕهێنەرە چونکە نیشاندانی سیمای ئایدۆلۆژی و سیاسی لە زەویکێڵان و هەنگداری، لە ماوەی حەفتا ساڵدا یەکەم مەبەست بووە و ئەگەر کشتوکاڵ دوا بکەوێ و کاری بازاڕ کەم بێ، سەمفۆنیای پێداهەڵدانی ئەو

لێهاتووییە لە بەرهەمی سۆڤیەتی بەرز دەبێتەوە، وەک موعجیزەی ئامادەکاری بۆ بەرهەم، لە پلانی ستاخانۆڤ و موسیبەتی قسەی بۆشی وەک ئەوە.

گەورەم تۆ لە زۆربەی کاتدا خۆت لە بارودۆخێکدا دەبینیتەوە، وەک ئەوەی کەسێک بیت چارەسەری ڕۆشنبیریی باڵا بکەیت و لە هەڵەی ئەلفوبێوە دەست پێ بکەیت، چونکە ڕێگای پێشت ناهەموار و ئاڵۆز و دووورودرێژە و ئەو ساڵە دیاریکراوانە بەشی ناکەن کە تۆ لە سەرکردایەتی دەیگوزەرێنی و کەسانێ بە دوای تۆدا دێن کەس نازانێ چی دەکەن.

لەم حەقیقەتە ترسناکەوە، مەودای هەڵبژاردنی ڕێگەچارەی گردبڕ تەنگ دەبێ. لە ڕواڵەتدا، جگە لە دوو ڕێگا بۆ هەڵبژاردنی یەکێکیان شتێکی تر دیار نییە تا لە ماوەی ساڵانی بەرپرسیارەتیتدا بیگریتە بەر: یەکێکیان ئەوەیە هەوڵ بدەیت ئەنجامی ئەو هەڵانە چارەسەر بکەیت کە لە بنەما ئایدۆلۆژی و جێبەجێکردنەکاندا هەن، بەوەش وەک پزیشکێکت لێ دێ کە چارەسەری کاریگەری نەخۆشییەک بکەیت کە بە دەم ڕۆژگارەوە، بە هەزار و یەک شێوە دەردەکەوێ و جیاوازییەکی گەورەش لە نێوان کاریگەری نەخۆشی و هەڵەگەلێکدا کە لە ئەنجامی هەڵەی بنەماکانی حوکمدا هەبن و دەکرێ هەڵەی حوکم لە دەرەوەی بنەما چەوتەکانی خۆیە بێن وەک ئەوەی ستالین بێت و خراپەکاری دەروونی خۆی بخاتە سەر هەڵەکان و ئەمەش وەک ئەوەی لێ دێ پزیشکێک دەرمان بۆ نەخۆشییەک دابنێ کە هی ئەو نەخۆشییە نەبێ و دەردی تری بۆ زیاد بکا. باشترین شێوازی ڕۆیشتن لەگەڵ هەڵەدا ئەوەیە کاتێ جلێک پینە دەکەی، لایەکی پینە دەکەی لە چەند لای ترەوە هەڵدەتەکێ.

ئیتر جگە لە بەرەنگاربوونەوەی هەڵە بنەڕەتییەکان کە هەڵەی جێبەجێکردنیان لێ کەوتۆتەوە چارەیەکی تر نامێنێ و لەوەشەوە حەکایەتێک دەست پێ دەکا کە وەک حەکایەتی سندباد و حەوت زەریاکە درێژە بەڵام بە قەدەر مەبەست کورتی دەکەینەوە و لێی زیاد ناکەین بەڵکو زۆر بابەت و درێژەدان دەپەڕێنین.

پێویستە بگوترێ کە ئەو بارودۆخە سەیرەی شانبەشانی دەوڵەتی سۆڤیەتی، لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونیەوە هات نە ڕێکەوت بوو نە شەیتانکردی ئەم و ئەو بوو نە لادانی دزەکەران بوو نە کاری خوێندنەوەی ئەستێران بوو کە وای کرد خۆراک بۆ ڕووسیا هاوردە بکرێ کە خۆی خاوەنی بەربەرینترین خاکی بەپیتە و بە درێژایی دوو کیشوەر ئاوی هەیە، بەڵکو دەبێ هۆکاری بنەڕەتی جێگیری دوور لە نیەتبەدی هەبووبێ و گەر وا نەبێ دەکرێ هۆکاری هەموو شکستێک بۆ جنۆکەی خراپەکار بگەڕێتەوە و هەموو سەرکەوتنێکی کەنەدا و فەرمۆزە بۆ مەلایەکەت بگەڕێتەوە.

ئەگەر هەڵە لە بنەماکانی سستەمی کۆمەڵایەتی بە هەموو ڕووەکانیەوە نەبوایە، جا لە سستەمی سیاسییەوە بگرە تا دەگاتە سستەمی ئیداری و ئابووری و شتی وردەکاری تری کۆمەڵگا، بە خەیاڵدا نەدەهات ئیرادەی پرۆلیتاریا لە دەوڵەتی پرۆلیتاریادا تووشی ئیفلیجی بێ و ئاستی بەهێزی و لاوازی توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەیەکدا کە بە خۆی دەڵێ بێچین، لێک دوور بکەونەوە کەچی تاکە کەسێک بە ڕەهایی هەموو کیانی سۆڤیەتی لە ماوەی سی ساڵدا و لە سایەی تیۆرییەکدا بە ڕەهایی بەکار بێنێ کە کاریگەری بۆ سەر کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئەو هەڵەیە لە بنەماکاندا نەبوایە، ژیانی نەوەت لەسەدی ئەوانەی لە دامەزراندنی دەوڵەتی سۆڤیەت بەشدار بوون، نەدەکوژایەوە و کوشتنی بەکۆمەڵیش لە هەموو بوارێکدا لەگەڵیدا نەدەبوو و تەماشاکەرانیش بەرانبەر ئەو ڕووداوانە نەدەبوونە ڕانەمەڕی بێهەست کە تەنانەت پرسیاری هۆکاریشیان نەدەکرد کە شۆڕش بۆ پارێزگاری سەری خەڵکی هات بۆچی بوو بە سەرپەڕێن!

برای گەورەم، ئەگەر هەڵە لە بنەماکاندا نەبوایە کە چۆن فەلسەفەی (دیوار) وەک نیشانەیەکی گەورەی پرسیار لە خۆی بەرز نەدەبووەوە، کە بە دەوری خاوەنماڵدا وەک دیواری بەندیخانە سووڕایەوە تا ڕانەکەن. قەولیش بوو لە بەهەشتی ئاسایش و خۆراکدا بژین.

من، برای گەورە، دەزانم دەستنیشانکردنی هەڵەکان چەند مەترسیدارە و بە بیانووهێنانەوە و فێڵ ناکرێ و دەستنیشانکردنی «بەرانی قوربانی»ی جێی باوەڕ لە بری دەستنیشانکردنی سەرچاوەی هەڵە، کە سەرچاوەکەی گۆڕینی بیرۆکەیە بۆ کردار، ئەنجام بدرێ. ئەو گۆڕینە سەرچاوەی ئەو فەلسەفەیەیە کە بە سووربوونی لینین و هاوڕێکانی بەرانبەر بەرهەڵستکارانێک کە پێیان وابوو جارێ زووە بۆ هەر ئەنجامێکی لە دیموکراسی لیبرالی دوورتر بێ، دەوڵەتی لە سەر پێکهات. ئەوەش ڕوونە کە بازدان بە سەر مارکسیزمدا وەک بازدانە بە سەر کتێبی ئاسمانیدا بە لای پیاوی ئاینییەوە چونکە مارکسیزم لای پەیڕەوانی خۆی پێکەوە جێی تەورات و ئینجیل و قورئانی گرتبۆوە و ئێستاش لە لای زۆرینەی چەپی چینایەتی جیهانی سێیەمدا وایە و چەپەکانی تریش سامی لێ دەکەن و چەند بکرێ خۆیان لە هەڵسەنگاندنی و ڕەخنەلێگرتنی دەبوێرن.

ئەگەر بە باوەڕەوە هەستت بەوە کردبێ مارکسیزمی باو بە کەڵکی ئەوە نایێ ببێتە ڕێبازی کار، ڕاگەیاندنی ئەوە بۆ تۆ ئاسان نییە و ئەنجامیشی جێی دڵنیایی نییە چونکە کاردانەوەی نەریتی لە ناوخۆی وڵاتەکەت و دەرەوەیدا، نازاندرێ لە نێو مارکسییەکاندا چەند دەبێ. ئەگەر مارکس لە سەر جێهێشتنی هەموو ئەو باوەڕانەی پێش خۆی کەم یا زۆر سووریش نەبووبێ، بۆ پاراستنی تیۆرییەکەی لە پەرچەکرداری گەورە وردپێو بوو و تیۆرییەکەی بە توندی بە بەرژەوەندی چینی چەوساوەوە گرێ دا و ڕابردوو و داهاتووی تێئاخنی تا وای لێهات دەستلێدانی کفرکردن بوو بە بەرژەوەندی چەوساوەکان و ڕابردوو و داهاتووی گرتەوە و پەیوەندی نێوان ڕاستییە سروشتییەکان و قسەکانی توندوتۆڵ کرد تا هەموو بوونی وەک کتێبە ئاسمانییەکان، کە خوا کەونی لە شەش ڕۆژدا دروست کرد، گرتەوە و مارکسیزم مەودای لێکدانەوەی عەقڵ نەهێشتەوە و دواتریش ناونانی بە سۆسیالیزمی زانستی، پیرۆزپێدانێکی تر بوو کەوتە سەر پیرۆزییەکانی تر و پێشەکیش مۆری جەهالەتی بە بەرهەڵستکارانەوە نا ئەوەش بەو پێیەی بەرانبەر بە شتێکی «زانستی» دەوەستنەوە کە دەمەتەقێ هەڵناگرێ.

ڕیسواکردنی ستالین بە بێ زەرەر تێپەڕی بەڵام هێشتا لینین لە سەرووی ڕەخنەوەیە و وەک پێغەمبەر پارێزراوە و ئەی دەبێ بۆ مارکسیزم چۆن بێ کە لای کۆمۆنستەکان سەرچاوەی هەموو چاکەیەکە.

ڕەنگە ئەو سەرنجانە بەشێ بن لە زۆر بەربەستی ترسناک کە ئازادیت لە ڕەفتارکردندا سنووردار دەکەن بەڵام هیچ لە سەر من ناکەون چونکە من بەو ڕێیەدا دەڕۆم کە خۆم بۆ ڕاستکردنەوەی باری کۆمەڵایەتی (بە واتا فرەوانەکەی) لە دەوڵەتی سۆڤیەتدا ئامادەم کردووە و ئەگەر وا نەبوایە، هەر لە بنەڕەتدا پێویست نەبوو هانات بۆ بێنم.

بە پێی بۆچوونی من، یەکەم شت کە دەبێ پێت بگوترێ ئەوەیە کە مارکسیزم ئەوەندەی سیاسەتە و بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەچێ، فەلسەفە نییە بەڵام بە شێوەیەک خراوەتە ڕوو کە لە حوکمی پەرەسەندنەوە سەرچاوەی گرتووە و لە سەر هەموو بەشەرێک دەسەپێ ئەوەش دامەزراندنی دەوڵەتی پرۆلیتارە کە چینی چەوسێنەری تێدا نابێ و فرسەتتەلەب نامێنێ و ئەوانەی دەسەڵاتیان دەبێ، تەنها خاوەنی وزەی ماسولکەی خۆیانن. ئەم ئامانجە، ئەو چرایەیە کە مارکس لە بەر ڕۆشناییەکەیدا تیۆرییەکەی خۆی داهێناوە و دەبینی لە ڕوویی مێژوویییەوە خۆی بە هێزی ماسولکەوە دەبەستێ و بەوە زنجیرەی سەردەمە مێژوویییەکان لێکدەداتەوە و بە شیوعییەتی سەرەتایی دەستی پێ کردووە و بە سەردەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیدا ڕەت بووە و لە ڕاستیدا و بە پلەی یەکەم «لێکدانەوەی ماسولکەیی» بۆ مێژوو کردووە ئەوجا ماددە وەک دەفرێک دێت و ناوەخنەکەی

کاری ماسولکەیە. بە باوەڕی من، زاڵبوونی ماددە بە سەر تیۆرییەکەیدا غەدرێکی ئاشکرایە کە لە ماسولکە کراوە، جگە لەوەی لە ڕواڵەتدا پەرەسەندنی سەردەمەکان لە ویستی بەشەر دادەبڕێ و هەر دەڵێی پەرەسەندن تەنها ئەرکی ماددەیە لە کاتێکدا ئەرکی پەرەسەندن بە ماسولکە یا بە کار سپێردراوە، کە شتێکی بەشەرییە، پەیوەندییەکەی هەر پێوە دەمێنێ. بەڵام ناولێنانی بە «ماتریالیزم» بە شێوەیەکی ڕێکەوت یا بە مەبەست بوو بۆ ئەوەی توندوتیژیی ئەو ڕاشکاوییە کەم بێتەوە کە ڕۆڵی داهێنانی عەقڵی لە پەرەسەندنی مێژوو پەراوێز خستووە چونکە لێکدانەوەی ئەو پەرەسەندنە بە هێزی ماسولکە و بە بێ توانای داهێنانی مرۆڤ لایەنگری لێکدانەوە باسکراوەکە بۆ ناهۆشەکی مرۆڤ گەورە دەکاتەوە لە کاتێکدا بەستنەوەی پەرەسەندن بە ماددەوە لە ناونیشانی تیۆرییە مێژووییەکەدا خۆی لە باسکردنی ئەو بابەتە لاداوە کە جێی ناڕەزاییە و لە هەمان کاتدا بۆ خەڵکی لە خشتەبراو کاری کردۆتە تەوەری پەرەسەندنی هەموو سەردەمەکان، یەک بە دوای یەکدا هەتا دوا سەردەم کە دەسەڵاتی تێدا دەدرێ بە «ماسولکە» و داهێنانیش بە تەواوەتی پشتگوێ دەخرێ. من لەو باوەڕەدام کە مارکس و ئێنگلسی هاوڕێی بە چاوی کراوەوە «ماتریالیزمی مێژوویی»ان هەڵبژاردووە چونکە بلیمەتییەکی ئاشکرا لە خۆلادان لە ناڕەزایی بەرانبەر «ماسولکەیی مێژوویی» و لە لایەکی تریشەوە مارەکردنی سەردەمەکان بە تەنها لە هێزی ماسولکە لەوە ڕوونترە کە مرۆ پشتگوێی بخا و «ماتریالیزمی مێژوویی» بداتەوە بە ڕێکەوت یا گەورەیی ڕۆڵی ماددە لە لایەن ئەو دووەوە.

مارکس یەکێک بوو لە مرۆڤە هەرە هەڵکەوتووەکان جا چ لە ڕووی زانیارییەوە بووبێ یا لە ڕووی ئیرادەی بەرزیەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی، یا بوێری بەرەوڕووبوونەوەی هەموو باوەڕەکانی پێش خۆی، یا داهێنانی شەرعێک کە بە کۆمەڵ خەڵکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا و زۆریی ژمارەی ئەو لایەنگرانەش خۆی بەس بوو بۆ گۆڕانکاری لە مێژوودا. بۆ ئەوەی سیمای کەسایەتی مارکس تەواو بێ پێویستە بڵێین کە ئەو بە تەکانێکی گەورە مرۆڤی بەرەوڕووبوونەوە بوو و لە زۆربەی قسەکانیدا دەردەکەوێ کە دەستبەرداری باوەڕێک لەو باوەڕانە نەدەبوو کە گرنگی پێ دەدان، ئەگەر جێگرەوەیەکی لە داهێنانی خۆی بۆی دانەنابا و هەر دەتگوت نیگارکێشێکە و هەموو ڕووبەری تابلۆکە بەو ڕەنگانە پڕ دەکاتەوە کە خۆی دەیەوێ. سروشتی ئەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەش وایە کە هاشا لەو ڕاستییە ترسناکانە بکا کە سەرەڕێی لێ دەگرن و هەڵەکردنیشی لەگەڵ ئەو ڕاستییانەدا بە قەدەر ڕاستییەکان گەورە دەبێ. یەکێ لەو ڕووبەڕووبوونەوانە داهێنانی سەردەمە مێژووییەکانە لە سەر بنەمای ماسولکە یا «ماددی» چونکە دەیتوانی لە یەکەم سەردەمدا پوشکانی هۆشی مرۆ پشتگوێ بخا کە نە کۆمەڵگە لە ئارادا بووە نە مێژوو و نە کاری مرۆیی. لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو قسە سەیرە پەیدا بوو کە گۆیا کار خولقێنەری مرۆڤە و ئەگەر ئەوەش ڕاست بێ دەبوو مەیموون و ورچیش هەموو ببن بە مرۆڤ چونکە ئەوانیش بەردەوام لە کارکردندان. لە پەرەسەندنی مێژووییدا (یا بە دەربڕینێکی وردتر، کۆمەڵایەتی چونکە مێژوو کۆمەڵایەتییە) کار نییە عەقڵی لەگەڵدا نەبێ، چونکە کاری غەریزی و خۆبەخۆ و ڕەفتاری وەک ئەوانە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەزۆکە و هەر دەبێ مرۆ هەبێ تا کارێکی دیاریکراو کاری کۆمەڵایەتی بێ و ببێ بە هۆکاری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. ئەمە بەڵگەنەویستە و ئەگەر پێشتر وابەستەیی بە پێچەوانەیەوە نەبووبێ، پێویستی بە دەمەقێ نەبووە. ئەگەر بتوانین بڵێین کار لێی دەوەشێتەوە یەکەمایەتی عەقڵ لە پەرەسەندندا بکوژێ ئیتر بازدان بە سەر بەرهەمی داهێنانی مرۆییدا دەبێتە ئەنجامی ئەوەی هەیە، جا داهێنان نووسین و هونەر و زانست بێ یا دامەزراندنی دەوڵەت و پەیدابوونی باوەڕ و نیشانەکانی ڕێگا بە درێژایی ڕەوتی مێژوو کە ئەوانە لە ڕاستیدا تەواوی سەردەمی شارستانەتین.

ئەم لێکدانەوە ماسولکەییەی مێژوو هەر خۆی بە هێزەوە دەردەکەوێ و دەنگ بەرز دەکاتەوە کە پەرەسەندنی کەرەسەی بەرهەم دەبێتە هۆی پەرەسەندنی پەیوەندییە بەرهەمییەکان چونکە ئەگەر لە لێکدانەوەی

مارکسییانەی مێژوودا ماسولکە پێش عەقڵ بکەوتایە ئیتر بەڵگەنەویست دەبوو کە ئامێر، کە هەمووی ماسولکەیە، لە پێکەوەنانی کۆمەڵگەدا پێش خودی مرۆ بکەوێتەوە.

هاوڕێی گەورەم:

ئەگەر ئامێر لە لێکدانەوەی چاک و خراپی ڕووداوەکاندا جێی مرۆڤ بگرێتەوە دەبێتە کارەساتێک. کارەساتی دووەم ئەوەیە ئەو جێگۆڕکێیە ئەوەندە بە ئاسانی بکرێ، وەک ئەوەی قۆپچەی کراسێک بگۆڕیت بە قۆپچەی تر. کارەساتی سێیەم ئەوەیە چاو لە ئاستی حەقیقەتی ساکار و زەقی وەک ئەوەی مرۆ پێش دەکەوێ ئەوجا ئامێر پێش دەخا خۆی کوێر بکا: خوانەناسەکان لەوەدا ئاسانکارییان کرد کە سروشتیان لە جێی خواوەند دانا بێ ئەوەی تەفسیری جێی باوەڕ بۆ ڕووداوی سەرسوڕهێنەری زندەوەران بکەن کە هەموو زانایانی سەر گۆی زەوی یەک لە ملیۆنیان پێ لێکنادرێتەوە و ئەگەر بتەوێ موعجیزەی تروۆکانێکی چاوێک بژمێریت پێت ناکرێ کەچی سروشتی کەڕولاڵ دێنن و دەیکەنە خولقێنەرێک کە لە سەرجەمی زانستەکان و توانا تەواوەکاندا، لە ئاستی خەیاڵدا بێ و ئەوەش کەمکردنەوەی ژیریمانە بە یاسای بابەتیانە و یاسای سەبەبی و نهێنییەکانی هۆشمانەوە تا لێهاتوویی مرۆڤ لە دوو هێڵی یەکتربڕدا لە ئەشکەوتێکی پێش بیست هەزار ساڵ ببینین و بۆ ئەوە نەچین کە ئەو مرۆڤەی نیگاری ئەو خاچەی کێشاوە، بەرەو ڕێکەوت و هەڵکەوت نەچین بەڵکو بە خۆهەڵنان و شانازیەوە بڵێین ئەو مرۆڤە سەرسوڕهێنە بە پێکهاتە و عەقڵ و غەریزەوە، هەر خۆی پەرەی سەندووە و گەیشتۆتە ئەوەی ئاسمان داگیر بکات و خۆی کوڕی ڕێکەوت و پێداویستی سروشتی نەفام بووە. بە هەر حاڵ سەرنجی پەلە و نەختێ غەفڵەت بۆ ئینکارکردنی ڕەهای غەیب چوون تا لە زۆر سەرهێشە دوور بکەونەوە و لە پێشیانەوە بیرۆکەی دوانەتی و زەحمەتی گونجاندنی نێوان گوتەی کۆنی یەکایەتی پەروەردگار و تازەیی مادده و دروستکردنی شت لە هیچەوە.. لەوانە دەمەتەقێی باوەڕدارانی غەیب لە سەر وردەکارەکانی ئاین و ڕۆژی پەسڵان تا ئەوەی لە ڕێی مەزەبی «بە خواکردنی کەون Pantheism» کە خالق و مەخلووق پێکەوە گرێ دەدا، ئاشتەوایی نێوان پەروەردگار و سروشتیان ڕەت کردەوە. ئەوجا لێکدانەوەی ماسولکەیی دێت و خێرا لە ڕووی گونجانەوە دەبێتە لایەنگری ئیلحاد ئەوەش بە ڕەهاکردنی مادده لە هەموو پەیوەندییەکی نامادی تا ماسولکە و مادده بۆ یەکتر تەرخان بن و ڕۆڵی ماسولکە پێش وزەی هۆش بکەوێتەوە تا لە ئەنجامدا سەردەمی مێژوویی هەواڵەی ماسولکە دەکرێ. ماتریالیزم لە ڕووی فەلسەفەوە بەوە تەنگەتاو نەبوو دان بە ڕۆڵی عەقڵ و داهێنان و پەرەسەندندا بنێ چونکە بوونی عەقڵ ڕەتکردنەوە هەڵناگرێ و پێویستی بە پەیامبەران و سەپاندن نییە وەک بوونی پەروەردگار پێویستی پێیەتی و بۆ پێشخستنی مادده یا ماسولکە بە سەر هۆشدا لە کاریگەری گەشەسەندندا و تەنانەت لە پیازپاککردنیشدا، یەکجار زۆر زەحمەت بوو. بەڵام ماتریالیزم فەلسەفەیەکی ڕەها نەبوو بەڵکو زۆر جۆرە سیاسەتە و بە فەلسەفە هەوێن کراوە بۆیە پێویست بوو ئامێر پێش مرۆ بکەوێ و ماسولکە پێش عەقڵ بکەوێ تا لە ئەنجامدا خاوەن ماسولکە ببێتە فەرمانڕەوای دنیا. لێرەوە دەردەکەوێ لە هەر سستەمێکدا کە ماسولکە دەکاتە شیکەرەوەی مێژوو، کرێکاری نەشارەزا لە پزیشک زیاتر خەڵات بکرێ و بەوەش ئەو سەرسوڕمانە وەلا دەنرێ کە پیشەسازی ماسولکە وەپاش پیشەسازی ماسولکەی تێکەڵ بەهۆش، یا ماسولکەی پشتئەستوور بە هۆش بکەوێتەوە و ئەمەش لە دەوڵەتە کۆمۆنستەکاندا زیاترە لەوەی کە لە سەرمایەدارەکاندا هەیە. ڕێکەوتێکی خۆشیش بوو کە لە لاپەڕە ١١٧ی کتێبی ناوبراوم بە «لە پەرۆشەکانی ژیان» — کە ساڵی ١٩٨٨ چاپ کرا - ئەمەم گوتووە: بەڕاستی بە چاکتر زانینی کرێکاری ئاسایی لە داهێنەران

باشتر لەگەڵ عەقڵ و لۆژیکدا دەگونجێ لەوەی مێژوو و کۆمەڵایەتی بە کەرەسەی بەرهەمهێنانەوە گرێ بدرێ نەک مرۆڤ.

ئەرێ ئەی هاوڕێی گەورەم، لە هەر بوارێکی داهێنانی بەرهەمهێندا لە سایەی فەلسەفە (ڕاستتر: سیاسەت)ێکدا ئەگەر ماسولکە بە هۆکاری دیاردەکان و گەشەسەندنی مێژوویی دابنێ، کاروباری بەشەر چۆن ڕاست دەبێ و چۆن توانای داهێنانی گەشە دەکا؟ ئەوینی ئەو سیاسەتە بۆ کاری ماسولکە گەیشتە ئەوەی کۆمۆنیزمی سەرەتایی بکات بە یەکەم سەردەمی مێژوو لە کاتێکدا زۆر لە گیاندارانی تریش لە پەیداکردنی بژێودا هاوشێوەی بوونە؟ ڕاستە ماسولکە لە وەرزش و شەترەنج و قورسایی هەڵگرتن و هەموو کارێکی سەر بە ماسولکە و گورجوگۆڵی یا گورجوگۆڵی لە پێشدا بێ ماسولکە داهێنان دەکا بەڵام لە هەر کارێکدا کە وردبینی بوێ، ناکرێ پشت بە ماسولکە ببەسترێ. بەڵام مەودای قسەکردن لە سەر هەڵسەنگاندنی کاری ماسولکە و کاری داهێنانە تەسک بووەوە، چونکە مرۆڤ لە کۆمەڵێ هەست و توانست پێکهاتووە کە پێکەوە کار دەکەن و داهێنان لە کەرامەت دانابڕێ و ئەوەش بە ڕێزگرتنی ئیرادەوە وابەستەیە و هەمووشیان بە مەبەست و کەشوهەوای کار و پەیوەندی نێوان بەرپرس و کارکەرانەوە وابەستەن.. دەکرێ بە پارەدانی زۆر بە هەندێ کارمەندی تایبەت کە دەوڵەت پێویستی بە تایبەتمەندییان بێ، پێچەبەدەورە بە لای هەندێکیاندا بکرێ و شتیی تریش کە لەم باسەدا بە درێژی باسیان کراوە.

زەحمەتییە گەورەکە لە پێشخستنی ڕۆڵی ماسولکە و ئامێردایە بە سەر عەقڵ و داهێناندا و واقعی بەڕێوەبردن و تەکنیک و بەرنامەڕێژیش ئەو حکوومەتە دەسەڵاتدارەی کە لە سەر لێکدانەوەی ماسولکەیی داندراوە، ناچار دەکەن پەنا بۆ داهێنەران بەرێ بۆیە بە دەوری خۆی و بە دەوری تیۆرییەکەدا دەخولێتەوە و پەنا بۆ ئەندازیاران و هونەرکاران و زاناکان و تەکنیککاران و ژیرکاران دەبا بۆ ئەوەی مەکینەی دەوڵەت و بەرهەم گواستنەوە و داگیرکردنی ئاسمان و هەموو لایەنێکی سەردەم کە کاری ماسولکە زەفەری پێ نابا هەڵسوڕێنن و وەک بزانم ئەوەیان بە سوغرە پێ دەکا و ڕۆڵی ئەو کەسانەش بە تەواوەتی پەردەپۆش دەکا و سەرجەمی مەسەلەکە بە شێوەیەکی داهێنەرانەی هەمەجۆر جێبەجێ دەکا بۆ ئەوەی نەگونجانی ئاشکرا لە نێوان بۆچوونی کار کە هەموو مێژووە و پەنابردنی ناچاری بۆ خەڵکانێکی دەرەوەی کاری ماسولکە بزر بێ. ئەوەش ئەگەر عەشقی تیۆرییەکە بۆ داهێنانی خۆی کە پێشتر نەزاندراو بووە نەبوایە پێویست نەدەما کەس پەنای بۆ بەرێت ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شەرعی لێهاتوویی مارکس کە سروشت و مرۆڤی پێکەوە گرێدا و خستیانیە ژێر باری «دیالەکتیک»ەوە کە بابەتەکانی بەرەو یەک کۆتایی دەبا. ئاشکراشە ئەگەر پێشکەوتنی مرۆ بە کارەوە وابەستە بکرێ نەک لێهاتوویی هاوئاوازی نێوان سروشت و مرۆڤ زیاتر جێی باوەڕ دەبێ چونکە وزە و بزاوتن و ڕووداو لە سروشتدا هەن بەڵام تێگەیشتن و عەقڵ و کارامەیی تێدا نین.

لە ڕاستیدا، گەورەم، مرۆڤ لە هەموو بووندا تایبەتمەندی بنەڕەتی یەکلاکەرەوەی خۆی هەیە و بە هۆی بەدەستهێنانی عەقڵەوە مەودای تێکەڵبوون نادا، وەک چۆن زندەوەران بە وزەی ژیان تایبەتمەندی خۆیان لە سروشتی مردوودا هەیە، بە هەمان شێوە مرۆڤیش بە عەقڵەکەی جیاوازی لەگەڵ ماددەی مردوو و زندەوەرانی تردا هەیە و لێیان جیا دەبێتەوە و لێکدانەوەی ماتریاڵی تەنها بە کەڵکی سروشت دێ و لێکدانەوەی زندەوەرناسی زندەوەران لە خۆ دەگرێ. لێکدانەوەی مرۆیی (واتە هۆشەکی)ش کۆمەڵگە، بە مێژووەوە دەگرێتە خۆ. ئەگەر لە بەر هەر هۆیەک هۆشی مرۆ بکوژێتەوە، وەک شێتبوون یا مەستبوون یا خەڵەفان یا ترسی لە ڕادەبەدەر، ئیتر ئەو مرۆڤە کاریگەریێتی کۆمەڵایەتی لە دەست دەدا. ئەگەر ئارەزووەکانیشی سەر بکەن و زاڵ بن، ئیتر دەبێ بە

دڕندەیەکی کوشندە. لە سەردەمی منداڵیدا، کاریگەریتی وەستاوە. ئەوانەش ئەو حەقیقەتانەن چەند پشتگوێش بخرێن لە ئاستی بەڵگەنەویستدان.

خۆبواردنی مارکس لە ڕۆڵی داهێنان (ڕۆڵی عەقڵ بە شێوەیەکی گشتی) یەکێ بوو لە پێویستییەکانی فەلسەفەکەی یا سیاسەتەکەی چونکە دەیزانی خاوەنی کاری ماسولکە، وەرزێر و کرێکار و ئەوانەی نانی خۆیان بە ڕەنجدانی هەمەجۆر پەیدا دەکرد، لە ماوەی هەزاران ساڵدا نەیانتوانی ناوی خۆیان بنووسن و نەیانتوانی بیر لە لایە داخراوەکانی کەون بکەنەوە و بیرکردنەوەی ڕووکەشانەی ساکاریان سەبارەت بە کەون و ئەرز و ئاسمانی دەوریان لە ڕووداوەکانی دەوروبەریان تێپەڕی نەکرد و ئەوانەش کە دەیانزانی بە داستان پاراو کرابوون. ئەم بێدەستییە تەواوە لە خولقاندنی شارستانەتیدا لە سروشتەکانی دواکەوتن بوو کە لە ماوەی هەزاران ساڵدا چارەسەری نەبوو و تەنانەت دەرەبەگ بەخۆی نەخوێندەوار بوو و ئێستاش لە زۆر وڵاتدا نەخوێندەوارە و دوژمنی هەموو شارستانییەکن کە نەخوێندەوارییان لە قاو بدا. وەرزێریش لە گوندەکانی وڵاتی مە بە سووربوونەوە دژی خوێندن بوو هەتا دیتی هەندێ گوندنشین دوای کردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکان و تەواوکردنی خوێندن بوون بە فەرمانبەر ئەوجا نەرم بوو و لە پێناوی پارەدا منداڵی خۆی نارده بەر خوێندن. ژیانی وەرزێر لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ تەکلیفی ژمارە و خوێندندا ناتەبا بوو و لەگەڵ ماندوێتی چەندین مانگ و ساڵی خوێندن یەک نەدەهاتەوە جگە لەوەی هیچ سوودێکیشی بۆی نەبوو: چی لە قەڵەم و کاغەز بکا کە لە ماوەی بیست ساڵدا پێویستی پێیان نابێ؟ ئەی چ سوودێ لە ڕەگی دووجا دەبینێ و با ڕووبەری ئوستراليا لە چوار ملیۆن میلی دووجا کەمتر بێ؟ میلی دووجا خۆی چییە؟ نەزانیی گەیشتبووە ئاستێک کە فەلەکیاتی بەتلیمۆسی بە کوفر و خوانەناسی دەزانی و بە لایەوە زەوی لە سەر پشتی گا ڕاوەستاوە.

ئەو ورینانە کەس بۆ چاوبەستەکی نەیهێناون و مەلای گوندیش نەیتوانیوە باوەڕیان پێ بێنێ کە گا لە بن زەویدا نییە. گوند، بە ئاغا و وەرزێرەوە، لە ماوەی شەش هەزار ساڵدا هیچ پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە نەدیوە و گوندە کوردییەکانیش لە زۆر ناوچەی کوردستاندا کە من پێش شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨ سەردانیم کردوون، لە ئاستی گوندەکانی سەردەمی سۆمەرییەکان و دواکەوتووتریش بوون. شارستانەتی بە شێوەیەک شاری دروست کرد کە ئێرە جێی درێژەدانی باسکردنی نییە بەڵام دەبێ ئەوە بگوترێ کە نەخوێندەوار و هاوشێوەکانیان هەرگیز لە شاردا سەرچاوەی شتێ نەبوونە پەیوەندی بە شارستانەتی و پێشکەوتنی هۆشەوە بووبێ مەگەر لە کارێکدا پێویستی بە دەسترەنگینییەوە نەبووبێ. زانست و هونەر و کاری داهێنان و ڕۆشنبیری بە گشتی مایەی سەرقاڵبوونی خەڵکانی تر بوون کە کاری ماسولکەیی نایانگرێتەوە. وا پێ دەچێ پشتگوێخستنی سەردەمە وابەستەکان بە عەقڵەوە، وەک نووسین و زانست و دامەزراندنی دەوڵەت لە تیۆرییەکەی مارکسدا بۆ خۆبواردن بووبێ لە کردنەوەی دەرگای نارەزایی بەرانبەر گەورەکردنی ڕۆڵی کار تا پلەی دانەبەزێ دەنا مەحاڵ دەبوو دەسەڵات بە پرۆلیتار بدرێ. مادام جەماوەری کارکەرانیش نارۆشنبیر بوون، نەیاندەتوانی بچنە دەسەڵاتەوە چونکە ژمارەی فەرمانەکانی دەسەڵات کە بەرەو جێکردنەوەیان دەچوو کەم بوو جگە لەوەی پێشکەوتن خۆی لە خۆیدا لە سەر پێگەیاندنی نەخوێندەواران وەستاوە بۆ توانای بەڕێوەبردنی دەسەڵات و کارگەریش هەر بە کارگەری بمێنێ و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتیش بێ، ئەنجام حیزبێک بوو نوێنەرایەتی کارگەرانی دەکرد کە شێوەیەکی سەرکەوتوو و پێویست بوو چونکە وەکیلی کارگەران بوو.

دوای کارەساتەکانی سەردەمی ستالین و ساڵانی دوور و درێژی دوای مردنی، بۆ ڕاگرتنی گەندەڵی و دواکەوتن و بۆگەنبوون هاواری خۆت کرد، ئەوەی بۆ زۆر کەسی ئەم دنیایە ئاشکرا بوو کەوتە ڕوو. بڕیاری گردەبڕی بازنەکان لە تیۆری سەردەمە مێژووییەکاندا کە بە دیالەکتیک و بۆچوونی بەرپەرچی بەرپەرچدانەوە و گۆڕینی

میقدار بۆ جۆر و هەموو کلیشەی ڕێکخراوەکانی تری سەر کاغەز، هەموویان سەلماندیان کە ماسولکە ناتوانێ دەسەڵاتدار بێ و فێڵکردن لە کەموکورتییەکەی بە دانانی وەکیلی ماسولکە لە دەسەڵاتدا، لە ڕاستیدا دابڕانی گەلە لە دەسەڵات و حیسابکردن لەگەڵ دەسەڵات و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و دەسەڵاتداران و ئەنجامی بێ ئەملاوئەولای ئەم فێڵە نابەجێیانەش بەردەوامی دیکتاتۆری کەمایەتییە بە نرخێکی گرانی بەردەوام لە سەر حیسابی جەماوەری بەرهەمهێنی کشتوکاڵی و پیشەسازی و پاشکەوتنی لە ئاست وڵاتە چینایەتییە (داتەپیوەکان - بە بۆچوونی مارکس) لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە تا ئاستی نەبوونی. لە ڕاگەیاندنەکەتدا بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە دەوڵەت وا دەردەکەوێ کە یەکێ لە هۆکارەکانی ماڵوێرانییەکە تێکەڵبوونی سیاسەتی حیزبە لەگەڵ هەموو بوارێکی کۆمەڵگەدا تا وای لێ هات تەماتە لە وڵاتی ئێوەدا بوو بە سیاسەت و بە فەرمانی سەرەوەتر نەبێ نە شین دەکرێ نە بەری دەڕندرێ.

لێرەوە هەڵەیەکی مەترسیداری ناواقعییەتی بنەمای تیۆرییەکە دەردەکەوێ کە من نە چارەسەری دەبینم نە ڕاستکردنەوە ئیتر چۆن حیزب لە دەسەڵات و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی گشتی دادەبڕێ دوای ئەوەی حەفتا ساڵ هەموو گەل لە بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانی و ڕەمزی بەڕاستگەڕانی شۆڕشی پرۆلیتاری و بەرجەستەبوونی گەشەی مێژوویی مارکسیزم بوو و وەک گوتراوە شۆڕش بە بێ تیۆری شۆڕشگێڕانە نابێ، بە هەمان شێوە کۆمەڵگەی سۆڤیەتی وا ڕەنگ کراوە کە دەوڵەتی پرۆلیتاری بە بێ حیزبی پرۆلیتاری نابێ. تیۆری سەردەمە مێژووییەکانیش جگە لە حیزبی شیوعی، نەهێشتنی هەموو حیزبێکی خستە ئەستۆی خۆی و بیانووش ئەوەیە کە نەمانی چینەکان نەمانی حیزبەکانی بە دوادا دێ. لە مەیداندا ڕێکخراوێک نییە جێی حیزبی شیوعی بگرێتەوە و ئایۆدۆلۆژیایەک پەیڕەو بکا ئەو بینا زەبەلاحەی لە سەر هەڵچندرێ. ئەی ئەرکی حیزبی شیوعی ئەگەر دەسەڵات و ئاڕاستەکردن نەبێ چی دەبێ؟ دەکرێ ببێتە یەکێ لەو سیما کەڕولاڵە زۆرانەی خۆخەڵەتاندن گوایە زۆری ڕێکخراو واتە زۆری ئیرادە؟ بەڵام سروشتی حیزب ئەو سڕبوونە قەبووڵ ناکا و دانانی بەربەست لە نێوان حیزب و دەسەڵاتدا چ واتایەک بۆ حیزب ناهێڵێتەوە. پێکەوەبوونی حیزب و دەسەڵات لە یەکێتی سۆڤیەتدا لەو وڵاتانە بەهێزترە کە فرەحیزبین چونکە ئەمانەی دوایی بیرۆکەی دەسەڵاتی یەکحیزبییان نەدۆزیوەتەوە بەڵکو لیبرالیزم لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە پەیدا بوو هەر جارە و حیزبێک دەسەڵاتی هەبێ ئەوەش بە بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگ. لە کاتێکدا سەرەتای دەستپێکردنی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بنەماکەی ئەوە بوو کە حیزبی پرۆلیتاری خۆی دەسەڵات بێ و خۆشی کۆمەڵگە بێ. ئەگەر وەهاش دابنێین حیزب لە دەسەڵات دابڕا، ئیتر چ حیکمەتێک لەوەدا دەمێنێ ملیۆنان کەس ئەندامی حیزبێکی مردوو بن؟

گەورەم، لەوەدا لەگەڵتدام بەستنەوەی دەوڵەت بە یەک حیزبەوە و کردنی ئەندامە حیزبییەکان بە نوێنەری دەسەڵات و بەرپرسیارەتی تەنانەت ئەگەر لە کاری ئەو مەترسییانەدا کە تووشی گەلێکی دیاریکراو دەبن، بوەستن و تەماشای بەڕێوەبەرایەتییە حکوومەتییەکانیش بکەن، بەڵام لەو دەمەدا کە بۆشایی سیاسی پەیدا دەبێ، پێویستە بیر لە چارەنووسی خەڵکەکە بکرێتەوە: جێگرەوە چییە؟ باوەڕ ناکەم بیر لە گەڕانەوەی بەکاوەخۆی فرەحیزبی بکەیتەوە کە بە پێی مارکسیزم تەعبیرە لە جیاوازی بەرژەوەندی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان.

ڕەنگە بێسوود نەبێ ئەگەر لە سەر شێوەی ڕستەی پەرچدانەوەدا سەرنجێک دەربڕم و بڵێم پێکهێنانی حیزب بۆ نوێنەرایەتی بەرژەوەندی هەمەجۆر خێر و بەرەکەتە ئەگەر بە ململانێی ئاشتیانە لە سەر مافی تاکەکان بۆ دەربڕینی بۆچوون ڕکابەری یەک بن، وەک لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا باوە و بە بێ ڕشتنی یەک دڵۆپە خوێن حکوومەت دەگۆڕن و کەسیش کەس لە ڕەگەوە دەرناهێنێ و لە ناخۆشترین ساڵانی دوای دووەم جەنگ و نەمانی مەترسی ستالین لە سەریان، دکتاتۆر و فاشییان تێدا دروست نەبووە. بەڵام ئەوەی لە جیهانی سێیەمی

ئێمەدا ڕوودەدا ئەوەیە کە حیزبەکان لە سەر بنەمای جیاوازی ئایدۆلۆژیایەکەوە دروست دەبن کە لە بەرژەوەندی دابڕاوە و لە سەر مجێز و پیلان و توندوتیژی و ئارەزووی تێکشکاندن و شتی پووچی لەو بابەتانە وەستاوە. حیزبە مارکسییەکان لە بارودۆخێکدا دروست بوون هیچ بنەمایەکی پێویستی مارکسییانە بۆ دروستبوونی خەباتی کۆمۆنیزم لە ئارادا نەبوو. ئەم حیزبانەش، بەر لەوەی یەکێکیان بتوانێ لە سەر پێی خۆی بوەستێ بە یەکترەوە خەریک بوون. یەکێ لە دیاردەماڵوێرانکەرەکان لەم دنیایەی ئێمەدا ئەوەیە ناچار بین لۆژیکە ڕێژەییەکان بۆ شتێ بەکار بێنین کە بە سیاسەتمان زانیوە و لە ڕاستیشدا، جگە لە شێتی و تاوان و وێرانکردن و کوشتنی بێتاوانان، هیچی تر نەبووە.

بە هەرحاڵ، پەیوەستکردنی دەوڵەت بە تیۆرییەوە لە ڕێی بەستانیەوە بە حیزبەوە، هێندەی کاری پێغەمبەران پیرۆز بوو. باوەڕ ناکەم هیچ یەکێ لە لووتکەکانی دەوڵەتی سۆڤیەتی، (یەکەمیان ترۆتسکی) بە خەیاڵیدا هاتبێ کە پیرۆزی و باڵابوون بە سەر ڕەخنەدا کە وەپاڵ تیۆری و وابەستەبوونی دەوڵەت پێیەوە دراون، دەبنە هۆی هاندانی نیازە شەڕەنگێزەکانی نێو وڵات بۆ لەنێوبردنی خۆی و هەزاران حیزبی و ملیۆنەها ڕەنجکێش و مل پێ کەچکردنی سەرجەمی کۆمەڵگە بۆ ئەو ئیلهامانەی بە سەر کەسی سەر عەرشی پیرۆزی دەوڵەتی پرۆلیتاردا دادەبارێن. ئاشکراشە کە هەمان پیرۆزی پارێزگاریکردن بە بەڕێزتان دەبەخشێ بەرانبەر هەر تۆمەتێک کە ئاڕاستەی هەر کارێ یا قسەیەک یا ئاماژەیەکی پلەوپایەی حیزبی بەلشەڤی یا مارکسی لە ئاستی خۆیاندا دەکرێ و ئەگەر بەڕێزت لەو پلەوپایەیەدا نەبوویتایە ڕووبەڕووی ئەو سزایانە دەبوویتەوە کە نیشتمانی ئاسایی سۆڤیەتی لە کاتی ڕەخنەگرتنیدا لە پیرۆزییەکانی شۆڕش ڕووبەڕووی دەبنەوە. تۆ بڵێی ئەو ڕووسییەی پێی خۆش با بە ئاشکرا باسی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی وەک هەندێ لە باسەکانی تۆی کردبا چی بە سەر بهاتبا؟ ئەگەر بازنەی هەڵبژاردنی سستەمی مارکسی هەموو جارێ بە برینکاری لەدایک بێ و بە مردوویی بێتە دنیاوە و بە قەدەر ئیعدام لەو ڕەخنەیە بترسێ کە لە حاکمی کەهنووتی دەگیرێ، حاڵی نیشتمانی ئاسایی لە ئاگادارکردنەوەی بەرپرسان بۆ هەڵەیەکی بنەمایی دەسەڵات چۆن دەبوو؟ بیستوومە دەنگدەری سۆڤیەتی ناچار بووە لە ڕۆژی دەنگداندا، ئەگەر پێویستیش نەبووبێ و دەنگدان لە بنەڕەتەوە بێکەڵکیش بووبێ دەنگ بدا و ئەوەش وا دەگەیەنێ کە دەنگدەری سۆڤیەتی دوو جار سووکایەتی پێ دەکرێ: یەکەم جار ئیرادەی ئەوەی لێ سەندراوە کێ هەڵبژێرێ و دووەم جاریش ئەو مافەی لێ زەوت کراوە ئەگەر بیەوێ دەنگ نەدا..

لە وڵاتی خۆمدا ململانێی هەڵبژاردنم لە پەنجاکاندا، بە پێچەوانەی ئارەزووی حکوومەتەوە تاقی کردۆتەوە و دیومە و بەربەست زۆر بوون بەڵام لە هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی قورسدا پەکخەر نەبوون و سەرکەوتنم بەدەست هێنا و دەنگدانەوەی لە وڵاتدا هەبوو و خەڵکی تریش لە شوێنی جیاوازی تردا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و ئەوانە لە سەر شێوەی کەمایەتی و بە ڕێگەی ناخۆشیی جیاوازدا سەرکەوتن. لە پەرلەماندا قسەم کرد و خەڵکی تریش قسەیان کرد و ڕەخنەی توندیان ئاڕاستەی حکوومەتی ئەو دەمە کرد و بەوەش ناوبانگ و ڕێزی وامان بە دەست دەهێنا کە ئەستێرەکانی ڕۆکئەندرۆڵ خەونیان پێوە نەدیوە و گوتار و قسە و خیتابەکانیشمان لە زۆر شوێن بڵاو دەکرانەوە و بەڕێزتان باوەڕتان هەبێ کە حکوومەت خۆی بە زیادەڕۆییەوە ڕێزی دەگرتین و ئێمە بەرهەڵستکاریش بووین. تەنانەت ئەندام پەرلەمانی ڕۆشنبیری سەر بە حکوومەتیش لە زۆر هەڵوێستدا حکوومەتی وا شەرمەزار دەکرد ناچاری دەست لەکار کێشانەوە بێت. عیراق لە پەنجاکان و پێشتردا هاوپەیمانی بەریتانیا بوو و سەفیری بەریتانی کاریگەری ئاشکرای بە سەریەوە هەبوو. جا لە هیچ تەرازوویەکی لۆژیکدا عەقڵ دەیگرێ بارودۆخی دەنگدەری سۆڤیەتی کە بە ناچاری لایەنگری حکوومەتیش بێ بەربەستی زیاتر بێ لە دەنگدەری دەوڵەتێکی ژێر دەسەڵاتی ئیستیعمار؟ جگە لەوەش، ئەوەی بەڕێزتان دەتانەوێ لە شێوازی هەڵبژاردندا ڕاستی بکەنەوە ململانێ دەخاتە نێوان خەڵکانێکەوە کە پێشتر لە لایەن دەسەڵاتەوە دەستنیشان

کراون، ئەوەش بێگومان دەرچوونە لە قاوغە کۆنەکە و ڕاستکردنەوەیە بەرەو باشتر، بەڵام سەرنجێکی گرنگم لەم بوارەدا هەیە و دەکرێ لە ڕاستکردنەوەدا خزمەتی ئامانجەکەتان بکات:

من گوتم دابڕاندنی حیزبی شیوعی لە دەسەڵات کارێکی قورسە و ئەوەش بێگومان ڕاستە و ئەگەر سوور بن لە سەر بەردەوامی ڕاستکردنەوە و گەڕانەوە لە ئارادا نەبێ، دەبینن هەڵبژاردن ڕێیەکی کاریگەرە بۆ بەزاندنی زەحمەتییەکانی بەردەم ڕاستکردنەوە، جا ئەگەر دابڕانی حیزب بێ یا گۆڕینی بنەماکان بێ یا ڕاستکردنەوەیان.

پەرلەمانی ڕاستەقینە، لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاکدا ئەگەر حکوومەت و دەزگای داپڵۆسێنەر بەڕێوەی نەبردبێ و لە خۆی نەترسێ ئەنجامی خراپ دەبێ، نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەل لەخۆ دەگرێ و بەهێزترین پاڵپشتە بۆ گۆڕینی هەرچی پێویست بە گۆڕین بکا. هەڵبژاردنی ئازادانەش لەو بارودۆخەدا کە دەتەوێ ڕاستکردنەوەی تێدا بکەیت، جگە لەوەی بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ بڕیاردانتان لە سەر گۆڕانکاری، خۆی لە خۆیدا خولقاندنی بارودۆخێکی کراوەی دوور لە توندوتیژیشە کە دەیان ساڵە کەڵەکە بووە هەوایەکی خاوێنی کراوە بۆ سەرجەمی خەڵک واڵا دەکا و تیایدا گەڕان بە دوای کەموکورتی و چارەسەر و هەنگاونان بەرەو گۆڕان دەبنە کاری ئاسایی و تەزوو بە جەستەدا ناهێنێ و ڕەوتەکە بەر یەک ناکەوێ و بەسەرکردنەوەی لینین و ڕەخنەگرتن لە هەندێ لە بۆچوونەکانی مارکس نابێتە بوومەلەرزە تا گۆشەکانی زەوی هەڵتەکێنێ. لەگەڵ هەڵبژاردنی ئازادانەدا کە ئیرادەی سەرکردەی وەک ئێوەی لەگەڵدا بێ بارودۆخی ئاسایی دیموکراتیانە دەوامی دەبێ گەرچی کەسە دەسەڵاتدارەکان بشگۆڕێن و ئەگەر دوای چەند ساڵێک دەست لەو پلەوپایەیەش هەڵگریت بەرهەمی ئیرادەی ئازاد بۆ گەلی سۆڤیەتی ئەوە دەبێ کە ناگەڕێتەوە بۆ بارودۆخە کۆنەکە جا بڕیاری زۆرینە هەرچۆنێ بێ و چەند لە هەندێ ڕووەوە کەموکوڕیشی تێدا بێ و لاواز بێ چونکە نابێتە ئەو پەیامەی لە ستالینەوە دادەبەزی و قابیلی بەرپەرچدانەوە نەبوو و هەڵەش بۆی هەیە بە هەمان ئەو ئیرادە ئازادەی کە هەڵە دەکا ڕاست بکرێتەوە. جگە لەوەش بڕیاری زۆرینە لە هەموو حاڵەتێکدا لە بڕیاری کەمینەیەک ڕاستتر و چاکترە کە بەرپەرچ نەدرێتەوە.

گەورەم من کە بێ سڵەمینەوە ڕای خۆم دەردەبڕم پێداویستی سنووری لۆژیکی ئەم هاناهێنانەم دەخوازێ لە هەرچیدا بە ڕاستی بزانم قسە لە ڕوو بم و ئەگەر پێشتر گوتبێتم زەحمەتە حیزب لە دەسەڵات دابڕێ ئەوە بۆ من نابێتە بەربەست بۆ ئەوەی بە بیانووی بێسوودی هەوڵ لەگەڵ مانەوەی حیزب لە دەسەڵاتدا هیچ نەڵێم چونکە من لە پلەیەکدا نیم شتێ نەڵێم کە قابیلی جێبەجێکردن نەبێ. هەر لە بنەڕەتیشدا دڵنیا نیم کە ئەم قسانەم دەگەنە تۆ جگە لەوەی ئەگەر بشگەن دڵنیا نیم گرنگییان پێ دەدەیت. من لە ڕووی ئەدەبییەوە بە سەرمەوە ئەرکە بۆچوونی خۆم لە بارەی بابەتێکەوە دەربڕم کە پەیوەندی توندوتۆڵی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤی دەوروبەرمەوە هەیە و شێوەی دەسەڵاتی لای ئێوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر سەرجەمی چەپ هەیە. جگە لەوانەش نووسینی پێشترم کەم نین کە تیایاندا ڕەخنەم لە لایەنی گرنگی مارکسیزم و پەیڕەوکردنی لە دەوڵەتە کۆمۆنستییەکاندا گرتووە هەروەها لە ئاستی جیهانی سێیەم بە گشتی و کوردستانی وڵاتی من بە تایبەتی. ئەو ڕۆژانە هێشتا بەڕێزتان لە ئاسۆی سیاسەتی جیهانی دەرنەکەوتبوون و بۆچوون و هەڵوێستەکانتان ڕێگایان بۆ قەڵەمی من خۆش نەکردبوو تا بۆچوونم داڕێژێ و من لە دەردەدڵی خۆمدا چاوەڕوانی هیچ ئەنجامێک نیم نووسین بیدات بە دەستەوە بەڵام دەردەدڵێکە بەو نیەتە پاکە پاراوە کە دەتوانێ ڕاستکردنەوە لە دەوڵەتی سۆڤیەتدا بکا و هیوای مرۆڤدۆستانی زندوو کردۆتەوە بۆ ئەوەی هۆکاری مرۆکوژی لە نێوان تێکۆشەرانی جیهانی سێیەمدا نەمێنێ و بکەونە سەر ڕێگای وا بتوانێ هەندێ لە ئامانجەکان جێبەجێ بکا. لەم گۆشەیەوە درێژەپێدانم ڕوونتر دەبێ. ناکرێ بە درێژی باسی هەموو ئەو بابەتانە بکەم کە پێویستیان بە ڕاستکردنەوە هەیە و پێداویستی وا دەخوازێ بە ڕێڕەوی بە سەر هەندێ بابەتدا بڕۆم و چڕبوونەوەم لە سەر ژمارەیەکی دیاریکراوی مەسەلە

کۆمۆنیستیەکان کەم بکەمەوە کە بۆ خۆیان و ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە دەگەڕێنەوە کە بە ناچاری کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە و هەمووشیان هەمان ئەنجامی نەرێتییان لە ژیانی ئەو دەوڵەتانەدا بووە کە بە پیرۆزی لە مارکسیزمیان ڕوانیوە.

ئەوەندەی پەیوەندی بە سەردەمە مێژووییەکانەوە هەیە، پێویستە سەردەمی کۆمۆنیزمی سەرەتایی وەلابندرێ چونکە مرۆڤی سەرەتایی و زۆر لە گیانداران تیایدا هاوبەشن و ئابووری مارکسیزمیشی تێدا نییە تا ببێتە نیشانەی سەردەمەکان و بزوێنەری پەرەسەندن. کۆیلایەتیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە نەک سەردەم چونکە لە بەرهەمی ئابووری و شارستانەتی نییە و هۆکارە سەرەکییەکەی ئەو جەنگانەیە کە دۆڕاو بە هەموو چینەکانیەوە تیایاندا کراونەتە کۆیلە، وەک لە مێژووی کۆندا باو بووە. ڕێی تێ دەچێ دوای ئەوەی ئەم دیاردەیە لە ناو زۆر گەلدا نەمێنێ، لە زۆر گەلدا بۆ ماوەی زۆر دەوامی بێ لە کاتێکدا گەل هەبێ هەر بە هۆی نەبوونی بارودۆخێکە کە کۆیلایەتی بخوازێ لە بنەڕەتدا دیاردەی کۆیلایەتی تێدا نەبووبێ. گەلی کورد داگیرکەر نەبووە تا غەیری خۆی بکاتە کۆیلە و دەوڵەمەندیش نەبووە تا پایەدارەکانی شانبەشانی خزمەتکار کۆیلە بەکار بێنن. ئەم هەژارییە وای کرد، مەگەر بە دەگمەن، دەنا شیعری پێداهەڵدانی نەبێ چونکە کۆشکی پاشا و مەیدانی میر و دەرەبەگی تێدا نەبووە تا خاوەنیان لە کاتی ململانێی دوژمندا پێویستیان بە پێداهەڵدان بووبێ یا بە پێداهەڵدان دراو پەیدا بکەن. هەر ئەم هەژارییە خۆی بوو کە چەپڕەوی کوردی هان دا تا لە داوای وێرانکردنی بۆرژوای کورددا، کە لە هەناوی مێژوو بەرنەبۆتەوە، زیادەڕۆیی بکا و کەلەپووریکی دەوڵەمەندی بۆرژوایانەی، بە دەزگا و بینا و بازرگانی و کارگە و جلوبەرگ و سینەما و شتی ترەوە نەدیبوو وەک کۆمۆنستەکان لە لەندەن و ڕۆما دەیانبینن و دڵیان نایێ ئەو داهێنانە جوانانە برووخێنن. سەیر لەوەدایە هەتا ئەم چرکەساتەش ئەو نهێنییە نازانێ ئاخۆ بۆچی بەو توندڕەوییە زۆر و جورئەتەوە کە سنووریان نییە، ڕووبەڕووی بۆرژوایەک دەبێتەوە کە نە لە دژی ئەو نە لە دژی کەس بەردێکی نەخستۆتە سەر بەردێک.

کۆیلایەتی چینێکی بنەوەی کۆمەڵگەیە و لەوپەڕی چەوساندنەوەدایە بەڵام سەردەم نییە و زۆریان بوون بە پاشا و سەرکردە و ڕەنگە ئاغای پێشتری خۆیانیش کردبێ بە کۆیلەی خۆیان.

دەرەبەگ نە لە کۆمۆنیزمی بەراییەوە پەیدا بووە نە لە کۆیلایەتییەوە بەڵکو دوای سەردەمی خێڵگەرایی و نیشتەجێبوون و کاری کشتوکاڵی و زەویوزار پەیدا بووە و ڕاستتر ئەوەیە پێی بگوترێ سەردەمی کشتوکاڵی یا خاوەنداریێتی زەوی و هەموو موڵکدارێکیش دەرەبەگ نییە هەموو دەرەبەگەکانیش لە دەسەڵاتدا هاوبەش نین و هەموو وەرزێرەکانیش کرێگرتە و ڕەنجبەر نین و لە زۆر وڵاتدا ئەو زەوییانەی لە سەر شێوەی پارچەی بچووک هی وەرزێرن، لەو زەوییانە زیاترن کە دەکەونە بەر دەستی دەرەبەگ.

مەرج نییە حکوومەتێک کە کیانی دیاریکراوی هەبێ ببێ بە بارهەڵگری چینی دەرەبەگ یا بۆرژوا. دەرەبەگ و بۆرژوام لە وڵاتی خۆمدا دیوە، ئەوەندەی لە حکوومەت ترساوە، لە کۆمۆنست نەترساوە و بگرە بێ ئەوەی هەست بە شتێکی ناسروشتی بکا، لە ماڵی خۆی پەنای کۆمۆنستی داوە. دیواری هەڵچندراوی نێوان حکوومەت و خەڵک، بە درێژایی مێژووی کۆن و ناوەڕاست لە هەموو جیهاندا ڕاستییەکی ئاشکرا بووە ئێستاش تا ئەم سەعاتە لە زۆربەی شوێنانی جیهان ماوەتەوە. خەریکە مێژوو ببێتە گێڕانەوەی بەردەوامی ململانێی نێوان حکوومەت و ئەو خەڵکە پایەدارانەی تەماحیان لە دەسەڵات هەبووە یا لێی ترساون و ململانێش لە ناو یەک چیندا بووە و هەتا ئێستاش لە وڵاتە دواکەوتووەکان و ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی فەلسەفەی مارکس دەکەن بەردەوامە و هەموویان توندوتیژی وەک چارەسەری کێشەکان بەکار دێنن. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ڕۆڵی سەرۆکی وڵات بە درێژایی مێژوو لەگەڵ بەرژەوەندی چینەکاندا جیا بووە چونکە بەرژەوەندی تایبەتی هەبوو و لەگەڵ

جێبەجێکەراندا لێککەوتنی دروست کردووە. هەتا ئێستاش کۆمەڵگە لە سەر شێوەی ئەهرامی کۆمەڵایەتی زۆر پێکهاتووە و ئەهرامەکان بناغە و لوتکەیان هەیە و لە سەریشیەوە هەرەمی تر بە بناغە و لوتکەوە هەیە تا دەگاتە سەرۆکی دەوڵەت کە لوتکەی لوتکەکانە. شێوەی هەرەم لە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە و یانەی شەوانە و سوپەرمارکێت و گەراج و پێشانگەی جلوبەرگ و باخچەی منداڵان و عاقڵان و شێتان هەن و لە ژیانی ڕۆژانەماندا و لە ڕێی هەڵسوکەوتمانەوە لەگەڵیاندا ئەوەندە دووچاری دەردی سەر دەبین لە ململانێی چینایەتیدا کە شوێنەواری لە کۆمەڵگەی خۆمدا بەدی ناکەم دووچاری نابین مەگەر لە سەر شێوەی پەیداکردنی بژێو، دەنا نە بە شەڕ دێن نە تا ئاستی سەرنجراکێشان دەنگیان دێ. ئەم دیاردە هەرەمییەم لە کتێبی «لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو»دا کە ساڵی ١٩٨٥ بڵاو کرایەوە، لە لاپەڕە ٨٧یدا ئاوها باس کردووە:

*«ئەگەر لووتکەی دەسەڵات عاشقی جەماوەر نەبێ یا دڵنەوایی موفلیسەکان نەکا، بەدڵنیاییەوەبە خاوەن دەسەڵاتەگەورەکانی دەوروبەری خۆی دڵخۆش نییەچونکەلەزەبروزەنگیان دەترسێ و تاقیکردنەوەی دەیان دەوڵەت لەماوەی سەدان ساڵدا ڕاستی ئەم بۆچوونەدەسەلمێنێ و ئەگەر بەدەستی خەڵکەنێزیکەکان نەبووبێ، چاوی پاشا دەرنەهێندراوەو گوێی میر نەسمراوە».*

ئەم سەرنجە لە سەر کوشتوبڕە خوێناوییەکانی سەردەمی ستالیندا بە ڕاست دەگەڕێ چونکە زیادەڕەوییەکەی لە خۆپارێزیدا بەرەو ئەوەی برد حیزب و دەوڵەت لە هەموو ئەندامێک پاک بکاتەوە کە نەختێ خەسڵەتی جیاوازی بووبێ و زانای سۆڤیەتی گاڵتەی بە ئیرادەی تاکڕەوانەی کرد تا وای لێ هات بە پلەی خوایەتی دابندرێ و دەیان ملیۆن لە خەڵکی هەژار کەوتنە پەرستنی و بە گەرموگوڕییەکەوە پشتگیری ئەو پاکتاوکردنەیان کرد کە بۆ خۆراکێکی خۆش کە لە بازاڕ دەست نەکەوێ، ئەو گورموگوڕییەیان نەبوو.

بۆرژواش بەرهەمی دەرەبەگ و کشتوکاڵ نییە بەڵکە ڕۆڵە و ڕووەکی شارە و ڕەگی لە گونددا نییە. دان بەوەدا دەنێم کە نەگەیشتوومەتە هۆکاری نەزۆکی گوند لە بارەی شارستانەتییەوە چونکە ڕێژەی دانیشتوانی زۆری شار و دانیشتوانی گوند لەگەڵ پێشکەوتنی هەردووکیاندا یەکنایەتەوە و ئەگەر دانیشتوانی شار دە هەزار کەس بن دوو هەزاریان ڕۆشنبیرن بەڵام دانیشتوانی گوند ئەگەر پێنج سەد کەس بن ژمارەی ڕۆشنبیریان لە یەک دوو کەس تێناپەڕێ. باسەکەش هی سەردەمی پێش بڵاوبوونەوەی قوتابخانەیە. بوارەکانی تریش بە ژمارەی خوێندەواران پێوانە دەکرێ و جێی سەرنجە ئەو گوندانەی بەسەرم کردوونەتەوە یەک کورتاندووریان لێ نەبێ. لە لێکدانەوەی ئەو جیاوازییە کە لە هەموو پێوەرێک یاخییە بۆچوونم هەبووە بەڵام بەڵگەی لۆژیکیم بۆ سەلماندنی نەبووە بەڵام خوێندنەوەی دواترم لە فیزیادا هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی لەخۆ گرت کە پەیوەندی پێوە هەبێ و هەندێ پەنجەرەی بۆ نزیکبوونەوە لە هۆکار، لە بەر چاوم واڵا کرد کە ئێرە جێی باسیان نییە.

سۆسیالیزمیش لە پەرەسەندنی بۆرژوازییەوە یا پەرەسەندنی شارستانەتییەوە پەیدا دەبێ نەک لە ڕێی مارکسییەوە چونکە بنەمای ماسولکەیی و ماتریالی لە بینای مارکسیزمدا بە ناچاری بەرەو شێوەیەکی سۆسیالیزم دەچێ کە لە سەر توندوتیژی هەڵچندرابێ: هەموو سۆسیالیزمێکی سەپاو بە سەر ئابووری بۆرژوازی و هەرچییەکی پێیەوە وابەستە بێ، لە هەموو بوارێکی دەرەوەی گەشەکردنی سروشتی و پێویستییەکانی گەشەکردن، بەرانبەر گەشەسەندنی شارستانەتی دەبێتە پەرچەکردارێکی ترسناک و ئەنجامەکەی شتێک دەبێ کە بە گەرماوی خوێن دەچێ. مادام مارکسیزم بینای خۆی لە سەر بناغەی نەهێشتنی چینەکان، واتە تەپاندنی بۆرژوا هەڵچنیوە و لە کاتێکدا سۆسیالیزم لە پەرەسەندنی بۆرژوازییەوە - نەک مردنییەوە - نەبێ لەدایک نابێ، دەبینین مارکسیزم بە پێچەوانەی بۆچوونی زانستیانە و پێداویستی مێژووییەوە، چ سەرکەوتنێکی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەدەست نەهێنا، کە بە بێ بەندوباوی تیۆرییان بە تایبەتی نەمانی چینەکان، پێش دەکەون. لێهاتوویی زۆری

مارکس و باوەڕبەخۆبوونی زیادی کە ڕۆحی ڕووبەڕووبوونەوەیان هاتە سەر، وایان لێ کرد خۆی بە دەست شارستانەتی بۆرژواوە نەدا کە خۆبەخۆ و بە پێی پێویست لە سەر داهێنان هەڵچندراوە نەک ماسولکە. ڕەنگە باوەڕی پتەوی بە لۆژیکی تیۆرییەکەی خۆی کە پەرەسەندن لە سەر کار وەستاوە، ڕێی پشتبەستنی بە پرۆلیتاریای وڵاتە پیشەسازییەکان بۆ ئاسان کردبێ کە سۆسیالیزم لەو وڵاتانەدا سەرکەوتوو دەبێ. قسەی ئەوانەش هیچ واتایەکی نییە کە دەڵێن بەربەست لە بەدیهاتنی پێشبینییەکانی مارکس کە دەیگوت سۆسیالیزم لە دەوڵەتە پیشەسازییەکاندا بەدی دێ، ئەوەیە کە لە لایەن پارەدارەکان و زاناکانەوە بە قەدەر هێزی شۆڕش و پێداویستییە (مێژووییە حەتمی)[3] یەکەی پێشی پێ گیرا. خۆ شۆڕش لە دژی ئەوانە نەبێ ناکرێ یا مارکس ئەوەندە نەفام بووە چاوەڕوان بوو بۆ شۆڕشکردن لە دژی خۆیان هاوکاری بکەن. جگە لەوەش بینای پیشەسازی هەموو کادیرانی بەشەکانی هونەری و تەکنیکی و ڕێکخستن و ناردنەبازاڕ و شتی تری بێژمارەی دەرەوەی پێناسەی پرۆلیتار دەگرێتەوە و ناکرێ ئەوانە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و شتی تر دابڕێن لە کاتێکدا کارگە و بانک و فرۆکەخانە و کۆمکاری گواستنەوە دەدرێنە دەستی کرێکاری نەشارەزا، بێدەنگ بن. شۆڕشی ڕووسیا خۆی بە پێی ئەو بنەما تیۆرییانەی کە مارکس پلانی بۆ دانابوو سەرنەکەوت بەڵکو بە شێوەیەک سەرکەوت کە نەدەبوو سەربکەوێ. ئەگەر لاوازی پێشکەوتن و گەندەڵی بەڕێوەبردن و بۆگەنبوونیەوە عەقڵی دەسەڵات و ناپتەوی شارستانەتی بۆرژوازی نەبوونایە سووربوونی لینین و دارودەستەکەی نەدەکرا ماندوێتی لە جەنگی دۆڕاو و بڵاوبوونەوەی برسێتی بکرێنە بیانوو بۆ پاڵنانی ئۆکتۆبەر بەرەو ئەو ئامانجەیی کە لە بەرژەوەندی زۆرینەی هەرە زۆری ڕاپەڕیوەکاندا بوو. ڕاستە ئەگەر سووربوونی لینین نەبوایە شۆڕشی بەلشەڤی نەدەکرا بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەڵمانیا شەڕی دۆڕاند و برسی بوو و فتیلەی سەرەتاکانی شۆڕشی تێدا داگیرسا بەڵام بە بۆرژوایەتی مایەوە چونکە ئەو بۆگەنییانەی لە ڕووسیا کەڵەکە ببوون لە ئەڵمانیا کەڵەکە نەببوون و بۆرژوای ئەڵمانیا پێشکەوتوو بوو و ڕێی نەدا هەرەس بێنێ.. دەبینین لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا شۆڕشی مارکسی لەو وڵاتانەدا نەبێ کە پرۆلیتاری ڕاستەقینەیان تێدا نییە، واتە پێشەسازی پێشکەوتووی زانستیانە و شارستانەتی و بەرهەمی پێشکەوتووی تێدا نییە، سەرناکەوێ و ئەوەش دیاردەیەکە لەگەڵ دیواری بەرلین و سەردەمی ستالین و دواکەوتوویی بەرهەمی پێشەسازی سۆڤیەتدا و لەگەڵ هاواری بەرێزیشتان بۆ گۆڕانکاری یەک دێتەوە و تێیدەگەین.

سۆسیالیزمی زانستی ڕاستەقینە ئەو سۆسیالیزمەیە کە لە هەناوی پێشکەوتنی شارستانەتییەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە، بە تایبەتی لە ڕووی زانستی و پیشەسازییەوە بەربۆتەوە و لە بنەڕەتدا لە سەر کۆمەڵگەیەک وەستاوە و دەوەستێ کە مافی ئازادانەی هەڵبژاردنی هەبێ و زۆری لێ نەکرێ لە ڕەفتار و ڕەخنەگرتندا ئازاد بێ و لەناوبردنی «مرۆ» بە ناوی لەناوبردنی چینەوە ڕەت بکاتەوە. پێویست بە گوتن ناکا کە ئازادی گشتی واتە ڕێزگرتنی هەموو تاکێک لە ئازادی تاکی تر دەنا ئازادی لە ماوەی دوو ڕۆژدا لە بەین دەچێ. ئازادی ڕەخنەگرتنیش لە پلەی یەکەمدا توانای ڕەخنەگرتنە لە حکوومەت و هەر ڕەفتارێکی دیاری کەسایەتییەکی گشتی، بە بێ ترس لە سزادان. دانەبڕاندنی گەل لە سۆسیالیزمی ڕاستەقینەدا یەکێکە لە سروشتەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی چونکە بوونی نابێ ئەگەر خەڵکی دابەشبووی سەر پیشە و کار و بەرپرسیارەتی لە خۆ نەگرێ جگە لە لابردنی «خاوەنداریتی» لە کۆمۆنیزمدا، هاوکاری نێوان کۆمەڵگای سستەمە جیاوازەکاندا دەبینین و ڕوو لە هەر جێیەک بکەیت وەزیر و فەڕاش و دارکەر و هونەرمەند و بەرز و نەوی و ئاسوودە و نائاسوودە و سەرباز و

---

[3] وەک زانیومە لە کرمانجی ژووروودا «حەتمي» دەبێتە «بیاش»، بەڵام لەبەر ئەوەی جێگیر نەبووە، نەختێ لێی سڵم. هیوادارم لە پاشەڕۆژدا جێگیر بێ و ئەو حەتمەن و مەتمەنەمان لە کۆڵ ببنەوە! بەو پێیە، «حەتمییەتی مێژوویی» دەبێتە «بیاشی مێژوویی». چۆنە؟! وەگێڕ.

فەرماندەی سوپا و... دەبینیت و وەلاتانی مولکداریتی لە سستەمی سۆڤیەتیدا هۆکاری ڕاستەقینەی دواکەوتنی ئابووری بوو و مانەوەی لە سۆسیالیزمی دانیمارکدا هۆکاری جیاوازی بنەڕەتییە لە نێوان پێشکەوتنی دانیمارک و هەر سۆسیالیزمێک کە مولکداریتی وەلاناوە.

بزوێنەری تاکەکەسی کە لە بیرۆکەی «خاوەنداریتی» ژێر چاودێری یاساکانی سۆسیالیزمدا هەیە هەر خۆی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی واتای «هاولاتیبوونی ئازاد»ە کە دەسەلات ناتوانێ بە کۆیلەی بکا. وەک چۆن سۆسیالیزمی مارکسی لە پراکتیکدا گەیشتە ئەوەی ئازادی ڕەخنەگرتن و ئازادی خاوەنداریتی و ئازادی ڕەفتار لە هاولاتی زەوت بکا، هەر ئاوهاش کردی بە داشی دامە و پەنجەی کادری حیزبی یا فەرمانبەری دەزگای ئاسایش دەیبزواند و سۆسیالیزمی سویدیش بە پێچەوانەی ئاراستەی مارکسییەوە، گەیشتە بەهێزکردنی کەسایەتی هاولاتی سویدی ئەویش بە پاراستنی لە هەموو هەڕەشەیەکی سەر ئازادییەکانی تا وزەی تاکەکەسی و ئازادی هەلبژاردنی لە کار و دەربرینندا هەبێ. لە کاتێکدا تاک لە سێبەری سۆسیالیزمی مارکسدا لەو مالەی کە تێیدا دەژێ مێوانە لەو کارەی کە بۆ بژێو ئەنجامی دەدا کرێگرتەیە و کەرەسەی لە مالەوە بە کاری دێنێ و ئەو تەلەڤزیۆنەی سەیری دەکا خوازراوەن، بۆ بەرێوەبەرەکەی ئاسان دەبێ لە بواری ژیاندا بێزاری بکا و بە کەیفی خۆی هەلیسوڕێنێ، تاکێک هاندەری هەبێ و لە ڕەفتار و خاوەنداریتیدا ئازاد بێ بە هیچ کەسێکەوە وابەستە نابێ چونکە ژیانی و خواردنی و کاری و تەلەڤزیۆنەکەی و مالەکەی هی خۆین. جگە لەوەش، هیچ هێزێک نییە زۆرینە لە سویددا ناچار بکا ئەو شێوە ژیانە هەلبژێرن کە دەیەوێ و هیچ دوور نییە کۆمۆنیزمی بێ زۆرداری لە یەکێ لەو دەولەتانەی کە بە سوید دەچن دەسەلات بە دەست بێنێ چونکە ئاستی شارستانەتییان تا ئەو ئاستەیە «دنەدەری گشتی» جێ «دنەدەری تاکەکەسی» بگرێتەوە و تەنانەت بە لامەوە سەیر نییە دوای چەند دە سالێکی کەم پەرەسەندنێکی وا لەو دەولەتانەدا بەدی بێ، هەر کۆمەلە خەلکێکی دانیشتوانی ئەو ولاتانە ڕێبازێکی تایبەتی بۆ ژیانی خۆیان هەلبژێرن بێ ئەوەی بەرژەوەندییەکان لاسەنگ بکا ئەوەش لەبەر ئەوەی هێشتنەوەی دەرگا بە کراوەیی بۆ ئیرادەی ئازادی شارستانی لە دەستی دێ لە موعجیزەی کۆمەلایەتی بەر مەودای زەین سەیرتر ئەنجام بدا چونکە ئەگەر ژیان خۆی لە بری ئارەزووی تاکەکەسی و مەیلەو کۆمەلایەتی بوو بە مامۆستای داهێنەری شێوازێکی ژیان کە زیاتر لەگەل شێوازی ژیان و ناوەڕۆکی بەرژەوەندی کۆمەلگە یەک بگرێتەوە، ئەوە لە هێزێکی شارستانەتییەوە دوور نییە کە توانای داهێنانی هەبێ. پەرتبوونی هۆش بەرەو دەسەلاتی حیزب و ئایدۆلۆژیا و کوتەک بەدەستی دیار سەری ئازادی خەلک لە تێگەیشتنی دارستان و ئەشکەوتەوە نێزیکە. هی سەردەمی نیاندەرتالە.

مادام سۆسیالیزمی مارکس بەلگەنەویستانە خەلکی بێهومێد کرد لەوەی لە ولاتە پێشکەوتووەکاندا تەشەنە بکا حیزبە شیوعییەکانیانمان دیت دوای لووتبەرزییەکی زۆر ئەو بنەمایانەی ژیانی خۆیانیان قەبوول کرد کە لەگەل بیری مارکسدا نەدەگونجان چونکە سۆسیالیزمی مارکسیانە، دیسان بەلگەنەویستانە، لە ولاتە دواکەوتووەکاندا نەبوایە سەرکەوتوو نەدەبوو چونکە لەو ولاتانەدا شارستانەتی بۆرژوا نەبوو تا ڕەتی بکاتەوە خۆ بە دەستی هێزی ماسولکەوە بدا و لە هەر شوێنێکیش هەژاری تەشەنە بکا و دواکەوتوویی زۆر بێ، دەبێتە باشترین لانکە بۆ پێشوازیکردنی بیرۆکەی بەکاربردنی ماسولکە لە دابەشکردنی ساماندا جگە لەوەی حەماسی شلەژاو و بەردەوامی ڕێکخراوە کۆمۆنستییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەهاتی لە سەر شێوازی شۆڕش ڕاهێندراون پشتگیری لە ڕێکخراوی بەرهەلستکاری بەجۆشوخرۆش کە بەلێنی بەهەشتی کۆمۆنست دەدا وەختە ببێتە گشتی.

بە بێ درێژدادرێ دەلێم لە بارودۆخی لەو شێوەیەدا، جگە لە سەرکردە سەربازییەکان کە لە بری بەلێنی بەهەشت هێز بەکار دێنن، بەرهەلستکاری ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم نییە، چونکە کۆمۆنیزم لە بارەی ئابووری و

کۆمەڵایەتییەوە بۆچوونی خۆی هەیە و بۆ بەکەڵکی و بێکەڵکی جیاوازە و چەندین جار و بار من گوتوومە ئەگەر لە هند بوایەم و حیزبی کۆنگرە هەر لەو ئاستە بوایە کە زۆر لە دواوەی پێویستەوەیە، لە هەڵبژاردندا دەنگم بە کۆمۆنستەکان دەدا چونکە بە لای کەمەوە چارەسەریان لە ئاستی تاکدا بۆ دەیان ملیۆن لەو کەسانە هەیە کە لە سەر شۆستەکان لەدایک دەبن و دەژین و دەمردن ئیتر سوودی گوتاری پەرلەمان بۆ ململانێی مردن و سووکایەتی چییە! بە باوەڕی من زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی جیهانی سێیەم، ئەگەر ڕۆژاوا و (ئەمەریکا لە پلەی یەکەمدا) ڕووبەڕووی لێشاوی کۆمۆنیزم نەبوونایەتەوە، دەبوون بە کۆمۆنست.

دەمەوێ بە سووربوونەوە بڵێم دوای ئەوەی کۆمۆنیزم لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەو لەناوبردن و کوشتوبڕەی ڕوویاندا سەیر نەبوون چونکە بانگەوازی کۆمۆنست هەر لە بنەڕەتەوە نەهێشتنی چینەکانە بە هێزی ماسولکە و کۆمۆنیزم بە بنەما تیۆرییەکانی پەرە ناسێنێ کە یەک کەس لە دە هەزار کەس لە وڵاتێکی دواکەوتوودا تێناگا و ناشکرێ وەرزێرێک کە نازانێ ناوی خۆی بنووسێ گوێ لە وردەکارییەکانی بگرێ بەڵام بە بەڵێنەکانی و بەو پاڵەوانبازییانەی کە خەڵکی دواکەوتوو شەیدایانن، پەرە دەسێنێ. بە چاوی خۆم لاوانی کۆمۆنستم لە ۱۹۵۹دا دیوە بۆ کۆشتنی هەموو مرۆڤێکی ناکۆمۆنست شەو و ڕۆژ هەڵپەڕیون و ئەگەر بگەیشتنایەتە دەسەڵات خەونەکەیان بەدی دەهێنا و ئەوجا دەکەوتنە کوشتنی یەکتر. ئەوە ڕاستییەکە خۆبەخۆ زانراو و ئەگەر کردەوەکانی پۆڵ پۆت بکەینە پێوەر کە بیست ساڵ لە دوای ۱۹۵۹ لە کەمبۆدیا ئەنجامیدان، لە بەر ئەوەی وڵاتی ئێمە دواکەوتووتر بوو، توندوتیژییەکە زیاتر دەبوو.

گەورەم جیاوازی نێوان سۆسیالیزمێک کە بە پێی پێویستی سروشتی گەشە بکا لەگەڵ سۆسیالیزمێکدا کە لە دەرەوەڕا بە زەبری هێز بهێندرێ و بسەپێندرێ ئەوەیە ئەوانەی دەزگای ئابووری لە بوارە جیاوازەکانیدا بەڕێوەدەبەن خەڵکانێکن بە پراکتیک لە (گەمە)کە تێدەگەن و ڕۆشنبیریشی دێتە سەر و سەر لە پێداویستی بازاڕ و مەیلی خەڵکەکە و تێکچڕژانی بەرژەوەندییە جیاوازەکان لەگەڵ یەکدا و پەیوەندییان بە یەکترەوە دەردەکەن: بە شێوەیەکی کورت، ئەوانە ئەندامی زندووی تەواوکەری هەیکەلی ئابوورین و هەست بە لەشساغی و نەخۆشییەکانی دەکەن بۆ بارودۆخی نەخۆش پزیشکیان ناوێ، جگە لەوەی لە قازانج و زەرەری پرۆسەکەدا هاوبەشن بە تایبەتی خاوەن پرۆژە و ئەوانەی بە بەشێکی سەرمایە تێیدا بەشدارن و بە ماڵی خۆیانی دەزانن و لە خۆیانەوە ماندوبوون و چاودێری و پێشخستنی و پەیداکردنی بازاڕ و... و... فەراهم دەکەن، لە کاتێکدا ئەوەی لە سۆسیالیزمی مارکسدا لە دەرەوە دێت و دەست بە سەر ئابووریدا دەگرێ جگە لەوەی لە دەقی تیۆرییەکانەوە فێر بووە، ئەوەیش سەرچاوەکەی تیۆرییە نەک پراکتیک، هیچی ئەوتۆی لێ نازانێ، تا ئەوەی پیاوێکی وەکو برناردشۆ لە هەندێ لە نووسینەکانیدا دەڵێ نووسینەکانی مارکس بۆنی عارەقەی ماندووبوون و دوکەڵیان لێ نایێ. ئەم تیۆرستە دەسەڵاتبازە جگە لەوەی بە شێوەیەکی گشتی سەر لە بازاڕ دەرناکا پڕیشە لە وزەی ڕقی وێرانکەر بەرانبەر ئەو بناغەیەی ئابوورییەکەی لە سەر هەڵچندراوە و بەهۆی ململانێی ناخیەوە، بەلایەوە گرنگ نییە ئاخۆ داتەپیوە یا گەشەی کردووە. ئەوجا بە فەرمانی وا بکە و وا مەکە و ڕێگریکردن لە ئیجازەدان لە سەر حیسابی بەرژەوەندی ململانێی ناوخۆی کپ دەکا و لە سەرووی ئەوانەشەوە داهاتی مانگانەی ناکەوێتە ژێر کاریگەری بارودۆخی پرۆژەکەوە. لەبەر ئەوەی پەیوەندی لە نێوان مانگانەکەی و بارودۆخی پرۆژەکەشدا نییە هەموو دەرفەتێک بۆ دەوڵەمەندبوون دەقۆزێتەوە و دەسەڵاتی خۆی بەکار دێنێ و هانا بۆ بێویژدانی خاوەن دەسەڵاتی وەک خۆی دەبا... هەتا کۆتایی لستەی خراپەی هەستنەکردن بە بەرپرسیارەتی ئەوانەی پرۆژەکە بەڕێوە دەبەن. ئەگەر وا دانێین کە ڕق و کەموکورتی تر لە بەینیش بچن، جیاوازی لە نێوان ئەوانەدا کە بە پراکتیک فێری کاری ئابووری بوون، لەگەڵ ئەوانەدا دەمێنێ کە لە سای تیۆریدا فێر بوون و جیاوازییەکەشیان وەک جیاوازی شوفێرێکە دە ساڵ شوفێری کردبێ، لەگەڵ کەسێکی تردا شوفێری و پێکهاتەی ئۆتۆمبیلی لە

کتێبدا خوێندبێ، نا بەڵکو جیاوازییەکە زۆر لەوەش گەورەترە چونکە شوفێریی پیشەیەکی ساکارە ئەگەر لەگەڵ بەڕێوەبردنی کارگەی ئۆتۆمبیلدا بەراورد بکرێ. جگە لەوەش، ئەو مارکسییە تیۆرستەی کارگەی کاغەز بۆ بەڕێوەبردن وەردەگرێ، هەر پێشەکی پڕە لە دژایەتیکردنی بوون و شارەزایی و ڕێڕەوی بەڕێوەبردنی خاوەنی کارگەکە و بە خوێنمژی کرێکارەکانی دەزانێ و خۆشی بە ڕزگاریان دەزانێ لە کاتێکدا خۆی جگە لە مرۆڤێکی ئاڵۆز کە بە نەزانی خۆی لە بواری ئابووریدا هاتووە پێش بە بەردەوامی و گەشەسەندنی دەگرێ چونکە تێگەیشتنی لە ڕێکخراوە پیشەسازی و ئابوورییەکان و هەموو بنکەیەکی بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن تێگەیشتنێکی پێچەوانەیە لە بنیاتنانی مێژوووەوە لە سەر ماسولکەوە بگرە و بەو سەردەمانەدا تێپەڕە کە بە هێزی ماسولکە بنیاتنراون تا دەگەیتە ئەوەی خۆی و کرێکارە ناپیشەییەکان هەموو شارستانەتی وەردەگرن و بۆچوونی لە سەر بینای کارگە و بانک و کۆمپانیا و بازنە ئابوورییەکانی تری بۆرژوازی لە سەر ئەو بنەمایەیە کە کۆمەڵێ شەیتانن و چزوویان بۆ مژینی خوێنی خەڵک هەیە و ئەوەش لێکدانەوەی نەخۆشە. سەرنجێکی خێرا بۆ بەراوردکردنی سەرجەم بارودۆخی لۆکسمبۆرگ لەگەڵ سەرجەم بارودۆخی بولگاریا یا مەجەر یا پۆڵۆنیا بەسە بۆ ئەوەی درک بە جیاوازی نێوان دوو ژیاندا بکەیت، یەکێکیان لە سەر بنەمای تێگەیشتن و ڕەزامەندی و ئازادی هەڵبژاردن دامەزراوە و ئەوی تر لە ژێر کاریگەری دەسەڵات و سەپاندنی بۆچوونی زۆردارانە دامەزراوە. بە درێژایی دەسەڵاتی مارکسی لەو وڵاتە ناوبراوانەدا کۆی گەل ڕای لە داڕشتنی سیاسەتی وڵاتدا نە بە قەبووڵکردن و نە بە ڕەتکردنەوە ڕای نەبووە، لە کاتێکدا هیچ شتێکی بچووک یا گەورە لە سویسرا، لە دەرەوەی چاودێری گەلدا نییە و چەند دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە کۆمەڵگەی مارکسیدا تایبەتمەندی دەسەڵاتە، بەشی دەسەڵاتی سویسراش لەو دەزگایانەدا هیچە و بە قەدەر بەربەستکردنی ڕای خەڵکی لە سستەمی یەکحیزبیدا، ڕادەربڕین لە سستەمی فرەحیزبیدا فرەئیرادە و بەربڵاوە. ئەگەر خوێنمژین لە لایەن عفریتی بۆرژواوە ئەو ئەنجامە جوانەی هەبێ و سەپاندنی دەسەڵاتی بۆرژوا (بە پێی گوتەی مارکس) بە سەر ئابووری و چارەنووسی خەڵکەوە ئاسایش و دڵنیایی و پێشکەوتن بەرهەم بێنێ و هەڕەشەی بەندکردن و لەناوبردن و نانبڕین نەهێڵێ، ئایە لە دنیادا کەسێک هەیە خۆی و خەڵکی خۆشبوێ، ڕەتی بکاتەوە خوێنی بمژن و عفریتی بۆرژا یا عفریتی شەیتان سواری سەری بن؟ خەڵک لە واقعی هەستپێکراودا دەژین نەک لە وەهم و ئەوانەی باوەڕیان بە دنیا هەیە، لەوانە زیاتر باوەڕیان بەو بنەمایە هەیە کە باوەڕیان بە ڕۆژی پەسڵانە چونکە ئەگەر واقیع لە دەستی باوەڕدار بە واقیع دەرچێ ئیتر بە تەواوەتی و لە هەموو ڕوویەکەوە ئیفلاس دەکا و بەڵگەی ئەرز و ئاسمان بۆ کەمیی خۆشگوزەرانی و نەبوونی ئازادی و بوونی هەڕەشە دادی نادەن هەرچەندە ئەو بەڵگانە بە تیۆری پیرۆزیش ڕازاوە و پشتئەستوور بن. ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا لە هەڵکەوتێکی وەک ئەمەدا کە لە بارەی بیانووی چەپ بوو بۆ سەرنەکەوتنە بەردەوامەکەیان کە زۆرمان ئازار لێی دیت، نووسیم: بۆ من باشترە لە سوید بە بێ ترس و بە بێ فەلسەفە بژیم، نەک لە ناو تیۆرییە پیرۆزەکاندا بە ترسەوە و بە بێ ئیرادە بژیم.

جەنابت دەبینی زۆر جار لە دەربڕینی باوەڕی خۆمدا بە شێوەیەک قسە دەهێنمەوە کە لە لۆژیکی نەبوونی بەڵگەوە نێزیکە و دەڵێی خۆبەخشانە باوەڕ بەو هێرشانە دەکەم کە دەکرێنە سەر کۆمەڵگەی چینایەتی. بەڕێزم، سەیر لەوەدایە من لەم بابەتەدا لاسایی گاوانێکی گوندێک دەکەمەوە کە لە ساڵانی نەبوونی دوای دووەم جەنگی جیهانیدا دەمناسی و کرێی گاوانیەکەی بۆ ماوەی شەش مانگ، سێ دینار بوو لەگەڵ بژێوی ئەو ماوەیەی. ڕۆشنبیرێکی مارکسی کە وابەستەیی ڕێکخراوەیی هەبوو چووە لای بۆ هاندانی تا یاخی بێ لە خەڵکی گوندەکە کە دەیچەوسێننەوە. ئەوەیش بەوپەڕی ساکاری و بە شێوەیەکی توند گوتی: «ئەفەندی، تۆ پێنج دینارم بدەیێ تا واز لە کارەکەم بێنم».

ئەو قسە بە ئازارەی کە دڵم دەگوشێ هەتا ئێستا بۆ گێڕانەوە چاوەڕوانی نۆرەی خۆیەتی و دەبێ ڕێگەم هەبێ بەتەما بم گرنگی بدرێ بەوەی باسی یەکێ لە ترسناکترین و کوشندەترین هەڵەی بناغەیی تیۆرییەکە دەکەم؟ ئەوەیش دواسەردەمی زنجیرە سەردەمەکانی نەمانی چینەکانە.

گەورەم، ئەو نەهێشتنە چینایەتییەی لە سەرەتای چەکەرەکردنی هۆشی مارکسییەکانەوە مێشکیانی پێ پڕ دەکرێ و تۆمەتبارکردنێکی توندی لە دژی چەوساندنەوە لەگەڵدا دێ تا ئەوەی بە گواستنەوەی ڕاستەقینەی خوێنیان چواندووە، تەکنیکی ئاسانی پاکبوونەوەی کۆمەڵگەشی لەگەڵدا هات ئەوەش تەنها نەهێشتنی چەوساندنەوەیە، ئیتر وەک دەرکەوتنی خۆر لە دوای ڕەوینەوەی پەڵەهەور، پێشکەوتن لە دەستدایە. هەموو ئاوها لەگەڵ تیژکردنی بەردەوامی ڕقی تێکۆشەری چەپڕەو بەرانبەر هەر کەسێک زاراوەی بۆرژوا بیگرێتەوە هات و ئەمەش وای لە تێکۆشانی سیاسی لە وڵاتە دواکەوتووەکان کردووە ببێتە شتێکی ماندووکەری ناشیرینی نزیک لە ئیفلیجی، هۆکارەکەش ئەوەیە چەپی توندڕەو، بەر لەوەی ڕووبەڕووی دەسەڵات و پیاوانی دەسەڵات ببێتەوە، بەرانبەر بۆرژوا دەبێتەوە، چونکە چەپی توندڕەو بە یەک چاو دەڕوانێتە هەموو دەستەیەکی سیاسی و ناسیاسی کە باوەڕداری مارکسیزم نین و بە شێوەی کاتی نەبێ کە پێویستی دەیسەپێنێ لەگەڵ ئەو لایەنانەدا دۆستایەتی و ئاشتەوایی ناکا لە کاتێکدا ئەو لایەنانەش لە بەردەم هەمان هەڕەشەی دەسەڵاتدان و وەک چەپەکان گرتن و لە گرتن خراپتر چاوەڕوانیانە. ئەگەر پێویستی کرد بەرەیەکی نیشتیمانی پێکبێنن، پێکی دێنن بەڵام بە شێوەی تاکتیکێکی و کاتی کە بەرژەوەندی چەپی لێ ڕەچاو بکرێ و لە هەموو حاڵەتێکیشدا بۆ سووکایەتیکردن بە لایەنەکانی بەرە، هیچ دەرفەتێکیش لە دەست نادا لە ئاشکراکردنی پێکهاتەی چینایەتی و چاوەڕوانکردنی لادانی. بۆ ئەوەی زوڵمیشی لێ نەکەم دەڵێم ئەو شێوازە لە کارکردندا دزەی کردۆتە ناو هەموو ئەو ڕێکخراوانە کە باوەڕیان بە دیموکراتی نییە چونکە ئەوە ئەنجامێکی حەتمییە بۆ چڕکردنەوەی باوەڕی هەموو بەرەیەکی سیاسی و ناسیاسی لە خۆدا و دانانی هەموو ئەوانی ترە بە ناشەرعی. ئەوەشی لە باوەڕنەبوون بە دیموکراسیدا نامارکسی لە مارکسی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە بۆ نەهێشتنی چینەکان گەرموگوڕ نییە و ئەوەندەی بەسە بگاتە دەسەڵات و بە ئارەزووی خۆی بۆچوونی خۆی بسەپێنێ و هەموو چالاکییە سیاسییەکانی تر پەک بخا تا مەترسییان لە سەر دەسەڵاتەکەی نەمێنێ. تەشەنەکردنی ئەم شێوازە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە لایەن یەک لایەنەوە هۆکارێکی بەردەوامە بۆ ئەوەی تێکۆشەران بەرانبەر یەکتر لە بۆسەدا بن و بە گومانەوە چاودێری یەکتر بکەن و ئەنجامیش دوورخستنەوەی لایەنی دۆڕاو دەبێ لە گەمەی «بەدەستهێنانی کورسی»ی دەسەڵات. لە نموونەدا دەڵێم کاتێ شاپور بەختیار دەسەڵاتی ئێرانی کەوتە دەست و شا سەفەری بۆ دەرەوە کرد و بارودۆخی ئاسایی کردەوە و ئازادی فەراهەم کرد، بە ویژدانی ئاسوودەوە گوتم: جەژنی جەژنەکان و مانگی هەنگوینی کە جێگرەوەیان بۆ چەپەکانی ئێران نییە، ئەوەیە خۆیان بە شاپوورەوە هەڵواسن چونکە ڕۆیشتنی ئەو دەکاتە ئەوەی یەک دەستە دەسەڵات بگرنە دەست و ئەوانەش هەموو چەپەکان بە بێ جیاوازی لەناو دەبەن.

گەورەم ئەم نەریتە جیهانە وێرانەکەی ئێمەی بە توندی گرتۆتەوە و ئەوەش خۆبەخۆ و بە بێ لاساییکردنەوە شێوازێکی گونجاوە لەگەڵ حەزی دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردن و ورووژان بۆ نیعمەت و بە تەنها لۆمەکردنی مارکسیزم — کۆمۆنستەکانیان بە تایبەتی - لەمەدا واتای نییە بەڵام ئەم شێوازە لە تۆمەتبارکردن و نارەزاییەوە نزیک بوو لە لێکۆڵینەوەی یاسایی قورستر دەبوو ئەگەر مارکسیزم شەرعییەتی مێژوویی بە دکتاتۆریەتی پرۆلیتار، وەک ئامانجی کۆتایی نەدابا ئەوەش دەکاتە ئەوەی دەسەڵات بە دەستی کۆمۆنستەکانەوە بێ ئیتر بۆچی و بە چ لۆژیکێ لایەنی تر ئایدۆلۆژیا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات دانەهێنن؟ جگە لەوەش، تۆمەتبارکردنی سستەمی پەرلەمانی لە لایەن مارکسییەکانەوە بە زیادبوونی لاوازی و ئیفلیجی گەشەسەندنی، لە سەر ئاستی جیهانی سێیەمدا نەیتوانی لە بەهێزبوونی باسکی دیموکراتیدا هاوکار بێ. هیچ گومانی ناوێ کە مارکسییەکان هەر لە

بنەڕەتەوە لە دەسەڵاتە دکتاتۆرییەکان زیاتر دژی سستەمی پەرلەمانن و ئەوش بۆ بەڵگە بەسە کە نەهێشتنی چین و خاوەنداری خۆی لە خۆیدا حوکمی ئیعدامی ئەو فرەڕێبازییەیە کە لە بنەڕەتدا سستەمی دیموکراتی لە سەر هەڵدەچندرێ. لە بیرمە ساڵی ١٩٥٠ بە سەرکەوتنی حیزبی «وەفد»ی میسری لە هەڵبژاردندا شادی و خۆشی بڵاو بووەوە بەڵام زۆری نەبرد ئێزگەی مۆسکۆ زۆر بە خراپە باسی ئەو سەرکەوتنەی کرد و لە چاوتروو‌کانێکدا چەپی میسری لە لایەنگرییەوە لێی بوون بە ڕەخنەگر و ناوشێواندن و من وا باسی خراپی ئەو هەڵوێستەم لەگەڵ سەرانی ئەو ڕێکخراوەدا کرد کە تیایدا ئەندام بووم کە لاوازکردنی وەفد هیچ ئەنجامێکی نابێ ئەوە نەبێ کە کۆشکی شا و دارودەستەکەی چنگ لە بینی دیموکراتی و هەستی نیشتیمانی توند بکەن بەڵام سوودی نەبوو و سوور بوون لە سەر باوەڕکردن بە ئێزگەی مۆسکۆ.

قەبارەی کارەساتەکان بەوە زیاتر بوو کە زۆر لە دەسەڵاتداران لە سەر بنەمای لاواز و ناڕاست دامەزران و سۆسیالیزمیان بە سەر وڵاتدا سەپاند، ئەوەش نەک بە ڕەزامەندی خەڵک یا دوای وردبوونەوە ئاخۆ چ جۆرە ئابوورییەک لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەگونجێ و دیارە ئەوەش لە هیچ جۆرە ئابوورییەکەوە کە بنەمای هەبێ و لە واقیعەوە نێزیک بێ، هیچ سوودێکی نەبوو بۆیە سۆسیالیزم خۆی بوو بە ئامانجێک وەک چۆن ڕۆژانی یەکشەممە دیانێکی دینپەروەر لە دەرەوەی حیسابکردنی بەرژەوەندی و تێداچوون دەچێتە کەنیسە، ئەوەش سەرەتای سەردەمێکی سەیروسەمەرەی پاڵەوانبازی هەموو بوارەکان بوو و کپکردنی تەواوی هەموو میقدارە ڕەخنەیەک و ڕێتێچوونی ڕاستبوونەوەیەکی عاقڵانەی لەگەڵدا هات و دوای ئەوە میزاج و ئارەزووی سەرکەوتوو و توانای کڕنۆش پێبردنی خەڵک بوو بە دایکی ئابووری و باوکی ئازادی تا وای لێ هات لە گۆرانییەکی سیاسیدا زاراوەی «یا عدیم الاشتراکیة - هەی بێ سۆسیالیزم»[4] پەیدا بوو کە لە یادی شۆڕشێکی ناسراودا، ساڵی ١٩٦٤ هونەرمەندێکی ناسراو گوتی و منیش یەکێ بووم لە ئامادەبووان.. بەڵگەنەویستیشە کە دیموکراسی یەکەم قوربانی ئەو جۆرە نوکتەیەیە و هیچ سەیریش نییە تاقیکردنەوەی دیموکراسییەکی مێژوویی تاقانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ناو چەپڵە و هیتافی ورووژاندنی پووچی دەروێشانی نابووت، وەک مریشک سەرببڕدرێ.

وەک جەنابتان دەزانن، دەرکەوتنی زیانی بانگێشەکردن بۆ نەهێشتنی چینەکان و وابەستەبوون بە دیکتاتۆری پرۆلیتارەوە وای لە هەندێ لە کۆمۆنستە بەهێزەکانی ئەوروپییەکان کرد بە هەڵوێستی کۆنی خۆیاندا بچنەوە کە هاوتەریبی تیۆری لەناوبردنی چینەکان بوون و ڕایانگەیاند کە ئەو مەزهەبە لەگەڵ واقعی پێشکەوتووی ئەوروپادا ناگونجێ و دەستیان لێی بەردا و زۆر چاکیشیان کرد و خۆزگە پێش دووەم جەنگ ئەوەیان دەکرد تا دووچاری هەندێ هەڵوێستی شەرمەزاری، وەک لایەنگری ڕێکەوتنی هیتلەر — ستالین نەدەبوون بەڵام ئەوەی بوو، بوو بەڵام پێش ئەوە کارەسات قەوما ئەوەش ڕێکنەکەوتنی کۆمۆنستەکانی ئەڵمان و سۆسیالستەکانیان بوو لە دژی نازییەکان و ڕێکنەکەوتنیان لە بەر هەندێ هۆی ئایدۆلۆژی هیچ بوو و نرخەکەشی ئەوە بوو کە هەردوو لایان بوون بە ئاردی داری دەم مشاری حیزبی نازی و دوای ئەوەش یەکێتی سۆڤیەتی خۆی کەوتە بەردەمی هەڕەشەی لەناوچوونەوە.

ئەگەر ئەوروپای پێشکەوتوو بەرگەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتار نەگرێ، واتە بەرگەی لەناوبردنی چینەکان نەگرێ چۆن باوەڕ بێنین کە لە جیهانی سێیەمدا بارودۆخ بۆ نەهێشتنی بۆرژوا، کە هێشتا لەو وڵاتە وێرانانە نەکەوتۆتە سەر پێی خۆی، لەبارە؟ یەکێتی سۆڤیەتی بەو پێیەی کە تەوەری هاوسەنگییە بەرانبەر سەربازگەی ڕۆژاوایی، دەتوانێ یەکێ لە بژارە زۆرەکان بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ جیهانی سێیەمدا پەسەند بکا، بۆ نموونە دەتوانێ پشتگیری لە بەردەوامی چەپی ئەو وڵاتانە بکا تا لە سەر ڕێبازی مارکسی بۆ پێکهێنانی دیکتاتۆری پرۆلیتاری

---

[4] سروودێکی عەبدولحەلیم حافزە لە سەردەمی جەمال عەبدولناسردا گوتوویەتی. وەرگێڕ.

بەردەوام بن و بۆرژوازی و دیموکراتی پەرلەمانی سەرکوت بکەن بەوەش لە ئاستی نێودەوڵەتی لایەنگر مسۆگەر دەکا و بە هەق و ناهەق پشتگیری لێ دەکەن، بەڵکو کوبا لە بری شەکر سوپای بۆ دەنێرێ تا خزمەتی ئەو ئاڕاستەیە بکا. بەڵام لەم سیاسەتەدا مەترسی نزیکخایەن و دوورخایەن دەردەکەون.

لە ئاستی نزیکدا مەترسی بنەڕەتی دوانن یەکێکیان ئەوەیە کە یەکێتی سۆڤیەت خۆی بە دەست شوێنەواری نەرێنی پیادەکردنی مارکسیزمەوە دەناڵێنێ، ئەگەرچی شارەزایی و سامان و ئاسایش و بەرگری بۆ سەرکەوتن و پیادەکردن لەو بوارەدا زۆرە. لایەنگری لە مارکسیزم لە دەوڵەتە دواکەوتووەکاندا کە هیچ توانایەکیان بۆ خۆپارێزی لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی نییە، دەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی سۆڤیەت ئەوەندەی لە خەمی زیادکردنی ژمارەی هاوپەیمانە ئەوەندە لە خەمی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانەدا نییە، بەوەش باوەڕپێکردنی زۆر دادەبەزێ. مەترسییەکەی تر کە بابەتییە، بەرزبوونەوەی ئاستی ترسی تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆیی زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێیەمە کە لە بنەڕەتدا بە هۆی پەرەسەندنی ململانێی چینایەتییەوە لە دەوروبەریان و لە ناوماڵی خۆیان، باری ناوخۆییان ئارام نییە و بە ناچاری بەرەو ئۆردوگایەک دایدەشکێنن کە دژی مارکسیزم بێ. ئەوەی کە نابێ لە بیر بکرێ ئەوەیە گۆڕینی دەوڵەتێکی دواکەوتوو بۆ کۆمۆنیزم تۆوی ناواقعی لە ناخی خۆیدا هەڵدەگرێ چونکە بارودۆخەکەی ئەوە نییە لەگەڵ بیرۆکەی لەناوچوونی چینەکاندا بژێ، لە بەر ئەوە تووشی تەنگوچەڵەمەی گەورە دەبێ و دیسان ئەو بەڵگەیە دەکەوێتەوە ڕوو کە قرتاندنی نیوەی دەنووکی لەقلەق و بڕینی نیوەی لاقەکانی، لێکچوون لە نێوان لەقلەق و پەلەوەرەکانی تر دروست ناکا، ئەوەش پێچەوانەی بۆچوونی مەلا نەسرەدینە، کە نوکتەیەکی میللی بەناوبانگە.

ئەوەی لە مەودای دووریشدا جێی مەترسییە، مەحاڵ بێ دەوڵەتە دواکەوتووەکان خەباتی سیاسی خۆیان بخەنە چوارچێوەی قالبی دیموکراسییەوە، کە ئەوە خۆی تاکە ڕێگایە بە خەیاڵدا بێ، بۆ ئەوەی لە هەڵدێری دواکەوتوویی دەرباز بن و ئەوەندەش یەکگرتوو بن، بەرانبەر ئەو پێداویستییانە بوەستنەوە کە دەشێ هەڵیخزێنێتە ناو دوای سیاسەتی دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهانی بۆرژواوە و جەنابیشت لە من باشتر دەزانیت کە ڕێکخراوەی دەوڵەتە «بێ لایەنەکان» هەر وەک جەوەندەیەکی کونتێبووە و لەگەڵ هەژاری و دڵەڕاوکێ و دواکەوتوویدا نەفەس دەدا و ئاوی لێ دەچێ.

دەتوانم لە ڕێی وردبوونەوەمەوە لە دیاردەکان وەک شێوازی پێشتر، داوا لە خۆت و ئەو هاوڕێیانەت بکەم کە لەگەڵتدا باوەڕیان بە گۆڕانکاری لە وڵاتەکەتدا هەیە، ڕێنمایی مارکسییەکانی جیهانی سێیەمی ئێمە بکەن لە بەرنامەی سیاسی و شێوازی خەباتیاندا واقعی بن و هەموو تایبەتمەندییەکانی پاشکۆیی چینایەتی توندوتیژ کە بەرەو نەهێشتنی چینەکان دەچێ وەلا بنێن چونکە ئەوە دەبێتە بەربەست لە بەردەم گردکردنەوەی تواناکانیان لەگەڵ توانای تێکۆشەری نیشتیمانپەروەری لایەنەکانی تر و ئەوانەی مەبەستی چاکە و هیممەتی ئازادیان هەیە لە ناو گەلانی ئەم دنیا پان و بەرینەدا. دەزانم ئەم داواکارییە قورسە بەڵام من سوورم لە سەری چونکە ئاڕاستەکردنی ئەو مارکسییانە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی یەکلاکەرەوە لە مەودای دووردا (تەنانەت نزیکیش لە هەندێ ڕووەوە) تاکە تۆوێکە کە دەشێ شین بێ و بۆ بەرژەوەندی هەموو گەلانی جیهانی سێیەم، بە کۆمۆنستەکان خۆشیانەوە پێبگا ئەگەر بەرەو یەک ئامانج هەمان ڕێگای تێکۆشانی ڕاستەقینە بەرەو ململانێی شەریفانە ببرن. گەورەم: هەر دەبێ تێکۆشەرانی «ئایدۆلۆژی» جا شیوعی بن یا ناشیوعی بەو ئەنجامە بگەن کە دەستبەرداری لە ڕەگهەڵکێشان بن و بە یەکجاری لە ناخی خۆیانی بسڕنەوە تا جیهانە دواکەوتووەکەمان بتوانێ بە ئاسوودەیی نەفەس بدا و ڕێگایەکی پێشکەوتن بگرێتە بەر یا هیچ نەبێ لە جێی خۆی بە بێ کشانەوەی بەرەو پاش بمێنێ. من کە لە پلەی یەکەمدا مەبەستم کۆمۆنستەکانە و لە پلەی دووەمیشدا مارکسییەکان کە داوای

ڕێنماییتان لێ بکەن هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو خەڵکانە بە هۆی نزیکی باوەڕەوە لێتانەوە نێزیکن و لەووەوە نزیکن گوێ لە ڕاوێژ و ڕێنماییتان بگرن جگە لەوەی یەکێتی سۆڤیەت کەناڵی ناردنی ڕێنمایی بە کەرەسەی نەرمکردنەوە زۆرە.

بۆ ئەوەی هاورِێ گورباشۆڤ بەوە گومانی ساکارییەکیشم لێ نەکا کە لە سەر دڵنەرمی و مەبەستپاکی هەڵچندرابێ، کاتێ دەمەوێ سیاسەت لە سەر هیواخواستن و پاڕانەوە و (خاترانە) دامەزرێ، بە مافی خۆمی دەزانم هۆکاری ئاسانکاریم لە هەڵبژاردنی زاراوەگەلی وەک «هیواخوازی و چاوەڕوانی و دەخیلکەوتن..» کە لە ڕواڵەتدا بۆ دنەدانی دەماری سۆز و بەزەیین ڕوونی بکەمەوە کە لە شوێنێکەوە هیچ هێزێکم نییە، بە قووڵی و بە ڕوونی ئاگاداری ئەو دڵڕەقییەی ئەو بارودۆخانەم کە بە خەیاڵدا دێن و لە ئاستی بەرپرسیارتیدا سیاسەت بەڕێوە دەبەن و هەڵوێست و بڕیار دیاری دەکەن.

من کاتێ لێت دەپاڕێمەوە ئامۆژگاری کۆمۆنست بکەیت بە بێ ئاگایی لە جیهانی بەرژەوەندی بۆ ئەوە نەچوومە بەڵکو هەڵبژاردنی ئەو داڕشتنە لاوازانە لە درککردنمەوەیە بە لاوازی خۆم لە دنیای هێزدا نەک لاوازی بەڵگەکانم لە جیهانی سیاسەتدا. کەسێک هەست بە بێ دەسەڵاتی بکا، لێی ناوەشێتەوە قسەی ڕەق بێ بەڵام لەوەدا لۆمە ناکرێ هەموو مافێکی خۆی بۆ پیشاندانی بەڵگەی خۆی بڵێ.

گەورەم و هاوڕێی مرۆڤایەتیم، کە داوا دەکەم ئامۆژگاری و لە ئامۆژگاری باڵاتر پێشکەش بە هاوڕێ کۆمۆنستەکانت لە جیهانی سێیەمدا بکەی، میقدارێکی ئەوەندە زۆر بەڵگەم هەیە کە بەشی ئەوە دەکا ئەگەر هاوڵاتییەکی ڕووسی بوایەم و گوێ لە قسەم بگیرابا بۆچوونی خۆمم ئاشکرا دەکرد و داوام لە سیاسەتمەدارانی ڕووس دەکرد کە دەبێ پێڕەو بکرێ و داوام لە کۆمۆنستەکانی جیهان دەکرد خۆیان لەگەڵ شێوازی ئاشتیانە و دیموکراتیانەدا، کە توانای هەموو لایەکان کۆ دەکاتەوە بۆ نەجاتدانی ئەو کەشتییەی کە خەریکە نقوم دەبێ و دوای نقومبوونی کەشتییەکە جۆرەها بەڵگەی گردەبڕ و هۆکاری بابەتی و پێداویستی مێژوویی و بەرژەوەندی پرۆلیتاریا و چۆلەکەی بەهەشت، مەترسییەکانی مردن بە نقومبوون و خنکانیان لە ناو هەڵاوی ژەهراوی و لە ڕەگهەڵکێشانیان بیر بردوونەتەوە. دەتوانم باڵایی ئامانجەکەم و بەهێزی بەڵگەکانم بۆ ئاستێ بەرز بکەمەوە کە بمبیستی کاتێ دەڵێم: ئەی بڕیاردەر لە سیاسەتی سۆڤیەتیدا! ئەگەر بە هۆی خراپی بارودۆخی وڵاتەکەتەوە بیانوویەکی بەهێزی وات هەیە کە جێی دەمەتەقێ نییە بۆ ڕیسواکردنی ئەو شێوازەی ژیان کە ماوەی حەفتا ساڵە ڕەگ دادەکوتێ و هەموو دامودەزگاکانی وەڵاتەکەت لە سەری هەڵچندراون و داوا لە بنیاتنەرانی ئەو بینایانە دەکەیت جێگرەوەی باشتر و کاریگەرتر قەبووڵ بکەن و بەڵگەی بەهێزیشت پێشکەوتنی شێوازی بۆرژوازیی ڕۆژاوایە کە لە بنەڕەتدا دەوڵەتی سۆڤیەتی بۆ ململانێکردنی پێکهاتووە کە بە قەولی مارکس، جەدەلیانە پێیەوە وابەستەیە. ئەی سروشتی ئەم داواکارییە و ئەرکی ئەدەبی کە لێی دەکەوێتەوە ناخوازن ڕوو لە دۆستانی دەرەوەی دەوڵەتی سۆڤیەت بکەیت و داوایان لێ بکەیت بەرنامەی خۆیان و شێوەی کۆنی کارکردنیان بگۆڕن کە بە هۆی سەرنەکەوتنیانەوە لە یەکێتی سۆڤیەت بێکەڵکییان ئاشکرا بووە؟ گەلانی جیهانی سێیەم لەوە نەدارترن مەسرەف لە سەر توندڕەوی بێ ئەنجام بکەن کە بەرەو وێرانکارییان دەبا و ناشگاتە سەدیەکی ئەو مەسرەوفەی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕابردوودا کردوویەتی. ئەگەر سۆڤیەتییەکان بە بەردەوامییان لە سەر شێوازی ناسەرکەوتوو ئەو قازانجە خەرج بکەن کە دەکرا لە شێوازی واقعییانەدا دەستیان بکەوێ، ئەو گەلانە لە بری قازانج و سەرمایە ژیانیان لە توندوتیژیدا سەرف دەکەن و بە جوینەوەی ئایدۆلۆژیای پاشماوە پاشەڕۆژی خۆیان لەدەست دەدەن.

ئەوە بەڵگەیەکی ئەدەبییە و لە سەر ئەوە وەستاوە مرۆ بە گوێرەی توانا لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێ. بەڵام توانا لێرەدا دەچێتە خانەی پێویستییەوە چونکە بە شێوەی بوون و نەبوون لەگەڵ ئەم بەڵگەیەی خوارەوە وابەستەیە و

ئەنجامەکەشی ئەوپەڕی ڕوونە. بەڵگەکەش ئەوەیە هەر وڵاتێکی جیهانی سێیەم بارودۆخی ئارام بێ و بە هۆی خەباتی تێکۆشەرانیەوە دڵنیایی تێدا بێ دەبێتە دۆستێکی جێباوەڕی یەکێتی سۆڤیەتی، هۆکاریش ڕۆڵی ڕوونی چەپی دیموکراتی و وەلانانی بەربەستی کۆمۆنستەکانە. بە هۆی پێویستییەکەوە گوتم «وەلانانی بەربەستی کۆمۆنستی» کە لەگەڵ لۆژیکدا خۆی دەسەپێنێ ئەوەش لەو گۆشەنیگایەوە کە کۆمۆنستەکان سوورن لە سەر بەرەنگاربوونەوەی هەر پێشکەوتنێک کە لە وڵاتەکەیاندا لە ڕێی خەباتی خەڵکانی نیشتیمانپەروەری ترەوە کە پەیوەندییان بە خۆیانەوە نەبێ ڕوو بدا چونکە لە بەر ڕۆشنایی مارکسیزمەوە کە باوەڕیان پێی هەیە دوژمنایەتی هەموو دەستکەوتێکی چاکەخوازانە دەکەن کە لەگەڵ ڕەوتی تیۆرییەکەیاندا نەگونجێ و لە ئەنجامدا ببێتە هۆی گەشەکردنی هێزی ئەو لایەنەی ئەنجامی داوە و ئەوەش لە لایەکەوە کەمکردنی هێزی خۆیانە و لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆکاری چارەسەری چاککاری لە بەرانبەر چارەسەری ڕیشەییدا. ئەو خەسڵەتە کە لەگەڵ خەباتی کۆمۆنستیدا لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا هەتا ئەمڕۆ هاتووە و هەتا بیست – سی ساڵێک پێش ئێستا هەموو دنیای گرتبۆوە لە قسەکانی مارکسەوە لە بارەی ململانێی چینایەتییەوە سەرچاوەی گرتبوو و دواتر لە سەردەمی ستالیندا لەگەڵ توندوتیژترین شێوازدا ڕەگی داکوتا و ئەوجا خۆبەخۆ لەگەڵ دواکەوتنی کارەساتئامێزدا یەکی گرتەوە و جیهانی سێیەمی تەنانەت لە شارستانەتی سەدەکانی ناوەڕاستیش دابڕی، تەنانەت تێکەڵبوونی خڵتوخاشی گەنیوی وڕینەی چەندین سەدەی بە دوای یەکدا لەگەڵ کەفی شارستانەتی سەدەی بیستەمدا کە کەوتبووە سەر ڕووی شارستانەتی تێکەڵ بوون و چوونە هۆشی بەبەردبووی جیهانی سێیەممانەوە و لە ژێر سەرەناوی ڕتووشکراو و نەخشێندراوی پێکەنینهێنەردا جۆرەها خۆسووکردنی لێکەوتەوە کە ئەوەندە لاواز و پووچ بوون کەوتبوونە دوای حیکمەتی ئەفریقییە مرۆخۆرەکانەوە، کە لە جەنگی دووەمدا بە چەرچلیان گوتبوو: ئەگەر گۆشتی کوژراوەکانتان ناخۆن ئەم جەنگە چ سوودێکی هەیە؟ خەباتی بەردەوامی دەیان ساڵ لە جیهانی سێیەمی ئێمەدا هیچ لۆژیکێکی تیۆری یا سوودێکی پراکتیکی تێدا نەبوو ئەگەر بە وردی ژمارەی قوربانییەکان لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەدا پێوانە بکەین کە لێی پەیدا بووە بەڵکو مەیینی ڕەها ئەگەر لەگەڵ ڕووداوەکانی لوبنان بەراورد بکەین، دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە.. من کە بەوە واز بێنم بڵێم «وەلانانی بەربەستی کۆمۆنستی» دەکاتە وابەستەبوون بە کەمترین بەڵگەوە دەنا بەشداریکردنی کۆمۆنستەکان بە گونجانی تەواوی یەکبوون لە خەباتی کۆی خەڵکدا وەک زەقترین شەریکی سوود دیار دەکەون. دەتوانین لێرەوە بەردەوامی بە ڕاستییەکی هاوشێوە بدەین ئەوەش ئەوەیە کە بە قەدەر ئاسوودەیی گەلانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە سیاسەتی دەوڵەتەکانیان خۆشەویستییان بۆ سۆڤیەت دەبێ چونکە دڵنیان کە ئێوە پشتگیری ئەو دەوڵەتانەتان لەو سیاسەتە کردووە. واتای پێچەوانەی ئەم ڕاستییەش ئەوەیە چەند خەڵکی لە تەنگژەدابن زیاتر بە ئۆردوگای بەرانبەرەوە وابەستە دەبن. لە بۆنەیەکی پێشتردا نووسیم کاردانەوەی گەلی پۆڵۆنیا وای لێ کرد دوای چل ساڵ دوای ڕاگەیاندنی یاسای خوانەناسی، بۆ پاپا بە چۆکدا بێ. هەر هەمان کاردانەوەیش دیواری بەرلینی چاند و بە درێژایی سنووری هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتی ناکۆمۆنستدا هێزی چاودێری دابنێ تا ڕێگری لە ڕاکردنی ئەو گەلانە بکەن کە لە سیاستی سەپاو بێزارن. بە هەموو پێوەرێک یەکێتی سۆڤیەت یەکەم سوودمەندە لە سیاسەتی هاوکاری نێوان هەموو تێکۆشەرانی جیهان چونکە دۆستی ڕاستەقینەی وا بە دەست دێنێ کە باشن و لەگەڵ گەلی خۆیاندا یەکگرتوون، نەک دەسەڵاتێک خۆی بە سەر گەلەکەیدا سەپاندبێ و لە سەر سۆڤیەتیش پارە و هەوڵی بێکۆتایی بوەستێ و ئەوەشی لە سەر دەکەوێ کە پشتگیری زەبروزەنگ دەکا. لە کاتێکدا ڕێ بە خۆم دەدەم درێژە بەم قسە شاعیرییانە بدەم کە داواکارییەکی لە بەڕێزتان لەگەڵدایە واتا ڕاستەقینەکەی ئەوەیە دەست لە هەڵوێستی پێشووتر هەڵگرن، بۆ یەک چرکەش وزەی ڕووداوەکان و پێداویستییەکانی واقیع و تێکئاڵانی بەرژەوەندی گونجاو و نەگونجاوی بەردەوامم لە بیر ناچێ بەڵام ئەوەشم یەک چرکەش لە بیر ناچێ داڕشتنی سیاسەت لەم ڕووەوە

یا لە ڕووی ترەوە، لێی دەوەشێتەوە تووشی هەڵە بێ و لە بەرژەوەندی دوور بکەوێتەوە. لەم بۆنەیەدا ئەوەم بە بیر دێتەوە کە لە دەمەتەقێیەکدا لە بارەی مەترسییەکانی ئەو سیاسەتەوە کە ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵات پەیڕەویان دەکرد بە سەفیری ئەمەریکام گوت، ئەویش گوتی not likely واتە شتی وا ناچێتە عەقڵەوە. منیش وەک ئەوەی لۆژیکم لە دەست دابێ، گوتم هەموو ئەو هەڵە کوشندانەی کە ئەمەریکا بە درێژایی مێژوو ئەنجامی داون، پێش دەرکەوتنی ئەنجامەکانیان not likely بوون و نەدەچوونە عەقڵەوە.. خەڵکیش لێهاتوویی و زیرەکی و توانای تا ئاستی جادووگەری لە سیاسەتدا دەدەنە پاڵ زلهێزەکان بە تایبەتی ڕۆژاواییەکان و ئێستاش دەبیستم دەڵێن سەرنەکەوتنی جیمی کارتەر لە نەجاتدانی بارمتەکان لە تاران ئەوەش بە ناردنی فڕۆکە کە لە ڕێگا پەکیان کەوت و ئابڕوویان چوو نموونەی لێهاتوویی لە ڕادەبەدەر بوو لە سیاسەتی ناسەرکەوتوو لە ڕواڵەتدا و ئەوپەڕی سەرکەوتوو لە ناوەڕۆکدا و کشانەوەی بەریتانیاش لە دوورگەکانی شتێکی ڕواڵەتی و چاوخەڵەتێنە...

ساڵی ١٩٦٥ کاتێ وەزیری دەوڵەت و نوێنەری کورد بووم، سەفیری ئێوە لە بەغدا هاتە سەردانم و پێم گوت هەموو بەرژەوەندییەکانتان لە میسر و هەرچی هاوکاری و هەوڵێک کە پێشکەشتان کردووە، مەترسی لەناوچوونی لە سەرە، کابرا سەری سوڕما بەڵام قسەکانمی بە جددی وەرگرت و بە ئاشکرا باوەڕی پێ هێنان. نامەوێ بە لێکچواندنی ئەمڕۆتان و ئەو ڕابردووەتان کە قسەی بوێرانەی خۆمم هەبوو لە سەری لە سنووری خۆم دەرچم و بەرزایی بۆ نرخی خۆم مسۆگەر بکەم و لەو مینبەرەوە کە قسەم لەگەڵ سەفیرەکەتاندا کرد بگوازمەوە بۆ مینبەرێک کە لێیەوە لەو گورباشۆقە بپاڕێمەوە کە ئەستێرەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و دەستی لە چارەنووسی مان و نەمانی نیوەی مرۆڤ توند کردووە و کە باسی دیدار و ڕای ڕاشکاوانەی خۆم لەگەڵ دوو گەورەترین سەفیردا دەکەم مەبەستم خۆ هەڵکێشان نییە چونکە دەمێکە ئەو تەمەنەم تێپەڕاندووە بەرەو لوتکەی لەزەتبینین لە سێبەری درێژ ڕابکێشرێم چونکە بە شەرەفی مرۆڤایەتی کە کۆمان دەکاتەوە سوێند دەخۆم کە چاو دادەخەم و بیر لە زەمانێکی بێ سەرەتا و کەونی بێکۆتایی دەکەمەوە و زەوی وەک دەنکە نۆکێک دێتە بەر زەینم و خۆم لە سەر چەند مەترێکی چوارگۆشەی زەوی وەک مەملەکەتی خۆم دەبینم، گەورەیی و مەزنایەتی وەک گەڵای پایز لە بەر دەرگاکەم هەڵدەوەرێن. بەڵام بە قەدەر بچووکبوونەوەی ڕیاکاران و کرژبوونەوەی پانکەرەوان بە پێوانەی ڕەهاییم، شڵەژانی ترساو و فرمێسکی گریاو و ئازاری برسێتی زگی بەتاڵ بە لامەوە گەورەتر دەبن و ئەو نرخەشی کە بۆ گوێنەدان بە مەترسی و بیانوو کە هاوشانی پاڕانەوەم لە سەرم وەستاوە گومانی خۆ بە گەورەزانینە کە سەعات دوای سەعات خۆمی لێ بێبەری دەکەم بەڵام بیانوویەکی ترم لە ڕاشکاوی و بێپەردەیی قسەدا هەیە کە هاشای لێ ناکرێ و جیاوازە زەبەلاحەکانی نێوانمان وەلا دەنێ ئەوەش ئەوەیە کە من بە تەمەن لە تۆ گەورەترم و چەند مانگێکی تر دەچمە یانەی حەفتا ساڵانەوە [و دەبمە یەکێک لە «حەفتاییەکان»] Septuagenarians و هاودەمێتیم لەگەڵ گلۆربوونەوەی زەویدا بە دەوری خۆیدا و سووڕانەوەی بە دەوری خۆردا کۆنترە و درێژی ماندووبوونم لە سەفەری ساڵانەی مەودای هێلکەیی ٥٨٠ ملیۆن میل ڕێڕەوی زەوی کە کەڕەتی ژمارەی جیاوازی تەمەنمانی بکەی لەو مەودایە درێژترە کە تۆ بڕیوتە و ئەگەر پێش پەنجا ساڵ یەکترمان بدیبایە بۆی هەبوو لە بری ئەم قسە تێکەڵاوە هەراسانکارانەی ئێستە لەم گوتارەمدا لە بارەی کێشەکانی سەردەمەوە دەیخوێنیتەوە و بە دووکەڵی باروود لێڵن، بە چیرۆکی سەرنجڕاکێش خەیاڵی منداڵانەی خاوێنی ئەو دەمەت ڕابکێشم. مەیلی ئەوەم هەیە بیرتی بهێنمەوە کە لە یەکەم پلەی سەرکەوتندا بەرەو باڵا، بۆ ئاستی دانیشتوانی ژووره بەرزەکانی بەرپرسە حیزبی و سەرکردەی وڵاتان چ خەیاڵێکت هەبوو ئەگەر بۆ هیچ نەبێ با ئەو پەرۆشییە بکوژێنمەوە بۆ پێستی ئەو دەستانە هەتبووە کە تەوقەیەکی ڕێڕەویت لەگەڵدا کردوون و ئەو ڕستانەت لە قسەکانیاندا قۆستۆتەوە کە لە باسی کاروباری گەورەدا بوون. گەورەم هەرچۆنێ بێ ئێمە مرۆڤین و لە ئارەزوو و سڵکردنەوەدا یەک دەگرینەوە و لە ڕووی دەستدرێژییەوە نییە ئەگەر بڵێمەوە کە کۆمەڵگا بە تۆژاڵی جیاواز و

پێشەی هەمەجۆر و گرنگیدان و پیشەیی ئاستی جیاوازەوە کە لە سروشتی خودی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرن و پێویستی جیاواز و بەرژەوەندی جیاوازی هەن و پێداویستی بەردەوامی و هۆکاری ترس و ئاسایشی، پەیدا دەبێ، هەتا ڕۆژی ئەمڕۆشمان لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زەبەلاحەشدا کە هەموو بوارێکی گرتۆتەوە پێویستی بەوانە هەیە کە پێداویستی بازاڕ دابین دەکەن و زێرابەکان پاک دەکەنەوە یا وەزارەتەکان یا سەرۆکایەتی دەوڵەت یا کاری ڕێگاوبان و ڕۆشنبیری و بەندیخانە و تەکنەلۆژیا یا وەستان بەرانبەر پۆلیسی ناجێگیری هەندێ لە کارگەکان بەڕێوە دەبەن.. ملّکدار هەیە و دوکاندار و خاوەنداریتی هەموو شتێک هەیە. ئەو کۆمەڵگایانەی هەموو جۆرە خاوەنداریتی و پیشە و کار و توێژاڵی ئابووری و باوەڕداریتییان تێدا ماون بە قەدەر پێشکەوتنەکەیان لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە تا وای لێ هاتووە هەندێکیان بوونەتە نموونەی ئەو بەهەشتەی کە مرۆ خەونی پێوە دەبینێ و هەندێکیشیان هەڵگەڕاونەتەوە و بوونەتە جێی کەوڵکردنی مرۆ بەڵام کۆمەڵگە سۆسیالستییەکان بە دەستی بەربەست و کەموکورتی و بێزارکردنەوە، کە هەندێکیان بەرگەیان ناگیرێ دەناڵێنن. خراپە لە شێوازی خودی جۆری کۆمەڵایەتیدا نییە و بەرەکەتیش لە شێوازێکی تریدا نییە. ئەگەر چاکە و خراپە بە کەرەسەی دادوەری بچوێنین، ئەگەر دادگای گەلێک ببێتە ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی تەعبیر لەخۆکردن کە بۆ هەموو هاوڵاتییەک دەستەبەر بێ، هەزار جار لەو دادگایە باشترە کە تیایدا حکوومەت خاوەنی هەموو کەرەسەیەکی تەعبیر لەخۆکردن بێ چونکە ئەگەر حکوومەت لە بوونی کەناڵێکی بڵاوکردنەوەی دەرەوەی خۆی چەند لاوازیش بێ بێزار بێ نەک ڕەخنە لە شتێک لە کارەکانی بگیرێ، لە بوونی دادگایەک بێزارتر دەبێ کە مافی دادگاییکردنی حکوومەتی هەبێ، ئەگەر هاوڵاتییەک شکاتی لێ بکا. قسەکردن لە سەر ئەم بابەتە درێژە دەکێشێ تا دەگاتە دەمەتەقێکردن لە سەر فەلسەفەیەک کە کەمایەتییەکی هاوڵاتییان دایدەهێنن و مافی شۆڕش و بەربەستکردنی شتێکیان بە تەواوەتی دەداتێ تا ئاخرزەمان ڕێگری لە زۆرینەی گەل بکەن و بە دەنگی بەرز بیر لە گۆڕینی حکوومەت بکاتەوە. گەورەم، بە عەقڵەوە دەچێ لێهاتوویی و زانایی و ئارەزووی سەدان ملیۆن لە وڵاتێکدا پەکبخرێن کە سستەمێک تیایدا ڕێبەرە خۆی بە زانستی دەناسێ و لە بانگەشەدا پەنا بۆ دیارترین شت دەبا تا بیسەلمێنێ کە بوون مادده هەستپێکراوەکانە و داویی ماتریالی و زانستی خۆی وا داڕێژێ کە پیرۆزی و ئەبەدییەت بە خۆی بدا و بە هیچ بۆچوون و فەلسەفە و تیۆرییەکی تری نەدا و هیچ بوارێکیش بۆ کەس نەهێڵێ تا لێیەوە تەماشای خەڵکی تر بکا تا باوەڕی بێ ئەوجا چۆن باوەڕ بکەین کە ڕاستی بە سەر هەموو دنیادا تێپەڕیوە و لە لای تاکە کەسێکی دیاریکراو گرد بۆتەوە کە لە سەرەتاکانی سەردەمی پەرەسەندنی زانستدا ژیاوە و تەنانەت زۆر شت لەوانەی کە پێش سەد ساڵ بە حەقیقەتی بێ ئەملاوئەولا دادەندرا ئێستا کەموکورتییەکەی یا ڕاستی پێچەوانەکەی سەلمێندراوە؟ ئەوە چۆن بە ڕاست دەگەڕێ؟ قورئان کە بە لای موسوڵمانەکانەوە کتێبی خوایە ناسخ و مەنسووخی تێدایە و بۆچوونەکانیش ئەوەندە لە بارەیانەوە جیاوازن تا وای لێ هات ئیسلام بە سەر دەیان مەزەبدا دابەش بێ و یەکتریش بە کافر نەزانن و بۆچوونی هەندێ لە فەیلەسووفەکانی لە بۆچوونی خەڵکانێکەوە نێزیک بووەوە کە پێیان وایە مادده کۆنترینە و چ ئاسمانەکانی موسوڵمانانیش بە سەر زەویدا دانەتەپین ئیتر زانستی ماتریالی چییەتی وا لە ناو خۆیدا نقوم دەبێ و دەرگا لە ڕووی هەر گۆڕان و لێکدانەوە و ڕاستکردنەوەیەکدا کلۆم دەکا؟ چۆن باوەڕ بە ڕاستییە ڕەهاکەی بکەین لە کاتێکدا بەڵگەی بەرپەرچدانەوە لە قسەی بەڕێزتانەوە دەبیستین کە نارێکی لەو بینای کۆمەڵایەتییەدا هەیە کە لە سەری هەڵچندراوە؟ بەڵگەی تری پێچەوانەی ئەوەش هەیە ئەوەش بوونی کۆمەڵگەی ئەوپەڕی ئاسوودە و تێروتەسەل دادپەروەر و شارستان هەیە کە لایەنی بەرانبەری ئەم زانستییە ماتریالییەن و باوەڕیش ناکەین ئەو کۆمەڵگانە توانیبێتیان ململانێی سەردەم بکەن ئەگەر لە چنگی ئەو فەلسەفانە ڕەها نەبووبن کە چارەسەری بنەڕەتییان لایە! لینین دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەڤی لە هەندێ نووسینیدا دەڵێ بۆرژوازی لە ئەنجامی قووڵی ڕەگیەوە و بە هۆی

ڕاهاتنی خەڵکەوە لە بونیادی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا بە شێوازی تازە لە کۆمەڵگەی شۆڕشدا دەردەکەوێتەوە و ئەرکمان ئەوەیە چاودێری بکەین و لەناوی بەرین.. لە ڕاستیدا، دەرکەوتنی ئەوەی پێی دەڵێن بۆرژوا ئەوەندەی بۆ هۆکاری سروشتی بەشەر و پێداویستییەکانی ژیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهاتن ناگەڕێتەوە چونکە مرۆ ئەگەر لە پێکهاتەیدا کەموکورتی نەبێ پێویستە ماڵێک و کەرەسەیەکی گواستنەوە و باخچەیەک و کەرەسەی ناوماڵی خۆش و پارەیەکی لە بانکدا بۆ منداڵەکانی یا بۆ پێداویستی تری ژیانی خۆی هەبێ و پێویستە میوەگوشێک یا کارگەیەکی جلدوورین یا ئاسنگەری هەبێ کە لە ژێردەستەیی بێگانە ڕەهای بکا. ئەو ئارەزووانە جێی شانازی مرۆڤن و کوشتنی دەبێتە قەسابخانە و کپکردنی دەبێتە جەردەیی سیاسی یا کۆمەڵایەتی یا شارستانەتی.

خاوەندارێتی زەوی بۆ وەرزێر گەورەترین کامڵبوونی کەسایەتییەتی و هەر وەرزێرێک ئەو ئارەزووی نەبێ دەبێتە ساختەکاری فەلاحەتی و دەسەلات بۆ ناو وەرزێرەکان پاڵی پێوە ناوە و سووربوون لە سەر سەپاندنی کێڵگە بە سەر وەرزێرەکانی سەردەمی ستالیندا جگە لە کوشتنی شانازیکردن بە خۆیەوە هیچی تر نەبوو تا بیکەنە ئامێرێکی گوێڕایەڵی ئارەزووەکانی دەسەلات. لەگەڵ وەرزێری وڵاتی خۆماندا ژیاوین و دیومانە جیاوازی لە نێوان شەرەفی و زەوییەکەیدا نەکردووە و هەردووکیانی بە لاوە یەک بووە و دیومانە ئەو زەوییەی بە لاوە ئازیزتر بووە کە لەگەڵیدا ڕاهاتووە لە زەوییەکی تازە کە نەیناسیوە و دیومانە سۆزێکی تایبەتی بۆ مەڕێک بووە کە لە ماڵی خۆی لەدایک بووە و من ئێستاش سۆزم بۆ جووجەڵەیەک زیاترە کە لە ماڵەکەی خۆم لە هێلکە دەرچووبێ. ئەوانە لە مرۆڤدا خەسڵەتی چاکە یا پێداویستی بەردەوامین و بۆ وەرزێر دەبێتە مایەی بەخۆنازین بە سووربوونەوە بەرگری لە وڵاتێک بکا کێڵگەیەکی تێدا هەبێ و بۆ خۆی بیکێڵێ و بۆ خۆی تۆوی بکا و دەبم بە هاوڵاتییەک کە لە نیشتمانپەروەریدا ڕەسەن بم و خۆشویستنم بۆ نیشتمان بە قەدەر ئەوەی بەشی خۆم لە خانوو و باخچە.. و شتی تردا زیاتر دەبێ.. جا بە قەدەر قەبارەی ئەوەی هەمە کەرامەتم لە یاساکانی نیشتمانمدا ڕەچاو کراوە. ئەگەر بڵێن هاوبەشیکردنی هاونیشتمانی لە خێروبێری نیشتیماندا لە ڕێی سۆسیالیزمەوە لە خاوەندارێتی، کە ململانێی لێ پەیدا دەبێ و چەوساندنەوەی لێ دەکەوێتەوە باشترە، دەڵێم و هەق و واقعیش لەگەڵمدا دەڵێن کە ئەو بۆچوونەی پێی وایە لە سەردەمی «گەلخێوی» (مەشاعییەت)دا پێویست بە خاوەندارێتی نامێنێ، ناڕاستییەکەی دیارە بەر لەوەی شارستانەتی ئەوەندە بەرەو پێش بڕوا هاوڵاتی لەزەتی خاوەندارێتی لە دەست بدا و ویژدانی دەستڕۆیشتوو و دەسەڵاتدار پاک بێتەوە لە بزواندنی خەڵکی وەک داشی دامە. لە بارودۆخی ئێستای ڕووسیا و عیراقی ئەمڕۆدا ئەگەرچی جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوانیان ئاستیاندا هەیە هەتا ئێستاش هاوڵاتی پێویستی بەوە هەیە هەست بکا پەنجەرەیەکی بە دیواری ماڵەکەیەوە هەیە وەک دانیشتوانی تر بەوە داناکەوێ لێیەوە بڕوانێتە شەقامەکە بەڵکو لەو مەتبەخەیشدا کە هەیەتی و بەکاری دێنێ پێویستی بە ئازادییەک هەیە کە لە کافەتیریای حیزبدا دەستی ناکەوێ. جیاوازی نێوان خاوەندارێتی و یەکسانی گشتی بۆ هەموان لە بەکارهێنانی حەمام و ئاودەستدا لەوە جیاوازە هەموو خەڵکەکە لە دارستانی شاخێکدا هاوبەش بن و تایبەتمەندی باخچەیەکی بچووک کە تاک سەرپەرشتی دەکا و بە کەیفی خۆی ئەندازەکاری تێدا دەکا. ئەگەر لە ڕووی یەکسانییەوە تەماشای خۆشیبینیی گشتی و تایبەتی بکەین زوو دەگەینە چالاککردنی ئەو تیۆرییانەی کە جیاوازی لە نێوان منداڵی خۆمان و منداڵی خەڵکانی وڵاتێک کە کێشەمان لەگەڵیدا هەیە ناهێڵن و تەنانەت بە نەختێ سۆفیگەرایی دەگەینە ئەوەی کە کەرامەت لەوەدا بێ منداڵی دوژمنی خۆمان لە منداڵی خۆمان خۆشتر بوێ. ئەگەر ئەم دەروێشایەتییە پەرە بسێنێ لە هەموو ماڵێکدا دایکان دەبینین کە بۆ خزمەتی منداڵی دایکانی تر هاتوون و خەڵکانێک کە باڵایان بە قەدەر یەک بێ جلی یەکتر لەبەر دەکەن و هیچ نابێ هەر یەکە و کاری ئەوی تر لە کۆمەڵگادا ئەنجام بدا، ئەی لە هاونیشتمانێتیدا یەکسان نین؟

ئەم قسە سەیروسەمەرەیەی کە من لە کۆتایی چلەکاندا لەو مارکسییانەم بیست کە باسی شتی وایان دەکرد و خۆشویستنی زۆری باوک بۆ منداڵەکەی بۆ خولقاندنی بۆرژوای چڕ دەگەڕاندەوە و منیش لە یەکێکیانم پرسی ئەی ئاخۆ خۆشویستنی چۆلەکە و سەگ بۆ بەچکەی خۆیان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ تۆ بڵێی بۆرژوا غەریزەی شێواندبن؟ بێدەنگ بوو!

گەورەم هەر یەکە لە ئێمە لە نوستن لە ناو پێخەفێکدا کە هی خۆی نەبێ و لەگەڵیدا ڕانەهاتبێ ئاسوودە نابێ ئیتر بۆچی سستەمێک بسەپێنین کە یەکسانی لە نێوان نوێنەکاندا دادەنێ و ئێمەش لەگەڵ یەکێکیاندا ڕاهاتووین کە زەرەری بۆ کەس نییە؟ ئەگەر حیکمەتێک لە یەکسانکردنی شتەکاندا هەیە و ئێمە تێیناگەین، بۆچی بۆ ڕۆژێک دوای نەخەین کە هۆشمان پێیدا بشکێ؟

کاتێ دەڵێم لە پیشاندانی بۆچوونی خۆمدا بە تاو و تینم، تەنها لە سووربوونمەوە نییە بۆ ئاسوودەیی هاونیشتیمانی سۆڤیەتی، تکا لە براگەورەی خۆم دەکەم لەگەڵمدا بە ئینساف بێ، چونکە ئەو گەلە لە قەبووڵکردنی شتگەلێک کە خۆشی ناوێن ئازاد بێ یا ئازاد نەبێ هەر لە بنەڕەتیشدا بە لایەوە کێشە نابێ من و کوردەکانی تری سەر زەوی برسی دەبین یا تێر، چونکە لە ماوەی حەفتا ساڵی سۆسیالیزمدا ڕاهاتووە شتێ قەبووڵ بکا کە پێی خۆش نییە، ئیتر چۆن گرنگی بە خەڵکی تر دەدا ئاخۆ دڵیان خۆشە یا ناخۆشە؟

هاوڕێی خۆشەویست و پایەدار، من لە شتگەلێکدا کە پەیوەندییان پێمەوە نییە مشەخۆری سەر تۆ نیم چونکە باوەڕم وایە سەرکەوتنت لە گۆڕینی فەلسەفەی دەسەڵات و ژیان لە وڵاتەکەتدا بۆ ئەوەی لەگەڵ سروشتدا یەک بێتەوە ئەوەش بە لەکۆڵکردنەوەی «گریمانە» (فرضیات) و پێشینەگەلێ کە هیچ خێری لە ڕووە داپۆشراوەکانیدا نەبووە و لە ڕووی سووربوونیشەوە سوودی نەبووە، سەرکەوتنت خۆی دەرگای هیوایە بۆ گۆڕانکاری واقعی تێکۆشان لە جیهانی سێیەمدا بە مەرجێک بەیانێکی ڕوون لە یەکێتی سۆڤیەتییەوە دەرچێ و ئەم مەترسییانە ڕیسوا بکا:

1. زیادەڕۆیی لە ئامانجدا.
2. باوەڕی لە ڕەگوڕیشە دەرهێنان لە لایەن دکتاتۆری پرۆلیتار و هەموو دیکتاتۆریەتێکەوە.
3. شێوازی پایە بە پایە لەناوبردنی هاوپەیمانان و دۆستان.

ئاشکرایە ئەم بنەمایانە لە ئەنجامدا ئاڕاستەی خەبات بەرەو دژایەتیکردنی دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێیەم لە هەر کوێ بن، دەبەن.

کەمکردنەوەی مەترسی «تناقض – ناکۆکی» لە پەرەسەندندا بۆ ئەو ئاستەی شایستەیەتی، ئاسانکاری لە جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەدا دەکا، چونکە کاراکردنی ناکۆکی بە شێوەیەکی یەکجار بەرفرەوان لە دوو ڕووەوە لە کارکردندا یەکانگیر بوو: لە ڕوویەکەوە، هۆکاری ناتەبایی بەوە گرنگی پێ درا کە کرایە مەترسییەکی مێژوویی کاتێ ناکۆکی کرا بە کەرەسەی (حەتمی – بێچەندوچۆن) بۆ یەکلاکردنەوەی چینایەتی. ڕووی دووەمیش ڕووی پێچەوانەی یەکەمە و هەر لەویشەوە سەرچاوە دەگرێ ئەویش سووککردنی هەوڵی ڕێککەوتن و چارەسەرکردنی ناتەباییە چونکە ئەمەیان ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ناکۆکییە.

نازانین ئاخۆ لە ڕووی ساکارییەوە بوو یا لە ڕووی زیرەکییەکی لە ڕادەبەدەرەوە، کە ناکۆکی خێوەتی خۆی لە سەر ڕووبەرێکی بەرفرەوانی کۆمەڵایەتی و سروشت، لە دەرەوەی واتای ڕاستەقینەی خۆی هەڵدا و
ئاسانکارییەکی زۆر لە ناونانی زۆربەی ناتەباییەکان یا جیاوازی بەرژەوەندی بەوە کرا کە بە جۆرەکانی ناکۆکی ناو

ببرێن و زاراوەی «تناقضات المجتمع – ناکۆکیی کۆمەڵایەتی» بە فرەوانی و زیادەڕۆییەوە بڵاو بووەوە تا هەموو ئاڵوویرێکی نێوان فرۆشیار و کڕیاری گرتەوە ئەگەر هەر جۆرە موعامەلەیەکی لە سەر بووبێ و خەڵکیش پێش تەشەنەکردنی زاراوەی ناکۆکی، کاتێ لە دیاریکردنی کرێ یا نرخی کەرەسەیەکدا ڕێکنەکەوتبان، بیریان لە گەزگرتن و مشتوەشاندن یا کشانەوە لە ئاڵوویر نەدەکردەوە. کار گەیشتە ئەوەی ئەگەر کرێکارەی کاری ڕۆژانە کارەکەی بە دڵسۆزانە ئەنجام دابا یا بۆ خزمەتێ سوپاسی خاوەن کارەکەی کردبا بە خائینی چینەکەی خۆی تاوانبار دەکرا. سڵاوکردنی نێوان کرێکار و خەڵکی چینەکانی تر لە سەردەمی هەڵچووندا بە کوفر و ئیلحادی چینایەتی و گوێنەدان بە ڕێنماییەکانی هاوڕێ ستالین و درێژکردنی تەمەنی چەوسێنەران و خوێنمژان دادەندرا. هەتا ئێستاش ئەو دێوە جادووییەی کە ناوی ناکۆکییە، لە بیرە شۆڕشگێڕییەکاندا پلەوپایەی بەرزی هەیە!

هاوڕێی گەورەم! نیازم نییە بچمە ناو دەمەتەقێی دروشمەکانی چەپی شۆڕشگێڕەوە و ڕای خۆم لەم دەمودووە یەکلایەنەدا بسەپێنم بەڵام لەگەڵ هەبوونی باوەڕ و بیرۆکەی وادا چ دەکرێ بە پیرۆز و بە بەرنامە کرابن لە ڕاستیشدا ژەهر و بەربەست و ناڕاستن چونکە ناکۆکی نە بزوێنەری مێژووە و نە بزوێنەری فیزیایە و لە هەر جێیەک دامەزرابێ بووە بە ماڵوێرانکەر کە دەبێ بەرەو بەرەکەتی تەبایی خۆمانی لێ بپارێزین و با هاوڕێی بەڕێز باوەڕ بێنێ داهێنان بە مەبەستی لێکتێگەیشتن لە لایەن خاوەنکارەوە دەکرێ ئەگەر دەسەڵات خۆی خاوەنی کرێکاران نەبێ و بە دەگمەنیش لە ناوەڕاستی ڕێگەدا پێکگەیشتن دەبێ بەڵام بێهیوایی کاتێ دەبێ کە ناکۆکی بکەوێتە نێوان کۆی بەکاربەرانەوە، بە کرێکار و کاسبکار و بازرگان و دەرۆزەکەر و فەرمانبەرانەوە و شۆڕشگێڕ نازانێ چۆن ناکۆکی بکاتە لەولەبێ مێژوو لە کاتێکدا سەرمایەدار و کرێکار لە یەک بەرەدا بن. بە هەرحاڵ جیاوازی لە کاتی ئاوهاشدا نابێتە ناکۆکی چونکە نەمانی لایەکی ناتەبا نابێتە هۆکار بۆ بەرژەوەندی لایەکەی تر چونکە ناکۆکی ڕاستەقینە جۆرە ململانێیەکە کردیانە هۆکار و بیانوو بۆ نەهێشتنی ڕۆڵی خاوەن کارگەکە و خوێنمژینی هونەرکاران و خەڵکی تر کە ماسولکە بەکار ناهێنن. جگە لەوەش، نەیانپرسی بۆچی وەڵامی ئەو پرسیارەشیان نەدایەوە کە لە زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هاوکاری لە نێوان خاوەن کار و کرێکاراندا ماوەتەوە و زۆر لە هەر وڵاتێک پێشکەوتووترن کە تیایاندا ناکۆکی کراوەتە بیانووی لەناوبردن. ئەگەر ناتەبایی بەرژەوەندی کە چەپەکان بە ناکۆکی ناوی دەبەن لە ڕاستیدا ناکۆکی و بۆگەنبوون بوایە ئیمکان نەدەبوو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی وەک ئەوەی بە درێژایی سەردەم هەبووە ببێ و وەک چۆن هاوژیانی مرۆڤ لەگەڵ سەگدا سەری گرت و لەگەڵ گورگدا لە پێناوی بەردەوامی ناکۆکیدا سەری نەگرت چونکە گورگ غەریزەی دڕندەیی هەیە، بە هەمان شێوە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان لە گوند و لە شاردا سەری گرت چونکە ناکۆکییەکی وا نەبوو ببێتە هۆکار بۆ سەرنەگرتنی پێکەوەژیانیان یەکلاکەرەوەیە کە لایەکی ناتەباییەکە بەردەوام دەبێ و لایەکەی تر لادەکەوێ وەک ناتەبایی دوو لەشکر کە لە شەڕدا بن و وەک ناتەبایی نەخۆش و میکرۆبی سیل یا نێوان قافڵە و جەردە. مارکسییەکان کە وایان دانا جیاوازی بەرژەوەندی لە نێوان پرۆلیتار و خاوەنکاردا ناکۆکییە و هۆکارێکی یەکلاییکەرەوەیان داهێنا بۆ لە ڕەگەوە هەڵکێشانی چینەکان و ئەوەندەش خۆیان ماندوو نەکرد تا بزانن کارگە چۆن بە هەوڵی تاکەکان دروست دەبێ و چۆن کەسێک ماوەی دە ساڵ یا زیاتر خۆی ماندوو دەکا تا کارگەیەک عەتر دروست دەکا و کرێکاری تێدا، بە مافی جێگیر و دڵنیاییەوە کە یاسا پشتگیریان دەکا دادەمەزرێنێ و ئەوجا «استغلال – ڕەنجخۆری»[5]یان لە کرێگرتەییدا دۆزییەوە و تا ئەوەی پێکەوەژیانی وەرزێر و دەرەبەگ (یا خاوەن زەوی) هەزاران ساڵ بەردەوام بوو چونکە جیاوازی نێوانیان، بارودۆخی کۆیلایەتی لێ دەرچێ، نەگەیشتە ئاستی ناکۆکی. وا نەبوایە بەردەوامی مەحاڵ دەبوو چونکە دوو دژبەیەکی هاوسا و تێکەڵ ئارام نابن و ئەگەر

[5] وەک زانیومە «استغلال»، جگە لەو ڕەنجخۆرییە، بە کرمانجی «هاڤلاندن»یشی پێ دەگوترێ. وەرگێڕ.

مشکێک و پشیلەیەک بخەیتە قەفەزێکەوە ناکۆکی نێوانیان دەبێتە هۆکار بۆ نەمانی یەکێکیان. ئەگەر پڵنگێک و شێرێکیش بە لای یەکەوە دانێیت یەکێکیان ئەوی تریان دەکوژێ یا ئەگەر ئاگر و ئاو پێک بگەن یا ئاگرەکە دەکوژێتەوە یا ئاوەکە دەبێتە هەڵم. پێکەوەژیانی خەڵکی بە بێ هەڵچوون بە هەموو شێوەکانییەوە بەڵگەی نەبوونی ناکۆکییە ئەگەرچی جۆرەها جیاوازی بەرژەوەندیش لە ئارادا بووبن. نموونەی پشیلە و مشکەکە لەم باسەدا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی واتای ناکۆکی و پشتگوێخستنی چەپ بوو لە جیاوازی نێوان «جیاوازی» و «ناکۆکی»دا.

وا بوو کە پەرەسەندنی بیرۆکەی ناکۆکی لە جیهانی دواکەوتووی ئێمەدا دوای دووەم جەنگ، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بوو کە بە دوو مانگ یا کەمتر مەزندە دەکرێ و لە کاتێکدا سەرجەمی جومگە کۆمەڵایەتییەکان هیچ گۆڕانکارییەکیان بە سەردا نەهاتبوو تا کەسێ واهیمە بیگرێ گوایە واقیعە نوێیەکە جیاوازییەکانی تا ئاستی ناکۆکی تیژ کردووە. ئاڕاستەی ئەوانەی باسی ناکۆکییان دەکرد بە زەروورەت بەرەو تیژکردنی جیاوازی چینایەتی و پاڵنانی گێلانە بوو بەرەو وێرانکاری و دژی ئامانجی نیشتیمانی و بەرژەوەندی گەورەی نەتەوەیی کە پێویستی بە یەکخستنی هەوڵەکان بوو بە تایبەتی لە مەیدانی خەباتی کورددا کە ئەرکی نیشتیمان جووتێ بوون: خەباتی سیاسی بۆ سەرجەمی عیراق لە دژی دەسەڵات و خەباتی نەتەوەیی بۆ دەستبەرکردنی داننانی ڕەسمی بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا و هەردوو خەباتەکەش بە تەواوەتی لەگەڵ شەڕی چینایەتیدا نەیار بوون. زاڵبوونی ناکۆکی بە سەر هۆشی مرۆڤی جیهانی سێیەمدا لە بیری هۆسەکەرانی بردەوە پێشتر چییان لە بارەی ناکۆکی گەورە و ناکۆکی بچووک دەگوتەوە و تەنانەت ئەو نەتەوەییە کوردانەی کە مارکسیزم چووبووە خەیاڵیانەوە، لە بەرانبەر کۆمۆنستەکاندا زیادەڕۆییان لە بواری جیاوازی چینایەتی کۆمەڵگەی کورددا دەکرد. کوردی نەتەوەیی، بۆ ڕەوایەتیدان بە تێکۆشانی نەتەوەیی خۆی، دەستەواژەی لە گوتەکانی مارکس و لینین و ستالین هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی و کۆمۆنستەکانی عیراقیش لە کارەکەی ڕازی بکا و دەتگوت کارێکی گوماناوی بە دەستەوەیە و پێویستی بە پاکانە هەیە. تێکۆشەرانی چەپ لە وڵاتی ئێمەدا پەنجا ساڵی بزووتنەوەی نیشتیمانییان بە ئاڕاستەیەکدا برد کە بە مەحاڵ دەچوو ئەوەش لە ڕێی بەستنەوەی نیشتمانپەروەری بە چینایەتی مارکسییەوە و مەبەستیشیان زاڵکردنی چینایەتی بوو بۆ تێکەڵکردنی هەموو تێکۆشانەکە لە ئومەمییەتدا ئەوجا بەرە لە ژێر پێی دیموکراتخوازە ڕاستەقینەکان دەربێ و لە خەباتیاندا بۆ دیموکراتی لە سەر هیچ زەمینێکی پتەو ئارام نەگرن. دەستکەوتەکانی پرۆلیتاریاش لە بارودۆخی ئەو دەمەی عیراقدا بە بێ شێوازی یاسایی دانپێدانراو لە دادگا و دەسەڵاتی یاسایی پشتئەستوور بە یاسا نەبوایە بەجێنەدەهاتن. عەقڵ نەیدەبڕی بە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاشکرای دەسەڵات پرۆلیتار بتوانێ تاکە یەک مافی خۆی بە دەست بێنێ مەگەر لە ئەنجامی هەوڵی بەدەست هێنانی دەسەڵاتەوە بووبێ لە لایەن کۆمۆنستەکانەوە. بەو شێوەیە ئەوەندەی خەباتی سیاسی پەیوەندی بە خەباتی چینایەتییەوە بووبێ بە ناو بازنەیەکی داخراودا سووڕاینەوە.

گەورەم! دابڕاندنی پرۆلیتاریا لە کۆی گەل بە هۆی باوەڕهێنانەوە بە هەبوونی ناکۆکی ڕیشەیی لە نێوان بەرژەوەندی چینەکان و باوەڕهێنان بە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە بە شێوەی ڕیشەیی ڕەگهەڵکێشان، بڕیاری مەحاڵبوونی دیموکراتییە لە جیهانی سێیەمدا چونکە ئەگەر وا دابنێین ئەو هێزە دیموکراتییانەی باوەڕیان بە زۆرینە و ململانێی ئاشتیانە هەیە پلانی خۆیان بە پتەوی داڕشتووە و خۆیان بۆ ناچارکردنی دەسەڵات ڕێکخستووە تا هەڵبژاردنی ئازادانە ئەنجام بدا، ئەو لایەنەی باوەڕی بە دابڕاندنی پرۆلیتار هەیە لە کۆی گەل لە سەر شێوەی پێشتری خۆی بۆ چارەسەی ڕیشەیی بەردەوام بێ، لە بەردەم هێزە دیموکراتییەکاندا، جگە لە دوو ڕێگا هیچی تر نامێنێ: یا دەبێ بۆ خۆلادان لە پێکدادان لەگەڵ مارکسییەکاندا دەست لە سیاسەت هەڵگرێ، یا دەبێ بەرانبەریان لێ بگرێ و بۆ پەیامی دیموکراتییانەی خۆی بەوەفا بێ. بارودۆخەکە ئاوها بەردەوام دەبێ تا یەکێ لەو دوو بژارە ئەنجام دەدرێ و یا مارکسییەکان بە هۆی بەردەوامی نووچدان و کرژبوونەوە تەفروتونا

دەبن یا کۆمۆنستەکان دەگەنە دەسەڵات. لێرەدا کێشەیەکی گەورە دەردەکەوێ کە لە ڕووی تیۆرییەوە تێیدەگەین ئەوەش چارەسەری سەپێندراوە و لە واقیعدا، لەو وڵاتانەوە تێیدەگەین کە سۆسیاسیزمیان بە زەبری قامچی سەپاندووە و لەو تەنگوچەڵەمە ئاشکرایانەی وڵاتەکەت کە دوای حەفتا ساڵی سۆسیالیزمی لە باڵاوە بەرەو خوار بەو هەموو توانایەی جیهانەکەتانەوە دابەزیوە و ڕوون بۆتەوە، ڕوونتر تێیدەگەین و پێشەکی دەزانین دەسەڵاتی «چارەسەری ڕیشەیی چینایەتی» لە هەر یەکێ لەو وڵاتە دواکەوتوانەدا بێتە کایەوە، بە گسکدانی هەموو شتێکی سەر بە دوارۆژ، جا بۆچوون بێ یا هەڵویست بێ یا بەرژەوەندی، مانەوەی خۆی مسۆگەر دەکا ئەگەر بە کەمکردنەوەی دانیشتوانی وڵاتیش بێ بۆ چواریەکی ژمارەی خۆی و ئەوجا مێژوو لەو وڵاتەدا لە سەردەمی ستالیندا ڕادەگرێ و لە دواکەوتوویی خۆی و دواکەوتوویی ئەو کەشوهەوایەی حوکمڕانی تێدا دەکا توانای تێگەیشتنی لەگەڵ کۆنترین شێوازی بەڕێوەبردن و بەرهەمهێناندا زیاتر دەبێ و دیواری بەرلین بە پیرۆز دەزانێ و ڕقی لە گورباشۆڤ یا شوێنگرەوەکەی و هەموو مرۆڤێک دەبێ گومانی لە ڕاستی ئەو دروشمانە بێ کە سەدەونیوێک پێش ئێستا لە بەیانی شیوعیدا هاتوون. جا گەورەم کێشەکە بە قەبارەی ئێستایەوە گەورەیە و بە قەبارەی مەزەندەش سەرسوڕهێنەرە و دیدی مرۆ نایسمێ.

هاوڕێی گەورەم: هەر ڕەخنەیەکی لەم پەیامەدا ئاڕاستەی دکتاتۆرییەتی چینی کرێکار کراوە، لە هەمان کاتدا ڕەخنەیە لە لۆژیکی دیکتاتۆریانە. کە لە پلەی یەکەمیشدا قسە ئاڕاستەی مارکسیزم دەکەم لەبەر ئەوەیە کلیلی دەمەتەقێ هەڵوێستی تۆیە بەرانبەر ئەو بارودۆخەی وڵاتەکەتی پێ گەیشتووە. لە دەرگای سیاسەتی دەرەوەتانم نەداوە کە لە سەردەمی ئێوەدا زۆر پێشکەوتووە چونکە ئەوە مەوادایەکی تری هەیە. دەستم لە درێژەی قسان لە بارەی سەرنەکەوتن و سەرکەوتنی هەردوو ئۆردووەکە بەرداوە و نەچوومەتە ناو باسی سەرنەکەوتن و سەرکەوتن لێرە و لەوێ، چونکە ئەوە لە سەرەوەی توانای بەردەستمە. وازم لە باسکردنی هۆکاری سەرکەوتنی شۆڕشی سۆڤیەتیش هێناوە چونکە ئەوەی سەرکەوتنە هەر بە بێ پاڵاوتن و بیانوو، بە لای من و غەیری منەوە دەمێنێ.

هاوڕێی گەورەم! لەوەی گوتم زیاتر درێژە بە قسان نادەم و کورتییەکەشی ئەوەیە چارەسەری نەخۆشی ئەوە نییە بە پەراوێزەوە سەرقاڵ بین و بە لای بنەماکاندا نەچین کە بەڵگەنەویستە بناغەییەکانی پێویستییان بە پێداچوونەوە هەیە و سۆڤیەت لە کاتی پێکهاتنییەوە پەیڕەویان دەکا. باشترین پێوانەش بۆ ئاشکراکردنی شێوازی هەڵە و ڕاست ڕوانینی بێلایەنانە و بابەتیانەی ئەو ڕێیانەیە کە لایەنە سەرکەوتووەکانی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان گرتوویانەتە بەر کە هەمان ئەو سستەمانەن کە بە بۆرژوا ناوبراون و ئەوە کلیلی زانینی ئەو هەڵانەیە کە لە لایەنە ناسەرکەوتووەکانی ئێوە گیراونەتە بەر و پێوست بەوەش ناکا ترسی ئەوە هەبێ بیرۆکەی وا دزە بکاتە ناوتانەوە کە لەگەڵ ئینجلی مارکسدا یەکناگرێتەوە و مەبەست لە هەوڵدانی ڕاستکردنەوە نەمربوونی ئەو تیۆرییانە نییە کە هەڵەیان لێ کەوتوونەتەوە: پێویستە بە جۆرێ لەگەڵ مرۆڤی خاوەن تیۆریدا بکەیت کە مرۆڤن و ڕێی هەڵەکردنیان هەیە. لە زۆر هەڵکەوتدا گوتوومە لە زیاتر لە یەک جێ نووسیومە ئاواتەخواز بووم لینین دە ساڵ زیاتر لە تەمەنی خۆی ژیابا و ماو دە ساڵ کەمتر لە تەمەنی خۆی ژیابا ئەوجا لینین دەبووە واقعییەک و ئەگەرچی زیاد باوەڕیشی بە خۆی و هەڵوێستی خۆی بوو، دەیتوانی خۆی ڕاست بکردبایەتەوە بەڵام مردن ڕێی نەدا بیانووی ئەوانە ببینێ کە لەگەڵیدا نەبوون. ئەگەر وای دانێین بۆچوونەکانی ساڵانی بیستی لینین لە سییەکاندا بە خۆی بڵێینەوە هەندێ لەو قسانەی خۆی دەگۆڕی کە نەهاتوونەتە دی. «ماو»یش لە هەموو سەردەمەکانی ژیانیدا هەتا تەمەن چاوی کز نەکردبوو نموونەی واقیعبینی بوو و لە ڕێی کتێبی Red star over China وە کە ئێدگار سنۆ ساڵی ١٩٣٦ نووسیویەتی و دواتر لە ڕێی گوتەکانی خۆیەوە لە سەرەتای گەیشتنی پارتی کۆمۆنستی چینی بە دەسەڵات بە باشی ناسیبووم و دوایی وەک ئەوەی بە خۆی سەرسام بووبێ، کەوتە نووچدان. بە تەنها شو ئان لای وەک پیاوی ڕاستەقینەی دەوڵەت مایەوە و بە داخەوە بۆ مردنە زووەکەی. گەورەم ئەمڕۆ تۆ

جێگرەوەی چاکی هەموو ئەوانەی پێشت کەوتن و جێی هیوای سەرجەمی چەپی جیهان لەو هەڵانە بپارێزیت کە ئەوانەی پێش تۆ ئەنجامیان دا. ئەگەرچی پێم خۆش نییە بە داوای شتی مەحاڵ خۆت بخەیتە باری مەترسیدارەوە چونکە جێگەت بە هیچ پڕ نابێتەوە بەڵام دەزانم کات لە بەردەمتدا کورتە و دوور نییە ئەمەریکا لە ترسی ئەوەی وزەی بەرهەمهێنی مرۆڤی سۆڤیەتی بتەقێتەوە چالاکی خۆی بنوێنێ و بۆ دانانی بەربەست لە بەردەمتدا وەخۆ کەوێ و لە ناو وڵاتەکەتدا پشتگیری نەیارانت بکا. جگە لەوەش تەقینەوەی کارێکی گەورەی وەک کارەکەی تۆ گەرموگوڕی و چالاکییەکەی لە سەرەتاوە دەستپێکردنەوە دەبێ و ڕەنگە درێژەکێشان ببێتە هۆکاری خاوبوونەوە و بێزاری لایەنگرانی و هیوابڕاوی کاریگرییەکی ترسناکی لە سەر چالاکی چاکەخوازی دەبێ.

ئاواتەخواز بووم لە بارودۆخێکدا ئەم نامەیەت ئاڕاستە بکەم کۆمۆنستی ناوچەکە لەگەڵ حکوومەتی بەعس تەبا بوایەن بۆ ئەوەی پێش بە لێکدانەوەیەک بگیرێ قسەکانم بۆ خۆشحاڵی یا قۆستنەوەی دەرفەت و قسەی بۆشی لەو بابەتانە بگێڕنەوە، من پێشتریش باوەڕی خۆم بۆ ڕای گشتی لە سەر ناوەڕۆکی ئەم نامەیە لە کاتێکدا ئاشکرا کردووە کە پارتی کۆمۆنستی عیراقی لەگەڵ حیزبی بەعسدا، لە زۆربەیساڵانی حەفتاکاندا هاوبەشی دەسەڵات بوو و چ ئەوەی لێرەدا گوتوومە یا ئەوەی پێشتر گوتوومە جگە لە ڕاستگۆییەکی باوەڕم پێی بووە و چاکەخوازییەکی مەبەستمە هیچی تر نەبووە. چاویش گەر دیدی خۆی نەشێوێنێ ڕاستییەکان وەک هەن دەبینن.

لە دەربڕینیی بۆچوونمدا لە سەر ئەم لاپەڕانە و لاپەڕەی تری بۆنەکانی تردا تەنها تەعبیرم لە خۆم کردووە چونکە پەیوەندیم بە کەسەوە و بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی سەر زەوییەوە نییە و دەرگام بۆ هاتنە ژوورەوەی قسەی ڕاشکاوانە ڕەهابوون بوو لە هەموو پەیوەندییەکی کاریگەری نەرێنی لە سەر بۆچوون بۆ ئەوەی بە شێوەیەک بێ جێی شانازی خاوەنی بێ.

لە کۆتاییدا ڕێزی زۆرم بۆ پایەداریتان هاوشانی ئاواتی دڵسۆزانە و خۆزگەی ڕاستگۆیانە بۆ سەرکەوتنتان دوعای خێریش کە لە باوباپیرانمانەوە بە زنجیرە پێمان گەیشتووە بۆ ئەوەی لە چاو و زمانی بەد بەدوور بن و چۆن دیارییەکی دێرین قەبووڵ دەکەیت، ئاوها لە مرۆڤێکی نەناسراوی سەر ئەم دنیا بەرینەی قەبووڵ بکە.

بەغدا ١٩٨٨/٨/١١